
# کەسایەتیی مستەفا بارزانی لە هزری رووناکبیرانی شاری سلێمانیدا

ئەم ناونیشانەی سەرەوە خستنەرووی کەسایەتییەکی مەزن و کاریزماو سەرکردەوە پێشەوای رۆحی و نەتەوەیی و نیشتمانیی نەتەوەیەکە لە سەدەی بیستەمدا ئەویش مستەفا بارزانیی نەمرە، ئەم کتێبە کە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە، بەرهەمی ماندووبوون و کۆششێکی بێ وچانی رۆژنامەنووس و نووسەر زانیار سەردار قرگەییە، کتێبەکە پانۆرامایەکی سەرکەوتووی دیدارو چاوپێکەوتنی نووسەرە لەگەڵ سیاسەتوانان و مێژوونووسان و پرۆفیسۆرو مامۆستایانی زانکۆو هونەرمەندو ئەدیب و نووسەران و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، وێرای هەندێ وێنەو نامەی بارزانی و نەوەکانی بۆ کەسایەتییەکانی سلێمانی و بەپێچەوانەوە، هەروەها چەندین شیعری دەگمەن و دانسقەی لەخۆگرتووە کە بریتین لە(٩٥) هۆنراوەی(٨٥) شاعیری ناسراوی شاری سلێمانی، قرگەیی لە ماوەی هەشت ساڵدا توانیویەتی بە پچڕپچڕ سەبارەت بە لاپەرە پرشنگدارەکانی ئەو سەردەمانە بەرهەمێك گەڵاڵە بکات و چەندین بەشی لە(رۆژنامەی خەبات و گۆڤاری گوڵان و گۆڤاری دەنگی پێشمەرگەو رۆژنامەی باس)دا بە زنجیرە لێ بڵاوبکاتەوە.

نووسەر لە سەرەتادا ئاماژە بەوە دەکات کە لە کۆتایی ساڵانی سییەکاندا خانەوادەو کەسانێکی شۆڕشگێڕی وەك بارزانی و بارزانییەکان لەسەر هەڵوێستی کوردپەروەری و خەباتگێڕی و تێکۆشان، ئاوارەو دەربەردەری شاران کراون و لەو نێوەندەشدا ماوەیەك لە شاری سلێمانی گیرسێنراونەتەوەو چەند ساڵێك لە گەڕەکەکانی ئەم شارە نیشتەجێ کراون و لەگەڵ کەسایەتی و خانەوادە کوردپەروەرەکاندا تێکەڵییان هەبووە.

شاری سلێمانی هەروەك نووسەر جەختی لێ دەکاتەوە هەمیشە بەچاوی رێزو خۆشەویستی و بەخشندەییەوە لە بارزانییەکانیان روانیون و هاوکارییان کردوون، چونکە دەیانزانی کە بارزانی و بارزانییەکان سووتەمەنیی ناو شۆڕش و کوردایەتین، دواتر دێتە سەر ئەو رۆژەی کە دەکاتە ١١ی حوزرویرانی **١٩٤٣** کاتێ مستەفا بارزانی بە یارمەتی و کارئاسانیی کۆمەڵەی هیواو کەسایەتیی ناسراوی شار(شێخ لەتیف شێخ مەحموود حەفید) و یاوەرانی،(مستەفا بارزانی )یان لە سلێمانییەوە بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێشەوە بەرەو دەڤەری بارزان دەربازکردووە، تا لەوێ یەکەم چەخماخەی شۆڕشی دووەمی بارزان لێ بدات و شۆڕش و راپەڕین بەرپابکات.

زنجیرە بابەتەکانی ئەم کتێبە بە پێی مێژوو و رێکەوت و رووداوە گرنگەکان پۆلێنکراوە، سەرەتا دەربارەی راگواستنی بارزانییەکان بۆ شاری سلێمانی و ژیانی بارزانی لەو شارەو چۆنییەتی دەربازبوونی لە سلێمانییەوە بۆ دەڤەری بارزان، یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە کتێبەکەدا بە شانازییەوە ئاماژەی پێکراوە کە رۆژی **٣٠-١٠-**




١٩٥٨ بـوو کـە ڕۆژێکـی شـکۆداره لـه مێـژووی شـاری هەڵـمەت و قوربانـی ئەویـش سـەردانی مسـتەفا بارزانییـە بـۆ ئـەو شـارە دوای ماوەیـەك لـە گەڕانـەوەی بـۆ وڵات لـە یەکێتیـی سـۆڤییەتەوە، لەگـەڵ گەیشـتنی بـۆ ئـەم شـارە لەلایـەن جەمـاوەری شـارەوە لـە گـەورەو بچووك و ئافرەتان و قوتابیان و ئەدیبان و ڕۆشنبیران و تێکۆشـەران و کەسـایەتییە ناسـراوەکانی شـار بەگەرمـی پێشـوازییەکی گـەورەو شایسـتەی لێکرا، لـەم شـارەدا سـەردانی چەندیـن خانـەوادەو مـەزاری کاك ئەحمـەدی شـێخ و شـێخ مەحمـوودی نەمـر و بینـای پارێزگاری ئـەو سەردەمە(موتەسـەریفییەت)ی کـردوەو جەماوەریـش لـەو شـوێنە بـە دەم هوتـاف و شـاعیرانیش بـە شـیعرخوێندنەوە ئاپۆراکەیـان بەجـۆش و خـرۆش کـردووە.

ئـەم کۆبەرهەمـە لەئێسـتادا دەتوانیـن بڵێیـن پانۆرامایەکـی گشـتیی ژیـان و بەرخودانـی ئـەو سـەرکردە نەتەوەیـی و ڕۆحییـەی کوردە(مسـتەفا بارزانی )یـە لـە دیـدو بۆچوون و هزری ڕووناکبیرانی شـاری سـلێمانی، کـە بـەم شـێوەو سـتایلە ئەدەبی هونەرییـەو بـەو زمانـە پاراوەوە لەلایـەن ئـەم نووسـەرە چاپکـراوە.

لـە کۆتاییـدا دەبـێ بگوترێـت کـە کتێبی(کەسـایەتیی مسـتەفا بارزانـی لـە هـزری ڕووناکبیرانـی شـاری سـلێمانیدا) لـە توێـی (٨٩٦) لاپـەڕەی قەبـارە گەورەدایـە و سـەرچاوەو ئەرشیفێکی گرنگ و دانسقەیە، گۆڤاری(گوڵان) پیرۆزبایـی لـە نووسـەرو ڕۆژنامەنـووس زانیـار سـەردار قرگەیـی دەکات و هیـوادارە لـە نووسـین بـەردەوام بێت و کتێبەکـەش کەلێنێکی گـەورەی لـە کتێبخانـەی کوردیـدا پڕکردبێتـەوە.

# تەنگژەی دیموکراسی

## ئەگەر هێزە گەورەکان ڕەوتی خۆیان نەگۆڕن دیموکراسی لە جیهاندا پاشەکشەدەکات

**بەشی سێیەم**


لە ڕۆژگاری ئێستادا، ئەگەر گوڕوتینێك هەبێت لە نێو سیستمی نێودەوڵەتیدا، ئەوا لە سیستمە مەزنە تاکڕەوەییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، وەك چین و ڕووسیا، یا لەو کەسانەی کە هەوڵی بەدەستهێنان حوکمڕانی دەدەن لە پێناو هێنانەدی خەونی خەلافەتی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کە سەرەڕای هەموو کێشە و لاوازییە زۆرەکانیان، هێشتا ئەم سیستمە تاکڕەوی و تۆتالیتارییە ئایینییە خاوەن تمووحانە بەرەوپێش دەچن لە کاتێکدا دیموکراسیەتەکان پاشەکشە دەکەن، ئەمەش لە کاتێکدا کە دیموکراسیەتەکان کارلێك دەکەن لەگەڵ یەکدا و زیاتر و زیاتر هەست دەکەن ڕووبەڕووی کۆت و بەند دەبنەوە.

**ڕۆژگاری دوای جەنگی یەکەمی جیهانی نەک هەر تەنیا ئەوەی پیشاندا کە دەکرێت دەستکەوتە دیموکراسیەکان پێچەوانە بکرێنەوە، بەڵکو ئەوەی دەرخست کە هەمیشە دیموکراسی پێویستی بە سەرکەوتن نییە تەنانەت لە بواری ململانێکردنی ئایدۆلۆژیاکانیشدا. لەبەر ئەوەی نەک هەر سیستمە دیموکراسیەکان کەوتن، بەڵکو بیرۆکەی دیموکراسیش میسداقیەتی لەدەستدا**

کەواتە نابێت جێی سەرسوڕمان بێت کە یەکێك لە کاریگەرییە لاوەکییەکانی ئەم هەلومەرجە بریتییە لە دیموکراسی و لە هەندێ حاڵەتدا داڕووخانی دیموکراسی لەو شوێنانە کە دیموکراسی زۆر لاواز و نوێ بووە. بۆی هەیە ئاڵوگۆڕە جیۆپۆلەتیکیەکانی نێو هێزە مەزنەکان، کە زۆربەی جار، نەك هەمیشە، دەرئەنجامی شەڕەکانن، کاریگەری هەبێت لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی دەوڵەتە بچووك و لاوازەکانی جیهان، پێشتریش ڕەوتە دیموکراسییەکان دوچاری ڕاوەستان و پاشەکشە بوونەتەوە.

تێڕوانین لە ساڵانی نێوان هەردوو جەنگەکە، بە تایبەتی ساڵی ١٩٢٠، کاتێك ژمارەی وڵاتە دیموکراسییەکان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی زیاتر بوون، کەسانی هاوچەرخی وەك مێژوونوسی بەریتانی جەیمس بریس باوەڕی وابوو کە ئەوان شایەتحاڵی ڕەوتێکی سروشتین بەهۆی یاسای گشتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دیموکراسیەتە نوێیەکان لە ئەستۆنیا و لاتڤیا و لیتوانیا و پۆلەندا داکشان. هێزە مەزنە دیموکراسییەکانی ئەورووپا، فەڕەنسا و بەریتانیا، دوچاری کاریگەرییە کاولکارییەکانی شەڕ بوونەوە، لە کاتێکدا کە هێزە دیموکراتییە تەندروست و دەوڵەمەندەکە (ئەمریکا) بەرەو ئەمانی کەنارە دوورەکانی خۆی پاشەکشەی کرد، ئەم بۆشاییەش بووە هۆی هەڵکشانی مۆسۆلۆنی بەرەو دەسەڵات لە ساڵی ١٩٢٢، و داڕووخانی کۆماری فایماری ئەڵمانی، و سەرکەوتنی فاشیەتی ئەورووپی لەسەر ئاستێکی بەربڵاو. لە ساڵی ١٩٣٦دا، دیموکراسییەتی یۆنانی داڕووخا. لە هەمان ساڵدا دیموکراسیەتی ئیسپانی لەسەر دەستی فرانکۆ کەوت. کودەتا سەربازییەکانی حکومەتە دیموکراتییەکانیان لە پورتوگال و بەڕازیل و ئۆرۆگوای و ئەرجەنتین ڕووخاند، دیموکراسییەتی لەرزۆکی یابان خۆی ڕادەستی حوکمڕانیی سەربازی کرد و دواتر شێوەیەك لە شێوەکانی فاشیەتی وەرگرت.

لە سێ کیشوەردا، دیموکراسیەتە لەرزۆکەکان ڕێگایان خۆشکرد بۆ هێزە سەرکوتکارییەکان کە خاڵە لاوازەکانی دیموکراسی ئیستیغلال دەکەن، لە کاتێکدا دیموکراسیەتەکانی دیکە بوونە نێچیری پووکانەوەی ئابووری. هەروەها کاریگەرییەکی زیاتریش لە ئارادا بوو، سەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی فاشی لە وڵاتێکدا بووە هۆی بەهێزکردنی بزووتنەوە هاوشێوەکانی لە




شوێنەکانی دیکەدا، کە هەندێ جار ئەمە بە شێوەیەکی راستەوخۆ روویدا. فاشییەکانی ئیسپانیا هاوکاریی سەربازییان لە سیستمە فاشییەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا وەرگرت. دەرئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٣٩دا دەستکەوتە دیموکراسییەکانی چل ساڵی رابردووی لە نێوبردرا. رۆژگاری دوای جەنگی یەکەمی جیهانی نەك هەر تەنیا ئەوەی پیشاندا کە دەکرێت دەستکەوتە دیموکراسیەکان پێچەوانە بکرێنەوە، بەڵکو ئەوەی دەرخست کە هەمیشە دیموکراسی پێویستی بە سەرکەوتن نییە تەنانەت لە بواری ململانێکردنی ئایدۆلۆژیاکانیشدا. لەبەر ئەوەی نەك هەر سیستمە دیموکراسیەکان کەوتن، بەڵکو بیرۆکەی دیموکراسیش میسداقیەتی لەدەستدا. هەروەك جۆن ئەی هۆبسۆن باسی دەکات، هەژمونی حەتمی دیموکراسی داکشا و خەڵکانێکی زۆر ئەو بیرۆکەیەیان رەتکردەوە کە دیموکراسی باشترین شێوەی حوکمڕانییە. بەڵام مرۆڤ، تەنیا تینووی ئازادی، سەربەخۆیی و تاکگەرایی و دانپێدانان نییە، بەڵکو تینووی ئاسوودەیی و ئاسایش و ئارامییشە، بەتایبەتی لە دۆخە دژوارەکاندا. لەوەش گرنگتر، تینووی ئەوەن ئینتیمایان بۆ شتێکی گەورەتر لە خۆیان هەبێت، کە ئەمەش خۆحکومڕانی و تاکگەرایی لەخۆدەگرێت- کە هەندێ جار سیستمە تاکڕەوییەکان هەموو ئەمانە دەستەبەر دەکەن، یاخود بەلای کەمەوە لە دیموکراسیەتەکان باشتر بەدیاندەهێنن.

لە بیست و سییەکانی سەدەی بیستدا، وا دەرکەوت کە حکومەتە فاشییەکان بەهێز و بەگوڕتر و کاراتر و بە تواناتر بن لە دەستەبەرکردنی ئارامی لە بارودۆخە سەختەکاندا و بانگەشەی کارایی هەستە نەتەوەیی و ئیتنی و خێڵەکییەکانیان کرد. خاڵە لاوازە زۆرەکانی نێو دیموکراسیەتی فایماری ئەڵمانی، کە پشتیوانی پێویستی هێزە مەزنە دیموکراسیەکانی بەدەست نەهێنا، و دیموکراسیەتە لەرزۆك و کورتخایەنەکانی ئیتاڵیا و ئیسپانیا بوونە هۆی ئەوەی گەلان رووبەڕووی بانگەشەکانی نازییەکان و مۆسۆلۆنی و فرانکۆ ببنەوە. هەروەك ئەوەی کە خاڵی لاواز دیموکراسیەتی رووسی لە نەوەتەکاندا بووە هۆی ئەوەی پێکهێنانی حکومەتێکی سەرکوتکارتر لە سایەی دەسەڵاتی پۆتیندا، ببێتە بژارەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ زۆرێك لە رووسییەکان. خەڵکی مەیلیان بۆ لای براوەکان هەیە، لە نێوان جەنگەکاندا دەوڵەتە دیموکراسیە سەرمایەدارەکان لاواز و داکشاو دەرکەوتن بە بەراورد بە سیستمە فاشییە بەهێزەکان و لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا لەسەردەمی ستالیندا.

پێچەوانەکردنەوەی ئەم ئاراستەیە، دووەم جەنگی جیهانی و سەرکەوتنێکی سەربازی دیکەی پێویست بوو لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانە دیموکراسییەکانەوە (لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا). ئەمریکا لە رێی هێز و داگیرکارییەکی درێژخایەنەوە لە ئەڵمانیای رۆژئاوا و ئیتاڵیا و یابان و نەمسا و کۆریای باشوور، دیموکراسیەتی سەپاند. لەگەڵ سەرکەوتنی دیموکراسیەتەکان و کەوتنی فاشییەت-بەتایبەتی لە گۆڕەپانی شەڕدا- زۆرێك لە وڵاتەکان رێچکەی ئەویان گرتەبەر. هەر یەکە لە یۆنان و تورکیا بە ئاراستەی

**مرۆڤ، تەنیا تینووی ئازادی، سەربەخۆیی و تاکگەرایی و دانپێدانان نییە، بەڵکو تینووی ئاسوودەیی و ئاسایش و ئارامییشە، بەتایبەتی لە دۆخە دژوارەکاندا**

دیموکراسیدا هەنگاویان هەڵگرت، بە هەمان شێوە بەڕازیل و ئەرجەنتین و پیرۆ و ئیکوادۆر و فەنزویلا و کۆڵۆمبیا. هەندێ لەو وڵاتە نوێیانە هاتنەئاراوە، بەچەشنی ئەوروپا خۆیان لە موستەعمەراتەکانیان رزگارکرد و حکومەتی دیموکراسییان تاقیکردەوە، دیارترین نموونە، بریتیە لە هیندستان. لە ساڵی ١٩٥٠دا، ژمارەی دیموکراسیەتەکان بۆ نێوان ٢٠-٣٠ بەرز بۆوە و حوکمڕانیی نزیکەی لە ٤٠٪ی دانیشتووانی جیهانیان دەکرد.

ئایا ئەمە سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیا بوو، یان سەرکەوتنی چەك؟ ئایا ئەمە دەرئەنجامی بەرەوپێشچوونێکی مرۆیی حەتمی بوو، یان هەروەك ساموێڵ هانتینگتۆن دەڵێت: ئەمانە «رووداوی لێکدابڕاوی مێژوویی» بوون. ئێمە مەیلی ئەوەمان هەیە باوەڕ بە یەکەمیان بکەین، بەڵام بەڵگەکان ئاماژە بەمەی دواییان دەکەن. لەبەر ئەوەی دەرکەوت تەنانەت شەپۆلی گەورەکانی دیموکراسی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی قابیلی پاشەکشە نەبوون. جارێکی دیکە و لە ژێر سایەتی سیستمی سەرکوتکاریدا، وڵاتانی پیرۆ و بەرازیل و ئەرجەنتین و بۆلیفیا و چیللی و ئۆرۆگوای و ئیکوادۆر و کۆریای باشوور و فیلیپین و پاکستان و ئەندەنوسیا و یۆنان پاشەکەیان کرد. لە کیشوەری ئەفریقیا، نەیجیریا، دیارترین وڵات بوو کە ماوەیەکی کەم بوو لە ئیستعمار رزگاری ببوو. لە ساڵی ١٩٧٥، پتر لە سێ حکومەت لە سەرتاسەری وڵاتدا لە رێی کودەتای سەربازییەوە پێکهێنران. کەسانێکی کەم باسی حەتمیەتی دیموکراسیان دەکرد لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤دا، هانیتگتۆن باوەڕی وابوو کە توانیومانە بگەینە «سنوورەکانی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لە جیهاندا»و ئاماژەی کرد بەوەی «دیموکراسی زۆرێك لە نەریتە رۆشنبیرییە سەرەکییەکان قبووڵ ناکات..» لەگەڵ «هێزی گەورەی حکومەتە دژ بە دیموکراسییەکان (بەتایبەتی یەکێتی سۆڤیەت)». بەڵام دوای ئەوە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو «شەپۆلی سێیەم» هات. لە ناوەڕاست حەفتاکانەوە تاوەکو سەرەتای نەوەتەکان، ژماری دەوڵەتە دیموکراسییەکان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیادی کرد و گەیشتە ١٢٠ دەوڵەت، کە ئەمەش زیاتر بوو لە نیوەی دانیشتووانی جیهان.

باشە چی سەرکەوتنی درێژخایەنی پرۆسەی بە دیموکراتیکردنی سەدەی بیست لێکدەداتەوە؟ مەسەلەکە تەنیا زیادبوونی بەردەوامیی ئابووریی جیهانی و پەرۆشی گشتی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و دانپێدانان نەبوو. هەروەها گەشەی ئابووری و ئاڵوگۆڕە مرۆییەکانیش رێگر نەبوون لە شکستی دیموکراسیەت لە شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا. تەنانەت لە شەپۆلی سێیەمیشدا، چەندین وڵات لە جیهاندا هەبوون بە شێوەیەکی دەوری لە نێوان دیموکراسەت و سەرکوتکاریدا هەنگاویان دەنا، کە تا رادەیەك دەتوانرا پێشبینی بکرێت. ئەوەی زیاتر سەرنجڕاکێشە لە بارەی شەپۆلی سێیەمەوە، ئەوەیە کە ئەم ئاڵوگۆڕە دەورییە لە نێوان دیموکراسیەت و سەرکوتکاریدا راوەستا، گەلان بەرەو قۆناغی دیموکراسی هەنگاویان هەڵگرت و لەوێدا مانەوە، بەڵام بۆچی؟

● **دۆخە نێودەوڵەتییەکە باشتر دەبێت**

وەڵامەکە پەیوەستە بە پێکهێنانی هێز و ئایدیۆلۆژیاکانەوە لە جیهاندا. دۆخی نێودەوڵەتی لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە بە دواوە پتر لەبار بوو بۆ دیموکراسی و زیاتر دژوار بوو بۆ حکومەتە سەرکوتکارییەکان بە بەراورد بە حاڵەتەکە لە رۆژگارە کۆنەکاندا. هانتیگتۆن جەختی لەسەر گۆڕانکاری کردەوە، دوای کۆمەڵگەی ڤاتیکانی دووەم، جەختی لەسەر عەقیدەی کڵێسای کاسۆلیکی کردەوە لەبارەی سیستم و شۆڕشەوە، کە مەیلی لاوازکردنی حکومەتە سەرکوتکارییەکانی هەیە لە دەوڵەتە کاسۆلیکەکاندا. لە هەمان کاتدا، سەرکەوتن و کەمەندکێشی هەڵکشاوی کۆمەڵگەی ئەوروپی کاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتە ناوخۆییەکانی دەوڵەتانی وەك پۆرتوگال و یۆنان و ئیسپانیا، کە هەوڵیاندا لە رێی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپاوە سوودی ئابووری بەدەست بهێنن و بەو پێیە هەستیان بە فشارکرد بۆ پابەندبوون بە پێوەرە دیموکراسییەکانەوە. ئەمە پێوەرانەش زیاتر و زیاتر بوونە پێوەری نێودەوڵەتی. بەڵام لە بۆشاییەوە سەرچاوەی نەگرت، یان دەرئەنجامی بەرەوپێشچوونی سروشتی نەبوو لە نێو مرۆڤەکاندا. هەروەك هانتینگتۆن باسی دەکات، «بڵاوبوونەوەی پێوەرە دیموکراسییەکان بە رادەیەکی گەورە بەندە بە پابەندبوون بە پێوەرەکانی بەهێزترین دەوڵەت لە جیهاندا..»

لە راستیدا، ئەمریکا رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینی بۆ ئەوەی تەقینەوەی دیموکراسی ببێتە شتێکی مومکین. ئەمەش بەهۆی ئەوەوە نەبوو کە سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا هەمیشە بانگەشەیان بۆ دیموکراسی دەکرد لە جیهاندا. چونکە ئەم کارەیان نەکرد و بگرە لە کاتە جیاوازەکانی سەروەختی شەڕی سارددا، بە زۆری سیاسەتەکانی ئەمریکا، پشتیوانی

**گەشەی ئابووری و ئاڵوگۆڕە مرۆییەکانیش رێگر نەبوون لە شکستی دیموکراسیەت لە شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا. تەنانەت لە شەپۆلی سێیەمیشدا، چەندین وڵات لە جیهاندا هەبوون بە شێوەیەکی دەوری لە نێوان دیموکراسەت و سەرکوتکاریدا هەنگاویان دەنا**

**دۆخی نێودەوڵەتی لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە بە دواوە پتر لەبار بوو بۆ دیموکراسی و زیاتر دژوار بوو بۆ حکومەتە سەرکوتکارییەکان بە بەراورد بە حاڵەتەکە لە رۆژگارە کۆنەکاندا**

**لە کاتە جیاوازەکانی سەروەختی شەڕی سارددا، بە زۆری سیاسەتەکانی ئەمریکا، پشتیوانی لە دیکتاتۆریەتەکان دەکرد، وەک بەشێک لە شەڕی دژ بە شیوعییەت، یان بەهۆی خەمساردییەوە**

لە دیکتاتۆریەتەکان دەکرد، وەك بەشێك لە شەڕی دژ بە شیوعییەت، یان بەهۆی خەمساردییەوە. تەنانەت بواری دا، یان بەشداری کرد لە رووخاندنی ئەو رژێمە دیموکراسییانەی کە پێیوابوو جێی متمانە نین- حکومەتەکانی محەمەد مەسەدق لە ئێران لە ساڵی ١٩٥٣، جاکوبو ئەربیز لە گواتیمالا لە ساڵی ١٩٥٤، و سلفادۆر ئەلیندی لە چیللی لە ساڵی ١٩٧٣. لە هەندێ کاتدا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دژ بە دیموکراسی بوو. سەرۆك ریتشارد نیکسۆن پێیوابوو مەرج نییە دیموکراسی باشترین شێوەی حوکمڕانیکردنی خەڵك بێت لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی. هەروەها کاتێك ئەمریکا پشتیوانیی دیموکراسیشی دەکرد، ئەوا وەك هەڵوێستێکی مەبدەئی ئەم کارەی نەدەکرد. بەڵکو زۆر هۆکاری ستراتیژی هەبوو. بەرپرسانی نێو ئیدارەی رۆناڵد رێگان باوەڕیان وابوو کە حکومەتە دیموکراتییەکان بۆی هەیە لە واقیعدا باشتر بن لە سیستمە سەرکوتکارییەکان، بۆ نموونە، بۆ بەرگرتن بە یاخیبوونی شیوعییەت. بە زۆری داواکارییە مەحەلییە جەماوەرییەکان ئەمریکایان ناچار کرد بژارەیەك بگرێتەبەر کە خوازیار بوو خۆی لێ لابدات، لە نێوان پشتیوانیکردن لە دیکتاتۆریەتێك کە جەماوەری لە پشت نەبوو و رەنگە ناجێگیریش بووبێت و لە «پاڵپشتیکردنی گەلدا». رێگان پێی باشتر بوو پشتیوانی لە دیکتاتۆریەتی فردیناند مارکوس بکات لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، کە رووبەڕووی تەحەددیی ئەخلاقی پەیوەست بە «هێزی گەلی» فیلیپینەوە نەبووەوە. واتە ئەمریکا بە دەگمەن لەسەر بنەمای پەیوەستبوون بە بنەما دیموکراتییەکانەوە هەوڵی گۆڕینی رژێمێکی داوە. بەڵام لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، رەوتی گشتی لە ئەمریکا وەرچەرخانی بەخۆوە بینی بەرەو گرتنەبەری دیدگایەکی رەخنەگراتر لە ئاست دیکتاتۆریەتدا. کۆنگرێسی ئەمریکی، بە سەرکردایەتیی پشتیوانکارانی مافەکانی مرۆڤ، دەستیان کرد بە راوەستاندنی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانە دەسەڵاتخوازەکان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەسەڵاتیان لاواز بێت. لە رێککەوتنەکانی هلسنکی لە ساڵی ١٩٧٥، سەرنجدان لە پرسی مافەکانی مرۆڤ بووە هۆی تیشکخستنەسەر پرسی بەرهەڵستکاری و بەرهەڵستکارانی دیکەی دیکتاتۆریەت لە کۆتلەی رۆژهەڵاتدا. سەرۆکی ئەمریکا تەرکیزی چڕکردەوە لەسەر پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە یەکێتی سۆڤیەتدا، هەروەها لە حکومەتە راستڕەوەکان لە ئەمریکای لاتین و شوێنەکانی دیکە. دەزگا راگەیاندنە نێودەوڵەتییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە نێویاندا دەنگی ئەمریکا و رادیوی ئەوروپای ئازاد/ لیبەرتی رادیۆ، لە پرۆگرامەکانیاندا پتر جەختیان لەسەر دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەکردەوە. دوای ئەوەی ئیدارەی رێگان لەسەرەتادا هەوڵی بەدەستهێنانەوەی کارنامەی مافەکانی مرۆڤی –سەرۆك کارتەر- دا، لە کۆتاییدا بەهێزکردنی دیموکراسی کردە بەشێك لە سیاسەتە راگەیاندراوەکانی (ئەگەرچی ئەمەش بە شێوەیەکی بەردەوام نەبوو). تەنانەت دوای ئەم ماوەیەش، سیاسەتی ئەمریکا دوور بوو لەوەی سیاسەتێکی جێگیر بێت.

لەم ماوەیەدا، نەك هەر تەنیا چاوپۆشی لە زۆرێك لە دیکتاتۆریەتە هاوپەیمانەکان، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کرا، بەڵکو بە شێوەیەکی کارا پشتیوانییان لێکرا بە هۆی هاوکارییە ئابووری و سەربازییەکانی ئەمریکاوە. بەڵام کاریگەری ئاڵوگۆڕی سیاسەتی ئەمریکا، کە چووە پاڵ هەوڵەکانی ئەوروپا، کاریگەرییەکی گەورە بوو.

دوای شەپۆلی سێیەم لە ساڵی ١٩٧٤دا لە پورتوگال شۆڕشی قرنفل کۆتایی بە نیچمە دیکتاتۆریەتەکە هێنا. هەروەك لاری دایمۆند ئاماژەی پێدەکات، ئەم شۆڕشە هەرگیز رووینەدا. کە ئەمریکا و دیموکراسیەتە ئەوروپییەکانیش رۆڵێکی بنەڕەتییان بینی لە دروستکردنی «وەبەرهێنانی گەورە» لە ماوەی دەیە و نیوێکدا، ئەمریکا کۆمەڵە ئامرازێکی جۆراوجۆری بەکارهێنا، لە نێویاندا دەستێوەردانی راستەوخۆی سەربازی، ئەویش بۆ هاوکاریکردنی ئاڵوگۆڕە دیموکراسیەتەکان و رێگریکردن لە دیموکراسیەتە لاوازەکانی سەرتاسەری جیهاندا. لە ساڵی ١٩٧٨دا، کارتەر هەڕەشەی ئەنجامدانی کردارێکی سەربازی کرد لە دژی کۆماری دۆمینیکان، کاتێك سەرۆکی ئەوکاتە، خواکین بالاغور رەتیکردەوە دەستەبەرداری دەسەڵات بێت لە دوای دۆڕانی هەڵبژاردنەکانەوە. لە ساڵی ١٩٨٣دا، داگیرکردنی گرینادا لەلایەن رێگانەوە بووە هۆی گەڕاندنەوەی حکومەتی دیموکراتی دوای روودانی کودەتای سەربازی. لە ساڵی ١٩٨٦دا، ئەمریکا هەڕەشەی ئەنجامدانی کرداری سەربازیکرد بۆ رێگریکردن لە مارکوس تاوەکو لە رێی بەکارهێنانی هێزەوە هەڵبژاردنەکانی هەڵنەوەشێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٨٩، سەرۆك جۆرج بۆشی باوك پەنەمای داگیرکرد، بۆ هاوکاریکردن لە چەسپاندنی دیموکراسی دوای ئەوەی سەرۆکی سەربازی مانوییل نۆرییگا، بە هێز هەڵبژاردنەکانی

**لە هەندێ کاتدا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دژ بە دیموکراسی بوو. سەرۆك ریتشارد نیکسۆن پێیوابوو مەرج نییە دیموکراسی باشترین شێوەی حوکمڕانیکردنی خەڵك بێت لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی. هەروەها کاتێك ئەمریکا پشتیوانیی دیموکراسیشی دەکرد، ئەوا وەك هەڵوێستێکی مەبدەئی ئەم کارەی نەدەکرد. بەڵکو زۆر هۆکاری ستراتیژی هەبوو**

**دەزگا راگەیاندنە نێودەوڵەتییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە نێویاندا دەنگی ئەمریکا و رادیوی ئەوروپای ئازاد/ لیبەرتی رادیۆ، لە پرۆگرامەکانیاندا پتر جەختیان لەسەر دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەکردەوە**

**دیموکراسیەتە جێگیرەکانی ئەوروپا و یابان بوونە موگناتیسێکی بەهێز. بە شێوەیەکی روو لە زیاد سیستمی لیبراڵی بازاڕی ئازاد و بازرگانی ئازاد سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بەسەر ئابوورییەکانی کوتلەی رۆژهەڵاتی چەقبەستوودا**

وڵاتەکەی هەڵوەشاندەوە.


بە درێژایی ئەم ماوەیە، ئەمریکا دەستڕۆیشتوویی خۆی بەکارهێنا بۆ ڕێگریکردن لە کودەتا سەربازییەکان لە هندۆراس و بۆلیفیا و سلفادۆر و پیرۆ و کۆریای باشوور. لە وڵاتانی دیکە هانی سەرۆکەکانی دا، بۆ ئەوەی لە دەرەوەی سنوورە دەستوورییەکان درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان نەدەن.

هانتگتۆن مەزەندەی ئەوەی کرد کە نزیکەی لە ماوەی دەیە و نیوێکدا، پشتیوانی ئەمریکا کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە چەسپاندنی دیموکراسی لە کۆماری دۆمینیکان، گرینادا، سلفادۆر، گواتیمالا، هندۆراس، ئۆرۆگوای، پیرۆ، ئیکوادۆر، پەنەما و فلیپین، فاکتەرێکی کاریگەریش بوو لە چەسپاندنی دیموکراسی لە پۆرتوگال و چیللی و پۆڵەندا و کۆریا و پۆلیفیا و تایوان.

زۆرێك لە پەرەسەندنە جیهانی و ناوخۆییەکان هاوکار بوون لە هێنانەئارای تەوژمێکی دیموکراسی لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکاندا و ڕەنگە شەپۆلێکی دیموکراسی بوونی هەبوایە، تەنانەت ئەگەر ئەمریکاش کاریگەری نەبووایە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا شەپۆلێکی گەورە و بەردەوام دەبوو؟ دیموکراسیەتە جێگیرەکانی ئەوروپا و یابان بوونە موگناتیسێکی بەهێز. بە شێوەیەکی روو لە زیاد سیستمی لیبراڵی بازاڕی ئازاد و بازرگانی ئازاد سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بەسەر ئابووریەکانی کوتلەی ڕۆژهەڵاتی چەقبەستوودا، بەتایبەتی لە بەرەبەیانی شۆڕشی زانیاریدا. هەروەها چالاکییە گەورەکانی ئەمریکا لە پاڵ چالاکییەکانی دیموکراسیەتە سەرکەوتووەکانی دیکە، هاوکار بوون لە دروستکردنی کۆدەنگییەکی گەورەتر، ئەگەر نەڵێین کۆدەنگیەکی جیهانی، کە زیاتر هاوسۆز بوون لەگەڵ شێوەکانی حوکمڕانیی دیموکراسی و کەمتر هاوسۆز بوون لەگەڵ شێوە دەسەڵاتخوازییەکاندا.

دایمۆند و کەسانی دیکە سەرنجیاندا لە گرنگیی ئەم پێوەرە جیهانییانەی دیموکراسی کە ڕەنگدانەوەیان هەبوو لەسەر دامەزراوە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییە و

**چالاکییە گەورەکانی ئەمریکا لە پاڵ چالاکییەکانی دیموکراسیەتە سەرکەوتووەکانی دیکە، هاوکار بوون لە دروستکردنی کۆدەنگییەکی گەورەتر، ئەگەر نەڵێین کۆدەنگیەکی جیهانی، کە زیاتر هاوسۆز بوون لەگەڵ شێوەکانی حوکمڕانیی دیموکراسی و کەمتر هاوسۆز بوون لەگەڵ شێوە دەسەڵاتخوازییەکاندا**



هەرێمایەتییەکان کە پێشتر بەم شێوەیە روویان نەدابوو. ئەم پێوەرانە کاریگەریی گەورەیان هەبووە لەسەر پرۆسە سیاسییە ناوخۆییەکانی نێو وڵاتان، ئەمەش وایکرد کە سەرکوتکارەکان دوچاری دژواری ببنەوە لە زاڵبوون بەسەر گەردەلوولە سیاسی و ئابوورییەکان و ئاسانکاری کرد بۆ بزووتنەوە دیموکراسییەکان کە شەرعیەت بەدەست بهێنن. بەڵام پێوەرەکانیش سنووربڕن. لە سییەکانی سەدەی رابردوودا، دەوڵەتە بوێرەکان دیکتاتۆریەتی فاشی بوون، لە پەنجاکان و شەستەکاندا، شێوە ئیشتراکییەکان باو بوون، بەڵام لە حەفتاکانەوە و تاوەکو کاتێکی نزیك، ئەمریکا و کۆمەڵێك لە هێزە دیموکراسییەکانی دیکە ئاراستەی تەوژمەکەیان دیاریکرد. ئەوان کاریانکرد، (تەنانەت هەندێ کەس دەڵێن سەپاندنیان)، لەسەر چەسپاندنی بنەما دیموکراسییەکان و ئاوێتەکردنی لە دامەزراوە و رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا.

ئەوەی بە هەمان ئەندازە گرنگە، رۆڵی ئەمریکایە لە رێگریکردن لە پاشەکشەی ئەو دیموکراسیەتەی کە هێشتا جێگیر نەببوون. رەنگە گرنگترین رۆڵی ئەمریکا ئەوە بووبێت کە رێگریکرد لە کودەتا سەربازییەکان لە دژی دیموکراسیەتە نوێیەکان. تا رادەیەك، ئەمریکا دەستێوەردانی دەکرد لەوەدا کە دەکرا بە گەڕێکی سروشتی دابنرێت، ئەمەش رێگریکرد لەو دەوڵەتانەی کە شایستەی قۆناغی سەرکوتکاری بوون تاوەکو شێوازە باوەکە نەگرنەبەر. هەروەها مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە ئەمریکا دیموکراسیەتی هەناردە دەکرد بۆ هەموو شوێنێك. و لە زۆربەی کاتدا، رۆڵی ( الماسك فی الجاودار) ی بینی- رێگریکردن لە کەوتنی دیموکراسیەتە لاوازەکان- لە وڵاتانی وەك فلیپین و کۆلۆمبیا و پەنەما. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شەپۆلی سێیەم بەرفراوانی و تۆکمەییەکی بێ پێشینە بەدەست بهێنێت.

لە کۆتاییدا، داڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و لەگەڵیدا سیستمە شیوعییەکان لە ئەورووپای ناوەڕاست و ئەورووپای رۆژهەڵات و ئاڵوگۆڕیان بە دیموکراسی لێکەوتەوە. رەنگە رۆڵی ئەمریکا لە خێراکردنی رووخانی یەکێتی سۆڤیەت مایەی مشتومڕ بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە رۆڵێکی بینی، ئەویش یان لە رێی ئیحتیواکردنی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت لە رووی سەربازییەوە و زاڵبوون بەسەریدا لە سەر ئاستی ئابووری و تەکنەلۆژی. لە نێو جەرگەی ئەم تێکۆشانەشدا، خودی گەلانی وڵاتانی حیلفی وارسۆ بوونیان هەبوو. ئەوان ماوەیەکی زۆر بوو پەرۆش بوون بۆ رزگارکردنی دەوڵەتەکانیان لە یەکێتی سۆڤیەت، کە ئەمەش بە مانای رزگاربوون لە شیوعیەت دەهات لە هەمان کاتدا. ئەم گەلانە ویستیان بچنەپاڵ باقی ئەورووپا، کە نموونەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرنجڕاکێشتری لە ئەمریکا خستەڕوو.

بەڵام گەلانی ئەورووپای ناوەڕاست و رۆژهەڵات بە شێوەیەکی دیموکراسییانە شێوە دیموکراسییەکانی حکومڕانییان هەڵبژارد، مەسەلەکەش تەنیا زادەی تمووحەکانی ئازادی و ئارامی نەبوو، بگرە رەنگدانەوەی خواستی ئەو گەلانە بوو بۆ ئەوەی خۆیان بخەنە ژێر چەتری پارێزگاریی ئەمنیی

**لە سییەکانی سەدەی رابردوودا، دەوڵەتە بوێرەکان دیکتاتۆریەتی فاشی بوون، لە پەنجاکان و شەستەکاندا، شێوە ئیشتراکییەکان باو بوون، بەڵام لە حەفتاکانەوە و تاوەکو کاتێکی نزیک، ئەمریکا و کۆمەڵێک لە هێزە دیموکراسییەکانی دیکە ئاراستەی تەوژمەکەیان دیاریکرد**



ئەمریکاوە. بەو پێیە، ناکرێت ستراتیژیەت و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژییان لێکجیابکرێنەوە. ئەو دەوڵەتانەی کە ویستیان ببنە بەشێك لە ناتۆ و دواتریش یەکێتی ئەورووپا، زانییان هیچ دەرفەتێکیان نییە بۆ ئەوەی قبووڵ بکرێن، ئەگەر ڕێگەی دیموکراسی نەگرنەبەر. ئەم ئاڵوگۆڕە دیموکراسییانە، کە شەپۆلی سێیەمی گۆڕی بە تسۆنامییەکی دیموکراسی، کە ڕوودانیان پێویست نەبوو، ئەگەر جیهان بە شێوەیەکی جیاواز دابڕێژدرایە. بوونی ئەورووپای ڕۆژئاوا کە دیموکراسی و یەکگرتوو و گەشەکردوو بوو، بووە هۆی دروستبوونی شەپۆلێکی موگناتیسیی بەهێز لەسەر دراوسێ ڕۆژهەڵاتییەکان، ئەمەش بەهۆی کارەکانی ئەمریکاوە بوو لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی.

## ● ئایندەی بزری ساڵی ١٨٤٨

بە پێچەوانەی چارەنووسی بزووتنەوە دیموکراتییەکانی کۆتاییەکانی سەدەی بیست لەگەڵ شۆڕشە لیبراڵییەکاندا کە ئەورووپای گرتەوە لە ساڵی ١٨٤٨. هەروەك زانراوە، «بەهاری گەلان» لە فەڕەنساوە دەستی پێکرد و کەسە لیبراڵییە ریفۆرمخواز و دەستوورییەکان و نەتەوەیی و نوێنەرانی چینی ناوەڕاستی هەڵکشاو و هەروەها کرێکارە توندڕەو و ئیشتراکییەکانیشی لەخۆ گرت.

لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا، پاشا و ئەمیرەکانیان ڕووخان و عەرشی دەسەڵاتیان لەرزاند لە فەڕەنسا و پۆڵەندا و نەمسا و ڕۆمانیا، هەروەها لە نیمچە دورگەی ئیتاڵی و ئەمارەتە ئەڵمانییەکان.

لە کۆتاییدا، بزووتنەوە لیبراڵییەکان شکستیان هێنا، لە بەشێکیدا بەهۆی ئەوەی تۆکمە نەبوون، هەروەها لەبەر ئەوەی کە هێزە سەرکوتکارییەکان لە ڕێی زەبروزەنگەوە تێکیانشکاندن. سوپای روسی هاوکار بوو لە شکستپێهێنانی بزووتنەوە لیبراڵییەکان لە خاکە ئەڵمانییەکاندا، لە کاتێکدا قەیسەری رووسی هێزەکانی نارد بۆ ڕۆمانیا و مەجەر و بە دەیان هەزار لە خۆپیشاندەرەکان لە شەقامەکانی ئەورووپادا کوژران. واتە شمشێر سەلماندی کە لە پینووس بەهێزترە.

گرنگ بوو کە هێزە لیبراڵییەکان، بەریتانیا و فەڕەنسا، هەڵوێستێکی بێلایەنانە بگرنەبەر لە ماوەی کەفوکوڵی لیبراڵیدا، ئەگەرچی شۆڕشی فەڕەنسی بووە هۆی وروژاندنی و ئیلهامبەخشی بزووتنەوە ئەورووپییەکە بوو. شازادەی بەریتانیا و ئۆرۆستۆکراتییەکان ترسیان هەبوو لە توندڕەویی لە ناوخۆدا. فەڕەنسا و بەریتانیا پتر بایەخیان بە پاراستنی ئاشتی دەدا لە نێوان هێزە مەزنەکان وەك لەوەی هاوکاری پێشکەش بکەن بە هاوەڵە لیبراڵییەکانیان. پاراستنی هاوسەنگیی ئەورووپی لە نێوان هەر پێنج هێزە مەزنەکەدا سوودبەخش بوو بۆ هێزە دژ بە شۆڕشەکان لە هەموو شوێنێك، بەو پێیە بەهاری گەلان سەرکوتکرا. لە دەرئەنجامدا، بۆ چەندین دەیە هێزە ڕەجعییەکانی ئەورووپا لە بەرامبەر هێزە لیبراڵییەکاندا بەهێز بوون.

توێژەران مەزەندەی پەرەسەندنی جیاوازیی ئەورووپا و جیهانیان کرد، ئەگەر بهاتایە شۆڕشە لیبراڵییەکان لە ساڵی ١٨٤٨دا سەرکەوتنیان بەدەست بهێنایە، ئایا مێژووی ئەڵمانیا چۆن دەکەوتەوە، ئەگەر بهاتایە یەکێتی نەتەوەیی لە سایەی دەسەڵاتی پەرلەمانی لیبراڵی نەك لە سایەی سەرکردایەتیی ئۆتۆ فۆن بسمارك بەدی بهاتایە؟ «راوێژکاری ئاسنین» گەلەکەی یەکخست نەك لە ڕێی هەڵبژاردن و مشتومڕەوە، بەڵکو لە ڕێی سەرکەوتنە سەربازییەکانەوە کە هێزی مەزنی پرۆسی موحافیزکار بەدەستی هێنان لە سایەی خانەوادەی هوهنزولرن. هەروەك مێژوونوس، أ.ج.ب تایلۆر سەرنجی ئەوە دەدات کە مێژوو گەیشتە خاڵی وەرچەرخان لە ساڵی ١٨٤٨دا، بەڵام ئەڵمانیا شکستی هێنا لەم وەرچەرخانەدا. هەروەها هەندێ لە ئەڵمانییەکان وانەیەکی جیاواز فێربوون وەك لەوەی بسمارك فێری بوو، واتە پرسیارە مەزنەکانی ئەم سەردەمە، لەلایەن وتاربێژێك یان زۆرینەی بڕیارەکانەوە دیاری ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، پێکهاتنی سیستمی نێودەوڵەتی لە ئێستادا بە چەشنێك نەبووە کە هانی گۆڕانکاریی لیبراڵی و دیموکراسی بدات. هاوسەنگیی هێزی ئەورووپی لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا لە بەرژەوەندیی دیموکراسی نەبوو، بەو پێیە سەیر نییە کە دیموکراسی شکستی هێناوە لەوەی لە هەر شوێنێك سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

لە هەشتاکاندا، هەروەك لە چلەکانی سەدەی حەڤدەدا، بزووتنەوە لیبراڵییەکان بەهۆکاری تایبەت بە خۆیان و لە وڵاتە جیاوازەکاندا دروست بوون. بەڵام شکستیان، یان سەرکەوتنیان کاریگەر بووە بە هاوسەنگیی هێز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لە ڕۆژگاری هەژموونیی ئەمریکادا، هاوسەنگییەکە لە بەرژەوەندیی دیموکراسیدا بوو، ئەمەش هاوکار بوو لە لێکدانەوەی ئەوەی بۆچی شۆڕشە لیبراڵییەکان لە کاتێکی درەنگتردا سەرکەوتن. ئەگەر ئەمریکا زۆر بەهێز نەبووایە، ئەوا ئاڵوگۆڕ بەرەو دیموکراسیش کەمتر دەبوو، ڕەنگە ئەو ڕووداوانەش ڕووداوی کورتخایەن بوونایە. ڕەنگە ئەمە بە مانای ئەوە

پرسیارە مەزنەکانی ئەم سەردەمە، لەلایەن وتاربێژێک یان زۆرینەی بڕیارەکانەوە دیاری ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، پێکهاتنی سیستمی نێودەوڵەتی لە ئێستادا بە چەشنێک نەبووە کە هانی گۆڕانکاریی لیبراڵی و دیموکراسی بدات

**لەگەڵ کەمبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی جیهانیی هێزە مەزنەکان، هێزە ئیقلیمییەکان ئاوازەکە لە ناوچەکانی خۆیان دیاری دەکەن. بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە دیکتاتۆریەت لە دەوروبەری ڕووسیادا بەربڵاوە، هەروەها بە درێژایی سنوورەکانی چین (کۆریای باکوور، بۆرما و تایلاند) و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، کە نەریتە دیکتاتۆریەتە درێژخایەنەکان تا ئێستا خۆڕاگربوون لە ئاست تەحەددی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان**

**هەمیشە گومانکارەکان لەبارەی بەهێزکردنی دیموکراسییەوە لە ئەمریکا مشتومڕی ئەوەیان کردووە کە زۆرێک لەو ناوچانەی ئەزموونی دیموکراسییان تێدا تاقیکرایەوە لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، بۆ سروشتی ئەم شێوە حوکمڕانییە گونجاو نین**

بووایە کە شەپۆلی سێیەم کەمتر قووڵ بووایە و بە ئاسانتر پێچەوانە ببووایەتەوە.

**● دیموکراسی، تاکڕەوی و هێز**

ئەی چی لە بارەی ڕۆژگاری ئێستاوە؟ لەگەڵ کەمبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی جیهانیی هێزە مەزنەکان، هێزە ئیقلیمییەکان ئاوازەکە لە ناوچەکانی خۆیان دیاری دەکەن. بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە دیکتاتۆریەت لە دەورووبەری رووسیادا بەربڵاوە، هەروەها بە درێژایی سنوورەکانی چین (کۆریای باکوور، بۆرما و تایلاند) و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، کە نەریتە دیکتاتۆریەتە درێژخایەنەکان تا ئێستا خۆڕاگربوون لە ئاست تەحەددی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان. تەنانەت لەو شوێنانەی کە دیموکراسی تێیاندا بەهێزە، سەرکوتکارەکان توانیویانە هەڵوێستێکی توند بگرنەبەر لە کاتێکدا کە دراوسێ دیموکراسییەکان لە هەڵوێستێکی سلبیدان. بەو پێیە، سەرکردەکانی هەنگاریا، لە نێو جەرگەی ئەورووپادا کە مەسەلەکان ناشارێتەوە، و جاڕی خۆشەویستیی خۆیان بۆ لیبراڵییەت دەدەن، هەڵدەستن بە سەرکوتکردنی ئازادییەکانی ڕۆژنامەگەری و ئازادییە سیاسییەکان، لە کاتێکدا باقی یەکێتی ئەورووپا دووردەکەوێتەوە، کە گریمانەی ئەوە دەکرێت تەنیا یانەیەك بێت بۆ دیموکراسیەتەکان. لە ئەمریکای باشووردا، دیموکراسیەتەکانی بەشداری دەکەن لە ململانێکردن لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا، بەڵام بەڕازیل کە بایەخ نادات، لێی دەڕوانێت و تەنیا بیر لە بازرگانی و ئیمپریالیزمی ئەمریکای باکوور دەکاتەوە. لەم کاتەدا و لە ئەمریکای ناوەڕاستی دراوسێ، مەکسیکی دراوسێش بایەخ نادات و بەو پێیە دیموکراسیەت لە ژێر فشاری مادە هۆشبەرەکان و تاوان و گەڕانەوەی سەرکردە نوێیەکانەوە دادەڕووخێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە ڕەوا نەبێت ئۆباڵەکە بخەینەئەستۆی هێزە ئیقلیمییەکان، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو کارەیان نەکردووە کە پێشتریش نەیانکردبوو. ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی هەیە بە کاریگەریی گۆڕانکاریی هاوکێشە جیۆسیاسییەکەوە لەسەر چارەنووسی دیموکراتییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەوا ڕەنگە گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی دەوڵەتە مەزنە دیموکراسییەکاندا زۆربەی ئۆباڵەکەی بکەوێتەئەستۆ.

ئەگەر ئەم هێزە مەزنانە ڕەوتی خۆیان نەگۆڕن، ئەوا ئەگەری زیاترە کە دیموکراسی لە سەرتاسەری جیهاندا پاشەکشە بکات. چونکە هیچ شتێکی حەتمی نییە لەبارەی دیموکراسییەوە. ئەو سیستمە جیهانییە لیبراڵییەی کە لە سەدەکانی ڕابردوودا هەمانبوو، یاسای سروشتی و خواوەندی سروشتیان بەرهەم نەهێنا، ئەمەش خاڵی کۆتایی بەرەوپێشچوونی مرۆیی نییە.

کەسانێك هەن سیستمێکی جیهانیی جیاواز لە سیستمی لیبراڵی بە باشتر دەزانن، بەڵام تاوەکو ئێستا، نەیانتوانیوە بگەنە ڕێگای خۆیان، نەك لەبەر ئەوەی بیرۆکەکانیان لەبارەی حکومڕانی مەحاڵە. کێ دەڵێت پۆتینیزم لە رووسیا، یان مارکەی بازرگانی چینی تایبەت بە دەسەڵاتخوازی بە چەشنی دیموکراسیەتی ئەورووپی ڕزگاری نابێت، کە دوای هەموو شتێك، تەمەنی کەمترە لە سەدەیەك لە زۆربەی کیشوەرەکەدا. بە دڵنیاییەوە حوکمڕانی تاکەکەسی لە رووسیا و چین درێژخایەنترە لە دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی. لە واقیعدا، ئەمە حوکمڕانییەکی سەرکوتکارییە نەك، دیموکراسی، کە ئەمە ڕێساکە بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و تەنیا لەم دەیانەی دواییدا، دیموکراسیەتەکان بە سەرکردایەتی ئەمریکا توانای دارشتنی جیهانیان هەبووە.

هەمیشە گومانکارەکان لەبارەی بەهێزکردنی دیموکراسییەوە لە ئەمریکا مشتومڕی ئەوەیان کردووە کە زۆرێك لەو ناوچانەی ئەزموونی دیموکراسییان تێدا تاقیکرایەوە لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، بۆ سروشتی ئەم شێوە حوکمڕانییە گونجاو نین، ئەمریکا هەوڵیدا لە هەندێ وڵاتدا دیموکراسی بچێنێت، کە خاکێکی زۆر بەپیتی هەبوو. ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتە دیموکراسییەکانەوە هەبێت، ئەوا لە هەلومەرجی جیاوازدا جێگیر بوون، لە هیندستانی هەژارەوە بۆ ئاسیای ڕۆژهەڵات (کۆنفۆشیوسیەت) بۆ ئەندەنوسیای ئیسلامی. کە دەبێت هەندێ تەوازوعمان هەبێت لە دووپاتکردنەوەی ئەوەی ئایا خاکەکە لەبارە، یا نەگونجاوە بۆ دیموکراسیەت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئەوە ڕوون بێت کە ئەگەرەکانی دیموکراسی زۆر زیاتر بوو لە سایەی پارێزگاری سیستمێکی جیهانی لیبراڵیدا، کە هێزێکی مەزنی دیموکراسی، یان کۆمەڵێك هێزی مەزنی دیموکراسی پاڵپشتی بکەن و بەرگری لێبکەن. لە ئێستادا، وەك هەمیشە، دیموکراسی گوڵێکی ناسکە و پێویستی بە پاڵپشت و بایەخپێدانی جێگیرە لە بەرامبەر گیاکەڵە و بەربەستەکانی دارستاندا کە لە ناوەوە و دەرەوە هەڕەشەی لێدەکەن. لە حاڵەتی نەبوونی ئەم هەوڵانەدا، ئەوا ڕەنگە درەنگ یان زوو دارستان و گیاکەڵەکان بگەڕێنەوە و دەست بەسەر زەوییەکەدا بگرنەوە.

**ئەگەر ئەم هێزە مەزنانە ڕەوتی خۆیان نەگۆڕن، ئەوا ئەگەری زیاترە کە دیموکراسی لە سەرتاسەری جیهاندا پاشەکشە بکات. چونکە هیچ شتێکی حەتمی نییە لەبارەی دیموکراسییەوە. ئەو سیستمە جیهانییە لیبراڵییەی کە لە سەدەکانی ڕابردوودا هەمانبوو، یاسای سروشتی و خواوەندی سروشتیان بەرهەم نەهێنا، ئەمەش خاڵی کۆتایی بەرەوپێشچوونی مرۆیی نییە**

**بە دڵنیاییەوە حوکمڕانی تاکەکەسی لە رووسیا و چین درێژخایەنترە لە دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی. لە واقیعدا، ئەمە حوکمڕانییەکی سەرکوتکارییە نەک، دیموکراسی، کە ئەمە ڕێساکە بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و تەنیا لەم دەیانەی دواییدا، دیموکراسیەتەکان بە سەرکردایەتی ئەمریکا توانای دارشتنی جیهانیان هەبووە**

**لە ئێستادا، وەک هەمیشە، دیموکراسی گوڵێکی ناسکە و پێویستی بە پاڵپشت و بایەخپێدانی جێگیرە لە بەرامبەر گیاکەڵە و بەربەستەکانی دارستاندا کە لە ناوەوە و دەرەوە هەڕەشەی لێدەکەن**



**زاگرۆس فەتاح محەمەد ئەمین**
بەڕێوەبەری گشتیی بوودجەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی پلاندانان بۆ گوڵان:

# پێویستە لە چاکسازیی و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانەوە دەست پێ بکەین و ببینە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز

**دوای ئـەوەی کوردسـتان رووبـەڕووی قەیرانێکـی سـەختی ئابـووری بـووەوە، حکومـەتـی هەرێمـی کوردستان هەوڵیـدا لـە رێی داڕشتنی پلانـی درێژخایەنـەوە نـەك هـەر تەنیا چارەسـەری ئـەو قەیرانـە بـکات، بەڵکـو ئامانجـی ئـەوە بـوو لـە رێی ئـەو پلانـەوە ئەگـەری روودانـەوەی قەیرانـی لـەم چەشـنە لـە ئایندەدا کـەم بکاتـەوە، تاوتوێکردنـی ئـەم پرسـە و رەهەندەکانـی ئـەم پلانـە و چەنـد پرسـێکی دیکـەی پەیوەندیـدار بوونـە تـەوەری دیدارێکـی گۆڤارێکـی گـوڵان لەگـەڵ زاگـرۆس فەتـاح محەمـەد ئەمیـن بەڕێوبـەری گشـتی بوودجـەی وەبەرهێنـان لـە وەزارەتـی پلاندانـی حکومـەتـی هەرێمـی کوردسـتان و ئەمـەش دەقەکەیەتـی.**

*** ئێـوە وەك وەزارەتـی پلاندانـان لەمـاوەی ئـەو قەیرانە ئابوورییە گەورەیـەی لە دوای ساڵی ٢٠١٤ رووبـەرووی کوردستان بـووەوە بـە هـاوکاری لەگـەڵ بانکی نیودەوڵەتی، پلانێکی درێژخایەنتان داڕشت و پاشانیش بـووە ئـەو پلانـە هاوبەشـەی کـە بانکی نێودەوڵەتی پەسندی کرد، ئایا بایەخی ئـەم پلانە هاوبەشـەی نێـوان وەزارەتـی پلاندانانی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان و بانکـی نێودەوڵەتـی چـی بـووەو رەهەنـدە گشـتییەکانی چـی بـوون؟**

- راسـتەوخۆ لـە دوای کەوتنـەوەی قەیرانـی دارایـی، وەزارەتـی پلاندانانـی حکومـەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەهاوبەشـی لەگـەڵ بانکـی نێودەوڵەتـی و بـە هـاوکاری وەزارەتەکانـی حکومـەتـی هەرێمـی کوردسـتان پلانێکمـان دانـا بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی قەیرانەکە و داڕشـتنەوەی نەخشـەڕێگای چاکسازیی ئابـووری، تاوەکـو بتوانیـن مامەڵەیەکـی بونیادییانـە لـە مەودایەکـی نزیـك و مامناوەنـد و دووردا لەگـەڵ قەیرانەکـە بکەیـن و ئاراسـتەی هەرێمـی کوردسـتان بـەرەو گەشـەکردن ببەیـن. هـاوکات کۆمەڵێك هەنگاو و بەرنامە دانران کە حکومەتی هەرێـم توانـادار دەکات، بـۆ پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریی باشـتر بـە هاووڵاتیـان و بونیادنانـی کۆمەڵگەیەکـی دادپـەروەر و خۆشـگوزەران، دەکرێت ئەمـەش بـە بناغـەی چاکسـازیی لـە سـتراکچەری ئابووریـی کوردسـتان لـە قەڵـەم بدەیـن، ئـەم بونیـادە ئابوورییـەش هەردەبـوو گۆڕانـکاری بەسـەردا بهاتایـە، بەتایبەتـی لـە بوارەکانـی:

١- نەهێشتنی خەرجییە زیادەکان.
٢- بەرزکردنەوەی داهاتی حکومەت.
٣- فرەییکردنی ئابووری.
٤- بەرەو پێشبردنی کەرتی تایبەت.
٥- چاکسـازیی باشـتر لـە بـواری حوکمڕانـی و دابینکردنـی خزمەتگوزاریـی باشـتر.

ئـەوەش ئاشـکرایە کـەوا بـۆ سـەرچاوەی داهـات تەنیـا پشـت بـە داهاتـی پێتـرۆڵ بەسـتراوە، بـە رادەیـەك زیاتـر لـە ٩٠٪ی داهاتـی حکومـەت لـە کەرتـی نەوتـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، ئەمـەش هەرێمـی کوردسـتانی بـە تەواوەتـی وابەسـتە کـردووە بـە هەناردەکردنـی تەنیـا یـەك کاڵا، هیـچ ئابوورییەکیـش لەدنیـادا ناتوانێـت بـە پشتبەسـتن بـە یـەك سـەرچاوە بەتایبەتـی سـەرچاوەیەکی وەکـو پێترۆڵ ئابوورییەکـی سـەقامگیری هەبێت، چونکە بەهـای پێترۆڵ لـە بازاڕە جیهانییەکاندا سـەقامگیر و جێگیـر نییـە، بـۆ نموونـە ئەگـەر بەهـای یـەك بەرمیـل نـەوت تەنیـا ٥ دۆلار دابەزێـت، ئـەوا بـە رێـژەی ١٠٪ی بوودجـەی کوردسـتان کـەم دەبێتـەوە. لـەم روانگەیـەوە لـە بەرنامـە چاکسـازییەکەی هەرێمدا ئامـاژەی پـێ کـراوە کـە نابێـت چیتر پشـت بـە داهاتـی پێترۆڵ ببەسـتین، هەروەهـا کێشـەیەکی دیکـە کـە ئابووریـی کوردسـتان گیـرۆدەی بـووە، لاوازیـی کەرتـی تایبەتـە، لەکاتێکـدا دەبوایـە ئـەم کەرتـە گەشـەی بکردایـە بـۆ ئـەوەی بتوانیـن تەرشـیقی کەرتـی گشـتی و بووژانـەوەی ئابووریـی هەرێمـی پـێ بکەیـن. لـە کوردسـتان ٤٨٪ی ئـەو کەسـانەی کاردەکـەن، فەرمانبـەرن. بۆیـە بەبـێ چاکسـازی و گۆڕانـکاری لـە ئاراسـتەو سیاسـەتی بەڕێوەبردنـی کەرتـی تایبـەت مومکیـن نییـە بتوانیـن ئـەم کەرتـە بکەینـە بزوێنەرێکـی چـالاك بـۆ پەرەپێدانـی بەردەوامیـی ئابـووری. بوونـی ئـەم دوو کێشـەیە هاوکاتـە لەگـەڵ بوونـی ژمارەیەکـی زۆری فەرمانبـەری حکوومـی بـەراورد بـە رێـژەی ژمـارەی دانیشـتووان و سـتاندەرە نێودەوڵەتییـەکان،

**سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و رۆڵی بارزانی لە رێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و بەهێزبوونەوەی رۆڵی سیاسی و دیپلۆماسیی کورد لە بەغداو جیهان زامنی هاتنی بەشە بوودجەی کوردستان دەکات**

**لە مانگی دووی ٢٠١٤ پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجە و مووچە بڕدرا. ئەگەر ئامادەیی دوو ساڵی پێشوو و دووربینیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووایە، کارەساتی گەورە بەسەر ئەم میللەتەدا دەهات**

ئەمەش بارگرانی و خەرجییەکی زۆری خستۆتە سەر بوودجەی حکومەت ئەویش لە قۆناغێکی پڕ قەیران و گرفتدا. بانکی نێودەوڵەتییش لەسەر ئەم بنەما و تێڕوانینانە بوو کە کۆمەڵێك چاکسازیی پێشنیارکرد بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە سێ تەوەری سەرەکی لەخۆ گرتووە:

١- ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان خەرجی و داهاتەکان؛ ئەوە بوو بە ناچاری حکومەتی هەرێمی کوردستان خەرجییەکانی کەم کردەوەو پاشەکەوتی مووچەی جێبەجێ کرد، چونکە لە کاتێکدا حکومەتی عێراق بوودجەی هەرێم و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانی بڕی، ئیتر حکومەت لە توانایدا نەبوو، مووچەکان وەکو پێشوو دابین بکات، هەربۆیە مووچەی ڕێژەیەکی زۆری مووچەخۆرانی پاشەکەوت کرد. بۆ زیادکردنی داهاتەکانیش هەندێك لە باج و ڕسومات و غەرامەی زیاد کرد، لەمەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی باش توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ڕێگە نەدات بە تەواوەتی دۆخەکە ئیفلیج بێت و داڕمێت، ئەو جیاوازییەی نێوان خەرجی و داهاتەکان کە لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ کە نزیکەی شەش ملیار دۆلار بوو، خۆشبەختانە لە کۆتاییەکانی ٢٠١٥ و ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ جیاوازیی نێوان خەرجی و داهاتەکان بۆ نزیکەی ملیارێك کەمتر بوونەتەوە.

٢- بەهێزکردنی کەرتی تایبەت بوو، کە بە دووەم پێشنیاری بانکی نێودەوڵەتی دادەنرێت؛ کە جێگای داخە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی سەرکەوتنی گەورە و کاریگەری هەبێت لەم ڕووەوە. بەڵام ئێستاش ئومێد زۆرە لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چاکسازیی بەرەوپێشبردنی کەرتی تایبەت یەکێك بێت لە ڕیزبەندی کارەکانی. کە دەکرێت هۆکاری لاوازیی ئەم کەرتە لە چەند بوارێکدا ئاماژەی پێ بکەم لەوانە: (لاوازی و نەگونجانی یاسا و ڕێنماییەکان لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆدا )کە بووەتە هۆی دروستکردنی ڕۆتینی زۆر و لە هەندێك کاتیشدا بەربەست بۆ کەرتی تایبەت. بەڕێوەبردنی تاکلایەنانەی کارە خزمەتگوزارییەکان لەلایەن حکومەتەوە لەوانە کارەباو ئاو کە دەکرێت حکومەت دەستبەرداری ئەو بارگرانییە بێت و بەپێی ئەو خەرجییانەی لەم بوارانەدا سەرف دەکرێت لەلایەن کەرتی تایبەتەوە وەربگیرێتەوە، نەبوونی پلانی کار بۆ هەر کەرتێك و.. هتد).

٣- دامەزراندنی سیستمێکی پێشکەوتووی بانکی، کوردستان پێویستی بە سیستەمێکی پێشکەوتووی بانکی هەیە بۆ ئەوەی ئەو پارەو پاشەکەوتە ناوەبەرهێنانەی کە ئێستا لە ماڵەکاندا بوونی هەیە، لەکەرتی وەبەرهێنان سوودی لێوەربگیرێت و قازانجی بۆ ژمارەیەکی زۆرتری هاووڵاتیان بێت، چونکە ئەگەر پارە خولی سووڕانەوەی دارایی خۆی نەکات، سوودی بۆ گەشەی ئابووری نابێت. هەروەها لە کاتێکدا کە چاکسازیی کارگێڕیی و گۆڕانکاری لە بونیادی ئابووری دەکرێت، پێویستە شوێنەوارەکانی لەسەر ئەو خەڵکانەی زیانمەند دەبن، بە چەشنێك بێت کە کاریگەری توندیان لەسەر دروست نەبێت.

ئەمە پوختەی ئەو پێشنیارانە بوو کە بانکی نێودەوڵەتی بە هاوبەشی وەزارەتی پلاندانانی هەرێم ئامادەی کردبوو، کە وەکو ئاماژەم پێدا لە هەندێك بواردا سەرکەوتوو بووین و لە هەندێکی دیکەدا بەداخەوە نەمانتوانی کاری لەسەر بکەین، بەو ئومێدەی لە کابینەی داهاتوودا بتوانین چاکسازیی ئابووری و کارگێڕی بە باشترین شێواز جێبەجێ بکەین، بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەو خەڵکانە هەبێت کە لەم پلانەدا زیانمەند دەبن.

*** با کەمێك لەسەر ئەم خاڵە ڕابوەستین ؛ زۆر لە ئابووریناسان باس لەوە دەکەن هەموو ئەو پڕۆژانەی بانکی جیهانی دێتە ناویەوە، بارگرانی لەسەر شانی خەڵك دروست دەکات، بۆ نموونە سنوورێکی بۆ نرخی سووتەمەنی هەیە، ئایا بەڕاستی ئەو پلانەی بانکی ئابووری کە ئەم وەزارەتە بەنیازە جێبەجێی بکات، تاچەند باری سەرشانی هاووڵاتیان قورس دەکات؟**

- ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جددی لەسەر ئەم خاڵە ڕاوەستاوین، بۆ ئەوەی کۆمەڵێك خەڵك بەتایبەتی چینی هەژار زیانمەند نەبێت لە جێبەجێکردنی ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان خەرجی و داهات و ئەنجامدانی چاکسازیی کارگێڕی پێویستە ئێمە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیمان هەبێت، تاوەکو ئەو خەڵکانەی دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە، ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە هاوکارییان بکات. ئەمەش خۆ نەبێت کارێکی ئاسان بێت،

**زیاتر لە ٩٠٪ی داهاتی حکومەت لە کەرتی نەوتەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش هەرێمی کوردستانی بە تەواوەتی وابەستە کردووە بە هەناردەکردنی تەنیا یەک کاڵا، هیچ ئابوورییەکیش لەدنیادا ناتوانێت بە پشتبەستن بە یەک سەرچاوە بەتایبەتی سەرچاوەیەکی وەکو پێترۆڵ ئابوورییەکی سەقامگیری هەبێت**

**کێشەیەکی دیکە کە ئابووریی کوردستان گیرۆدەی بووە، لاوازیی کەرتی تایبەتە، لەکاتێکدا دەبووایە ئەم کەرتە گەشەی بکردایە بۆ ئەوەی بتوانین تەرشیقی کەرتی گشتی و بووژانەوەی ئابووریی هەرێمی پێ بکەین**

**ئەو جیاوازییەی نێوان خەرجی و داهاتەکان کە لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ کە نزیکەی شەش ملیار دۆلار بوو، خۆشبەختانە لە کۆتاییەکانی ٢٠١٥ و ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ جیاوازیی نێوان خەرجی و داهاتەکان بۆ نزیکەی ملیارێک کەمتر بوونەتەوە**

سەرەتا دەبێت بزانین ئەم چینە هەژارە کێن و چۆن هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین کە لەسەر بنەمای فیئە نەبێت، بەڵکو لەسەر بنەمای داهاتی راستەقینەی کەسەکە بێت، بەوەی ئەگەر داهاتەکەی کەوتە ژێر هێڵی هەژارییەوە هاوکاری بکرێت. ئامادەکارییەکی زۆر لەم بوارەدا کراوە لە وەزارەتمان لەگەڵ وەزارەتی کاروکاروباری کومەلایەتی. دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نییە کە لە جێبەجێکردنی چاکسازیی ئابووری بارگرانی بخاتە سەرشانی خەڵك، بەتایبەتی لەسەر خەڵکی هەژار، بۆ نموونە ئەگەر باسی باشکردنی دۆخی کارەبا بکەین، ئەوا دەبێت ئەو پاڵپشتییە گەورەیەی لەسەر ئەم کەرتەیە کەم بکرێتەوە و قۆناغ بە قۆناغ پاڵپشتی لە سەر کرێی کارەبا هەڵگرین، هاوکات بەپێی هەڵکشانی بەکارهێنانی کارەباکە نرخەکە زیاد بکرێت، ئەمەش لەلایەکەوە هاندان دەبێت لە بەفیڕۆنەدان و زیادبەکارهێنانی کارەبا، لەلایەکی دیکەوە خەرجییەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردنی کارەباکە بەدەست دەهێنینەوە لەو چین و توێژانەی کە توانای داراییان هەیە و کارەبای زیادە لە پێداویستی تاکێك بەکار دەهێنن. زیادکردنی ماوەکانی پێدانی کارەبا بۆ ٢٤ کاتژمێر بەمشێوەیە دەبێت، بانکی نێودەوڵەتیش باسی ئەمە دەکات، با پاڵپشتی نرخی کارەبا بۆ خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت بێت و ئەوەی دەوڵەمەندەو بەکارەبا وەبەرهێنان و خزمەتگوزاریی بەگەڕ دەخات و لێی سوودمەندە، بۆچی پاڵپشتیی نرخی کارەباکەی بکرێت؟ لە کۆتاییشدا ریفۆرم کارێك نییە لە ماوەی شەو و رۆژێکدا ئەنجام بدرێت، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامی قۆناغ بە قۆناغە، لە زۆر بواریشدا سەرکەوتوو بووین، بۆ نموونە لە رووی زۆریی ژمارەی فەرمانبەرانی حکومەتەوە هەنگاومان ناوە بۆ کەمکردنەوەی ئەم رێژە زۆرە و بۆ زانیاریی خوێنەرانی گۆڤارەکەتان پێویستە ستانداره جیهانییەکانی ژمارەی مووچەخۆرانی حکوومی بزانین کە بەمشێوەیەن: (لە وڵاتانی پێشکەوتووە لە ٦-٧٪ی ژمارەی دانیشتووانیان فەرمانبەرن، لە وڵاتانی جیهانی سێ یان وڵاتانی مامناوەند ٤-٥٪ و وڵاتانی هەژاریش لە ٢-٣٪ ی دانیشتووانی فەرمانبەرن)، ئەمە لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان ١٣-١٤٪ی ژمارەی دانیشتووانی فەرمانبەری حکومەتن کە نزیکەی ٧٨٠ هەزار فەرمانبەر لە کۆی پێنج ملیۆن و نیوی ژمارەی دانیشتووانی هەرێم دەبێت. ئێمە راستەوخۆ نەهاتووین ئەم ژمارەیە کەم بکەینەوە، بەڵکو بە چەند قۆناغێك کاری لەسەر دەکەین، سەرەتا بە سیستمی بایۆمەتری و بە کەمکردنەوەی دوو یان سێ مووچەیی، لە قۆناغەکانی دیکەدا دەبێت کار بدۆزینەوە لە کەرتی تایبەت، بەتایبەتی بۆ هەندێك فەرمانبەر بە مەرجێك بە هاوشێوەی هەموو ئەو ئیمتیازات و مووچە و خانەنشینی و مۆڵەتی دایکایەتی و هاندانانەی کە لە کەرتی گشتی هەیە لە کەرتی تایبەتیش هەبێت، بگرە پارەو داهاتێکی زیاتریشی دەستکەوێت.

*** لە هەموو روویەکەوە پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراورد بە حکومەتی عێراق سەرکەوتووتر بووە، ئایا تاچەند ئەمە پیشانی دەدات وەزارتی پلاندانانی هەرێم لە وەزارەتی پلاندانانی بەغدا سەرکەوتووتر بووە؟**

- لەدوای ٢٠٠٤ تەنیا بە سەیرکردنی شارەکانی کوردستان و هەڵکشانی خەرجییەکانی تاکەکەسی ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە چ جیاوازییەك لەنێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق هەیە. ئێمە رێگاوبان و شەقام و بەرزە پرد و پرۆژەکانی کارەباو ئاو و ئاوەڕۆ و فرۆکەخانە و پرۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازیمان دروست کردووە، ئەمەش وایکردووە داهاتی کەسێك لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٣ و تائێستاش زۆر بەرز ببێتەوە، تەنانەت لە رووی نیشانەکانی پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی و پەروەردە هەنگاوی باش نراوە. خزمەتگوزاریی خۆپارێزیی زیاتر و باشتر بووە و کەلێنی خوێندن و نەبوونی کەرەستەی تەکنەلۆژیا لە پۆلدا گۆڕاوە و سیستەممان بۆ درێژەدانی قوتابی بە خوێندن رووی لە باشی کردووە، بۆ نموونە لە ٢٠٠٤ تەنیا لە ٥٤٪ خوێندەوارمان بووە، بەڵام لە ٢٠١٧ ئەم رێژەیە بەرز بووەتەوە بۆ ٧٩٪، هەروەها قەبارەی خێزان لە ساڵی ١٩٧٨ لە کوردستان ٢ .٦ کەس بووە ئێستاکە بۆ ١. ٥ کەمی کردووە، واتا باروگوزەرانی خەڵکی باشتر بووەو رێژەی خوێندەواریی ئافرەتان زیادی کردووەو لەم حاڵەتەدا ژیانی هاوسەری

**کوردستان پێویستی بە سیستەمێکی پێشکەوتووی بانکی هەیە بۆ ئەوەی ئەو پارەو پاشەکەوتە ناوەبەرهێنانەی کە ئێستا لە ماڵەکاندا بوونی هەیە، لەکەرتی وەبەرهێنان سوودی لێوەربگیرێت و قازانجی بۆ ژمارەیەکی زۆرتری هاووڵاتیان بێت**

**پێویستە ئێمە تۆڕێکی کۆمەلایەتیمان هەبێت، تاوەکو ئەو خەڵکانەی دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە، ئەم تۆڕە کۆمەلایەتییە هاوکارییان بکات**

**حکومەتی عێراق پارەیەکی زۆریان لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختیی نێودەوڵەتی بە نزیکەی شەش ملیار دۆلاریان بە ناوی چاکسازییەوە وەرگرت، کەچی چاکسازیشیان نەکرد**

دوادەکەوێت. ڕێژەی خوێندەواری لە ساڵی ٢٠٠٤ کە سەرەڕای ئەم قەیرانەو ئەو تەحەددییە قورسانەی کەوتە سەرشانی حکومەت سەرجەم وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت توانییان خۆڕاگر بن و درێژە بەکارو خزمەتگوزارییەکانیان بدەن. ڕاستە ئێمە باشترین حکومەت نەبووین لە دنیادا، تەنانەت ئەو کارانەی کە کردوومانە دەمانتوانی دوو هێندە باشتری بکەین، ئەگەر حزبە بەشدارەکانی ناو حکومەت پابەندی چوار ساڵ سەقامگیری بوونایەو هەموویان بەیەکڕیزی بەرپرسیارێتییە مێژووییەکەیان لەئەستۆ بگرتایە. دواتر حکومەت دەتوانێت بە بەردەوامی ئەداکردنی ئەرکەکانی باشتر بکات، بەڵام بەتەنیا بە بەراوردکردنێکی شارەکانی هەرێم بە شارەکانی عێراق ئەو جیاوازییە گەورەیە دەبینین، لە کاتێکدا حکومەتی عێراق پارەیەکی زۆریان لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختیی نێودەوڵەتی بە نزیکەی شەش ملیار دۆلاریان بە ناوی چاکسازییەوە وەرگرت، کەچی چاکسازیشیان نەکرد، ئەمە وێڕای ئەوەی بوودجەی کوردستانیان بڕی و ئاوارەیەکی زۆری ئەوانیش ڕوویان لەناوچەکانی کوردستان کرد، ئەمە وێڕای ئەو ژمارە زۆرەی پەناهەندەکانی سووریا.

*** ئەگەر ڕاشکاوانە بدوێین؛ زۆر لە ئابووریناسان دەڵێن، حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی پێشوەختەی بۆ ئەگەری ڕوودانی قەیرانێکی گەورەی ئابووری نەبووە، ئایا ئێوە وەك وەزارەتی پلاندانان، هیچ پلانێکتان نەبووە، یان قەیرانە ئابوورییەکە زۆر گەورە و چاوەڕواننەکرابوو و لەسەرووی ئیرادەی پلانەکەی ئێوە بووە؟**

- سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و حکومەتمان پلانیان هەبوو، ئەگەر پلان نەبوایە لە قەیرانە داراییەکەدا دۆخەکە زۆر خراپتر دەبوو. لە ساڵانی ٢٠٠٤ تاکو ٢٠١٣ هەموو سەرچاوەی دارایی لەبەغدا دەهات، ئەگەر پلانمان نەبوایە و تەنیا پشتمان بەداهاتی عێراق ببەستایە، ئەوا ئەو کاتەی بوودجەی کوردستان بڕا، ئەزموونی هەرێمی کوردستان تووشی شکستێکی گەورە دەبوو، چونکە سەرچاوەی دارایی و پشکی هەرێمی کوردستان کە لە بەغداوە دێت، لە هەموو کاتێکدا لەژێر فشاری سیاسییە و ئەگەری بڕینی هەبووە، هەر بۆیە پێشتر پلان هەبوو کە پشت بەو سەرچاوەیە نەبەستێت، هەرواش دەرچوو لە مانگی دووی ٢٠١٤ پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجە و مووچە بڕدرا. ئەگەر ئامادەیی دوو ساڵی پێشوو و دووربینیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووایە، کارەساتی گەورە بەسەر ئەم میللەتەدا دەهات. هەندێك جاریش تەحەدداو قەیرانی وا دێتە پێشەوە لە دەرەوەی ئیرادەیە، وەکو شەڕی داعش و دابەزینی بەهای پێترۆڵ و هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان، خەرجییەکانی بەرەی پێشەوەی شەڕ بە درێژایی ١٨٠٠ کیلۆمەترو ئەو پۆلە شەهید و برینداروو قوربانی و ماڵوێرانییە زیانێکی گەورەی مرۆیی و ماددی لە کوردستان داوە. ڕاستە هاوپەیمانەکان هاوکارییان کردین، بەڵام شەڕی سەر زەوی پێشمەرگە کردی، لەبواری ئاوارەو پەناهەندەکانیشەوە، لەماوەی ساڵ و نیوێکدا بە هۆی هاتنی بە لێشاوی پەنابەر و ئاوارە ژمارەی دانیشتووانی کوردستانی بە ڕێژەی ٣٠٪ی زیادی کرد، کەچی وڵاتێکی بەهێزی وەکو ئەڵمانیا تەنیا لەبەر داڵدەدانی یەك ملیۆن ئاوارە کە ناگاتە ١,٢ ٪ دانیشتوانی داوای هاوکاری لە هەموو وڵاتانی ئەورووپا و جیهان کرد، بووە هۆی قەیرانی سیاسییش لە وڵاتەکە. کەواتە پلانی پێشوەختە هەبوو کە نابێت پشت بە سەرچاوەی داهاتی نەوتی عێراق ببەسترێت و خەڵکێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەریشمان هەبوو کە بەرگەی پاشەکەوت و بێکاری و دواکەوتنی مووچەی گرت و بگرە هاوکاری ئاوارەکانیشی کرد، تەنانەت حکومەت توانی ڕووبەڕووی ناسەقامگیریی سیاسیش ببێتەوە.

*** وەك کەسێك کە ئەزموونێکی بەرچاوی پراکتیکت لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان هەیە، ئایا دەبێت پلانی داهاتووی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن بێت بۆ ئەوەی حکومەت لەو ئاستەدا بێت کە وەڵامی خواست و داواکارییەکانی خەڵك بداتەوە؟**

- من وەکو کەسێکی شارەزا لەم بوارەدا کە لە بواری پراکتیکیش کارم کردووە و ئامادەم خزمەت بکەم لەو کابینەیەدا، ئەوە دەزانم کە چاکسازیی و پەرەپێدان کارێکی قورسە، بەڵام لەبەر ئەوەی ویستی خەڵك و ویستی سیاسیی لەسەرە و ئیرادەی جێبەجێکردن هەیە، ئەوا کارێکی مەحاڵ نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە

**سەرچاوەی دارایی و پشکی هەرێمی کوردستان کە لە بەغداوە دێت، لە هەموو کاتێکدا لەژێر فشاری سیاسییە و ئەگەری بڕینی هەبووە، هەر بۆیە پێشتر پلان هەبوو کە پشت بەو سەرچاوەیە نەبەسترێت**

**لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا بە هۆی هاتنی بە لێشاوی پەنابەر و ئاوارە ژمارەی دانیشتووانی کوردستانی بە ڕێژەی ٣٠٪ی زیادی کرد**

**خەڵکێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەریشمان هەبوو کە بەرگەی پاشەکەوت و بێکاری و دواکەوتنی مووچەی گرت و بگرە هاوکاری ئاوارەکانیشی کرد**

پێداچوونەوەیەك بەتوانا مرۆیی و داراییەکانمان بکەین و پلانێکی نوێ دابڕێژین. ئێمە قۆناغی گەشەسەندنمان هەبوو لە ٢٠٠٤ تاکو ٢٠١٣، هەروەها قۆناغی قەیرانمان هەبوو لە ٢٠١٤ تاکو ٢٠١٧ کە بەسەرکەوتوویی لێی دەرباز بووین. ئەمڕۆ قۆناغی خۆئامادەکردنەوەمان لەبەردەمدایە بۆ پەرەپێدان. ئەمەش پێویستی بە دیدگای نوێ هەیە، بۆ ئەم دیدگایەش ستراتیژیەت و پلان پێویستە. دەبێت پێوەرمان هەبێت و هەموو وەزارەت و دامەزراوەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کار لەسەر ئەم پێوەرانە بکەن، بۆ ئەمەش پێویستە نیشانەکانی بواری گەشەی پەروەردەو تەندروستیمان لەبەردەستدا بێت، تاوەکو بزانین ئێمە لە چ پێگەیەکداین، بۆ نموونە نیشانەیەك هەیە پێی دەوترێت نیشانەی (مردن)ی منداڵی ژێر تەمەن یەك ساڵ کە لەهەرێمی کوردستان لە هەر هەزار منداڵێك کە لەدایك دەبێت ٢٣ منداڵ دەمرێت، پێشتر ٢٨ منداڵ بووە، ئەمە نیشانەیەکی باشە و پێویستە بەرنامە دابنرێت بۆ ئەوەی ئەم ڕێژەیە کەمتریش ببێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە هەموو بوارەکانی دیکەدا پێوەری جۆراوجۆر هەیە، بۆ نموونە تەنیا لە کەرتی تەندروستیدا زیاتر لە ٣٠ پێوەری جیهانی هەیە. پێویستە لایەنە بەشدارەکانی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەسەر یەك ڕۆئیا و ستراتیژییەت کار بکەن و شەفاف بن لەگەڵ یەکتردا و هاوکارو پاڵپشتی حکومەتی خەڵك بن بۆ باشترکردنی ژیانی هاووڵاتیان و لە موزایەدە و قسەی باق و بریق دەرباز ببین و بچینە قۆناغی هاوبەشی و پاڵپشتی و پەرەپێدانی بەردەوامەوە، بە باش بوترێت باش و بە خراپ بوترێت خراپ.

*** دوا پرسیارمان لەسەر پاشکەوتی مووچەی فەرمانبەرانە، باس لەوە دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران هەڵدەگیرێت، ئایا ئەمە بە وردی دیراسەت کراوە و پلانی بۆ داڕێژدراوە، یان تەنیا پشتی بەو بەشە بوودجەیە بەستووە کە بەنیازین حکومەتی عێراق بۆمان بنێرێت؟**

- ئەگەرچی پاشەکەوتی مووچە هەموو فەرمانبەرانی حکومەتی نەگرتووەتەوە، بەتایبەتی هێزەکانی پێشمەرگە و بەشێکی زۆری هێزەکانی ناوخۆ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەراورد بە ساڵانی پێشوو ڕێژەی پاشەکەوتەکە کەمتر بووەتەوە. لە بەرنامەی ئایندەی حکومەتدایە باشتریش بێت، ئەمەش بەندە بە زامنکردنی پشکی کوردستان لە بوودجە و سەقامگیریی هەرێمەکەو جێبەجێکردنی پرۆژەی چاکسازی و ڕاگرتنی باڵانسی نێوان خەرجییەکان و داهاتەکانی حکومەت. سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و ڕۆڵی بارزانی لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و بەهێزبوونەوەی ڕۆڵی سیاسی و دیپلۆماسیی کورد لە بەغداو جیهان زامنی هاتنی بەشە بوودجەکەی لە بەغداوە دەکات. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە نابێت هەرچی داهاتی حکومەت هەیە کە دەستی دەکەوێت، تەنیا بۆ مووچە خەرجی بکات، بەڵکو پێویستە بۆ پەرەپێدان و وەبەرهێنان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانیش بەکاری بهێنێت، ئەمەش دواجار لە ڕووی ئابوورییەوە پەرەپێدانێك لە هەرێمەکەدا دەخوڵقێنێت و دەبێتەهۆی دروستبوونی هەلی کارو باشترکردنی بژێویی خەڵك. بە جووڵەی بازاڕو ئابووریش دووبارە حکومەت داهاتەکانی ناوخۆی بەرز دەکاتەوە، ئەمەش وادەکات پەنجەرەیەکی دیکە بۆ هاتنی بەردەوامی سیولەی نەختینەیی بکرێتەوەو چیتر حکومەت تەنیا پشت بە هاتنی ئەو بەشە بوودجەیە نەبەستێت کە لە بەغداوە دێت، کە ئەویش پشتی بەستووە بە داهاتێکی ناجێگیرو نادیاری بەهای نەوتی خاو. لەم سەردەمەدا ئاستی گەشەی ئابووری و پەرەپێدان تەنیا بە داهاتی تاکەکەسی ناپێورێت، بەڵکو پشت بە چەندین پێوەری دیکەی تەندروستی و خزمەتگوزاری و ئاو و کارەباو تەنانەت ژینگەش دەبەسترێت، پێویستە زامنی ئەوە بکەین ئەگەر هاتوو لە ساڵانی داهاتوودا شۆکێکی تری ئابووری، یان قەیرانێك بێتە پێشەوە، توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەو قەیران و تەحەددییانەمان هەبێت، چونکە هێزی ناوخۆ، سەرکەوتنی حوکمڕانی و بەهێزبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دروست دەکات، هەربۆیە پێویستە ئێمە لە چاکسازیی و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانەوە دەست پێ بکەین و ببینە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزی وا کە جارێکی دی لاوازیی ئابووری لە دژمان بەکار نەهێندرێت.

**چاکسازیی و پەرەپێدان کارێکی قورسە، بەڵام لەبەر ئەوەی ویستی خەڵک و ویستی سیاسی لەسەرە و ئیرادەی جێبەجێکردن هەیە، ئەوا کارێکی مەحاڵ نییە**

**ئێمە قۆناغی گەشەسەندنمان هەبوو لە ٢٠٠٤ تاکو ٢٠١٣، هەروەها قۆناغی قەیرانمان هەبوو لە ٢٠١٤ تاکو ٢٠١٧ کە بەسەرکەوتوویی لێی دەرباز بووین. ئەمڕۆ قۆناغی خۆئامادەکردنەوەمان لەبەردەمدایە بۆ پەرەپێدان. ئەمەش پێویستی بە دیدگای نوێ هەیە**

**ئەو کارانەی کە کردوومانە دەمانتوانی دوو هێندە باشتری بکەین، ئەگەر حزبە بەشدارەکانی ناو حکومەت پابەندی چوار ساڵ سەقامگیری بوونایەو هەموویان بەیەکریزی بەرپرسیارێتییە مێژووییەکەیان لە ئەستۆ بگرتایە**

# ئەفسانەی کەرتی کشتوکاڵ

## پێشەکی

لە مێژە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ بووەتە وێردی دەمی رۆشنبیران و ئەکادیمیاکانی کوردستان. زۆر جار لە کۆڕ و کۆمەڵەکاندا واپیشاندەدرێت کە ئەگەر کەرتی کشتوکاڵ بواری شایستەی خۆی پێ بدرێت، ئەوا کوردستان دەبێتە وڵاتێکی دەوڵەمەندی پێشکەوتوو و چیدی پێویستی بە وڵاتانی دەرەوە نامێنێت، تەنانەت هەندێ وادەزانن کە ئەگەر کشتوکاڵ پێشکەوتوو بێت، وڵات پێویستی بە کەرتی نەوتیش نابێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم بۆچوونانە وا پیشاندەدەن کە بە پشتبەستن بە سامانە سروشتییەکان، دەشێت وڵات هەر پێویستی بە هیچ وڵاتیکی دیکەی جیهان نەبێت. ئەڵبەتە هەبوونی کەرتێکی گەشەکردووی کشتوکاڵ بناغەیەکی ئابووریی پێویستە بۆ گەشەکردنی ئابووریی وڵات، بەڵام کەرتێکی گەشەکردووی کشتوکاڵ تاکە مەرج نییە بۆ گەشەکردنی ئابووری و ئەو وڵاتانەی زۆر دەوڵەمەندن لە رووی سامانە سروشتییەکانەوە مەرج نییە گەشەکردوو بن. بە پێچەوانەوە، وڵاتانی گەشەکردووی وەك یابان و ئەڵمانیا و کۆریای باشوور لە چاو وڵاتانی دیکەی جیهاندا زۆر هەژارن لە رووی سامانی سروشتییەوە.

> **لە رووی خۆراکەوە، کەرتی کشتوکاڵ دەتوانێت سەربەخۆیی لە وڵاتانی دراوسێ بەدەست بهێنێت، بەڵام گۆشەگیری و خۆدوورەپەرێزگرتن لە بازاڕی جیهان سیاسەتێکی ناسەرکەوتووە و مێژوویەکی پڕ لە مەترسی هەیە**

پێش ئەوەی ئەم بابەتە بەشێوەیەکی وردتر شی بکەینەوە، پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە بۆ ئەو جۆرە بۆچوونانە بەو شێوەیە لە کوردستاندا پەرەی سەندووە. هۆیەکی گرنگی ئەو بۆچوونانە دەگەڕێتەوە بۆ بیرەوەرییەکانی خەڵکی لە نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا. رووخان و چۆڵکردنی لادێکانی کوردستان شان بە شانی شەڕی یەکەمی کەنداو و ئابلۆقەی ئابووری لە سەر عێراق و لە هەمان کاتدا عێراق لە سەر کوردستان، بوو بە هۆی کەمبوونی خۆراك و بڵاوبوونەوەی برسێتی و کەمدەرامەتییەکی بەربڵاو. ئەمە لە خۆیدا بووەتە مایەی نیگەرانی رۆشنبیران و سیاسەتمەداران کە بۆ ئەوەی نەهامەتی و برسێتییەکانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو نەگەڕێتەوە، پێویستە کەرتی کشتوکاڵ پەرەی پێ بدرێت. بێگومان ئەمە ئامانجێکی دروستە و پێویستە کەرتی کشتوکاڵ وەك کەرتێکی ستراتیجی چاوی لێبکرێت، بەڵام تەنیا لە روانگەی هەبوون و دابینکردنی خۆراکە سەرەکییەکانەوە چاوی لێ بکرێت.

هۆکاری دووەمی ئەم بۆچوونانە زیاتر مۆرکی تاسەکردنی (Nostalgia) دەروونی پێوەدیارە. لە روانگەی ئەم بۆچوونەوە، ئاوەدانکردنەوەی هەموو لادێ و گوندەکانی کوردستان ئەرکێکی نیشتمانییە. مەبەستی سەرەکیی ئەم ئاراستە بیرکردنەوەیە گێڕانەوە و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی جینۆسایدی رژێمی پێشووە و گێڕانەوەی ژیانی لادێ بۆ بارودۆخی پێش رووخانە. هەرچەندە مەبەستی ئەو کەسانەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیان هەیە، جوامێرانەیە، بەڵام ساویلکەییەکی زۆریان پێوەدیارە. پێویستە ئەو کەسانە ئەوە لەیاد نەکەن کە لە کۆندا ژیان و گوزەرانی لادێنشینەکان نە ئاسان بووەو نە رۆمانتێك. هەر بۆیە ئێستا خەڵکی لادێکانی کۆن زۆر بابەتیانە و کردارانە لە ژیانی خۆیان دەڕوانن. ئەوەی لە رووی گوزەرانەوە دەڕواننە گەڕانەوە بۆ لادێکان. لەبەر هەمان هۆیە دەبینین هەرچەندە هەلومەرجی گەڕانەوە ئێستا لەبارترە لە جاران و حکومەتی کوردستان تا رادەیەك پشتیوانی لە گەڕانەوەی خەڵك دەکات بۆ لادێکان، هێشتا زۆر لادێ و گوندەکان هەر بە چۆڵی یا نیمچە چۆڵی ماونەتەوە. مەبەستی ئەم وتارە خستنەڕوو و شیکردنەوەی



**پرۆفیسۆر د. لەتیف کەریم واحید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەو ئاستەنگانەیە کە بۆتە هۆکاری نائاوەدانکردنەوەی لادێکانی کوردستان لە روانگەیەکی زانستییانەوە.

## ● کەرتی کشتوکاڵ و گەشەکردنی ئابووری

لە جیهانی ئەمڕۆدا کەرتی کشتوکاڵ پەیوەندییەکی بەرەواژی هەیە لە گەڵ گەشەکردنی ئابووریدا. واتە، لەگەڵ گەشەکردنی ئابووریدا، پشکی ئەم کەرتە لە داهاتی نەتەوەییدا کەم دەبێتەوە. هۆکاری ئەم دیاردە هاوچەرخییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەهای بەرهەمی کشتوکاڵ سنووردارە لە کاتێکدا بواری پەرەسەندنی بەهای کاڵاکانی کەرتی خزمەتگوزاری و پیشەسازی زۆر بەر فراوانترە. بە واتایەکی دیکە، توانای بەرهەمهێنانی خاك زۆر سنووردارە و ئەگەر مرۆڤ بیەوێت برەوی فرەتری پێبدات، دەبێت کەرتی پیشەسازی پێش بخات. بۆ نموونە بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمی پارچە زەوییەك پێویستە پەنا ببرێتە بەر پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و زانست. لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ بازاڕیکردنیان، زۆر بەرهەمی کشتوکاڵی پێویستیان بە پرۆسەی گۆڕان هەیە کە بە ئامێری پیشەسازی دەکرێت. هەر بۆیە هەرچەند کەرتی کشتوکاڵ پێش بکەوێت، پشکی کەرتەکە لە گەڵ گەشەکردنی ئابووریدا رووەو کەمبوونەوە دەچێت.

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە یەك بۆمان دەردەکەوێت کە لە زۆربەی وڵاتە هەژارەکانی ئەفریقا و ئاسیا ڕێژەی سەدیی بەهای کشتوکاڵ لە کۆی گشتی داهاتی نەتەوەییدا بەرزە لە کاتێکدا لە وڵاتانی نیمچە گەشەکردوو و گەشەکردوودا ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە. بۆ نموونە ئەم ڕێژەیە لە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقادا لە سی لە سەدا (٣٠ ٪) کەمتر نییە، لە کاتێکدا لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا لە سێ لە سەدا ( ٣ ٪) تێپەڕ ناکات. ئەڵبەتە کەمبوونەوەی ئەم ڕێژەیە بە ڕێکەوت نەبووە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەر بڕوانینە ڕێژەکە لە وڵاتانی تازەگەشەکردووی چەشنی وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەکە بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان ڕێژەی ئەو دوو گروپەی پێشوودایە. بە واتە هەرچەند ئابووریی وڵات پێش بکەوێت، ڕێژەی بەهای کەرتی کشتوکاڵیش لە داهاتی گشتیی نەتەوەدا کەم دەبێتەوە. لە لایەکی ترەوە ئامارەکان ئەوەمان پیشان دەدەن کە ڕێژەکە ساڵ بە ساڵ روو لە کەمبوونەوەیە. خشتەی ژمارە دوو ئەوەمان نیشان دەدات کە لە ماوەی دوانزە ساڵدا (٢٠١٢ - ٢٠٠٠) ئەم ڕێژەیە لە سەرتاسەری جیهاندا کەم بووەتەوە. بۆ نموونە، ڕێژەی بەهای کشتوکاڵ لە وڵاتانی کەمدەرامەت ١٧,٧٪ کەمی کردووە و لە وڵاتانی دەرامەت ناوەندی ٢٣,١ کەمی کردووە و لە وڵاتانی گەشەکردوودا ٥٠ ٪ کەمی کردووە. واتە هەتا وڵات گەشەکردووتر بێت، هێندە ڕێژەی پشکی کشتوکاڵ لە کۆی داهاتی گشتیی وڵاتدا کەمتر دەبێتەوە.

**لە زۆربەی وڵاتە هەژارەکانی ئەفریقا و ئاسیا ڕێژەی سەدیی بەهای کشتوکاڵ لە کۆی گشتی داهاتی نەتەوەییدا بەرزە لە کاتێکدا لە وڵاتانی نیمچە گەشەکردوو و گەشەکردوودا ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە**

بێگومان ئەو شیکردنەوەی سەرەوە ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێت کۆی گشتی بەرهەمی کەرتی کشتوکاڵ کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی گەشەکردنی ئابووری رووبدات. بە پێچەوانەوە، دابینکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەتایبەتی خۆراکەکان لە ناوخۆدا دەبێتە مایەی تەندروستییەکی باشی کۆمەڵگە و کەمکردنەوەی خەرجی نەتەوەیی لە سەر خواردنە هاوردەکان، ئەمەش یارمەتی هاوکێشەکردنی تەرازووی بازرگانی Trade Bal-ance)) دەدات. لە لایەکی ترەوە، بە شێوەیەکی گشتی، کەرتی کشتوکاڵ پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە

پرۆسەی گەشەکردنی ئابوورییەوە. میکانیزمەکانی پەیوەندیی نێوان کشتوکاڵ و کەرتەکانی دیکەی ئابووری لە رووی زانستی ئابوورییەوە، دابینکردنی کەرەسەی خاوە بۆ پیشەسازی، ئازادکردنی هێزی کاری هەرزانە بۆ گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی، زیادە بەهایە بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە و ژینگە و گەشتوگوزار بۆ رابواردنی دانیشتووانی شار. بێگومان کارایی و بەهێزیی ئەم میکانیزمانە بەندن بە هەلومەرجی دیکەوە کە پێویستە بایەخی خۆیانیان پێ بدرێت و هەروا بە خۆبەخۆ (ئۆتۆماتیك) کار ناکەن. بۆیە بۆ کارکردنی ئەو میکانیزمانە پێویستە ئەم کارتێکەرانە رەچاو بکرین، کە: ئایا وڵات گەشەکردووە؟ ئایا هێزی کار بە تەواوی بە کار براوە یا بێکاری بەرزە لە شارەکاندا؟ ئایا ئابووری کراوەیە یا داخراوە؟، ئایا رێژەی بەرهەمهێنان بەرزە، یا کشتوکاڵ هێشتا لە قۆناغی بژێویدایە (subsistence farming)؟

لێکدانەوەی دروست و لۆجیکیانە بۆ ئەو پرسیارانەی سەرەوە ئەوەیە، یەکەم: ئەگەر وڵات دواکەوتوو بێت و داهاتی تاکە کەس هێشتا نزم بێت، ئەوا زۆربەی داهاتی تاکەکەس بۆ خەرجکردن لەسەر خواردن دەڕوات. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر وڵات گەشەکردوو نەبێت، بە شێوەیەکی گشتی رێژەی بەرزبوونەوەی دانیشتووانی وڵات پێشبینی دەکرێت بەرز بێت. بۆیە بەرزبوونەوەی بەرهەمەکانی کەرتی کشتوکاڵ بە شێوەیەکی گشتی دەڕوات بۆ تێرکردنی بەرزبوونەوەی دانیشتووان و ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانە کە هێشتا خواستی خواردنیان تێر نەبووە. دەرئەنجامی ئەمەش ئەوە دەبێت کە بەرزبوونەوەی کۆی گشتیی بەرهەمی کەرتی کشتوکاڵ مەرج نییە ببێتە هۆی کەڵەکەبوونی سەرمایە بۆ گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی. دووەم: کەرتی کشتوکاڵ مەرج نییە لە هەموو بارێکدا ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ هێزی کار بۆ گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی لە شارەکاندا. پێویستە خوێنەر لەوە تێبگات کە لە قۆناغی گەشەکردنی ئێستای کوردستاندا، بێکارییەکی زۆر لە شارەکاندا هەیە. ئازادکردنی هێزی کاری تر لە کەرتی کشتوکاڵدا ئەم کێشەیە ئاڵۆزتر دەکات. سێیەم: شێوەی کرانەوەی ئابووریی وڵات بەسەر بازاڕی جیهاندا کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەیە لەسەر ئەوەی ئایا کەرتی کشتوکاڵ بە تەنیا خۆی دەتوانێ ململانێیی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی وڵاتانی دەرەوە بکات؟ لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینەڕوو کە رای گشتی و «رۆشنبیران» ئەوەیە کە ئەگەر کەرتی کشتوکاڵ ئەو توانایەی نەبوو، پێویستە حکومەت پاڵپشتی تەواوی بکات بۆ ئەوەی ئەو بەربەرەکانێیە بکات. بەڵام کەس بیر لەوە ناکاتەوە ئایا ئەو پارەیە لە کوێوە دێت کە پاڵپشتی کەرتی کشتوکاڵی پێدەکرێت و ئەو پارەیە چۆن دەدرێت و بە چی بەرهەمێك دەدرێت و بە چی بەرهەمێك نادرێت و ئەم پاڵپشتیەش تاکەی بەردەوام دەبێت. لە رووی ئەکادیمی و زانستییەوە ئەو راستییە لە زووەوە سەلمێندراوە کە ئەگەر پاڵپشتیی بەرهەمهێنانی خۆراك بەرز بێت، نرخی راستەقینەی خواردن بەرز دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کرێی راستەقینە (Real Wage). بەرزبوونەوەی کرێی راستەقینە یەکێکە لە رێگرە بەهێزەکانی گەشەکردنی پیشەسازی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە بەرزبوونەی نرخی خوراك و کرێی راستەقینە لە درێژماوەدا لە خزمەتی گەشەکردنی ئابووریدا نییە. ئەم بابەتە پێویستی بە هەڵوێست و بیرلێکردنەوەی قووڵتر هەیە، ئەگەر وڵات بیر لە گەشەکردنی درێژخایەن بکاتەوە.

چوارەم: گرفتێکی دیکەی کەرتی کشتوکاڵ ئەوەیە کە ئەگەر ئەو کەرتە هێشتا لە قۆناغی بژێوی دابینکردندا بێت، ئەوا ئەو کەرتە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی یەکجار گەورە هەیە، بۆ ئەوەی لە گەشەکردنی ئابووریدا نەخشی هەبێت. بۆ نموونە، کشتوکاڵی بژێوپەیداکەر زۆربەی جار لەسەر پارچە زەوییەکی بچووکە کە بواری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ نادات. گۆڕانیش لە بناغەکانی خاوەندارێتی زەوی پڕە لە کێشە و بەربەست. لە لایەکی دیکەوە، جووتیاری بژێوپەیداکەر زۆربەی جار نەخوێندەوارو کەم شارەزایە و بە شێوەیەکی نەریتی دەڕوانێتە کشتوکاڵکردن. بۆیە بواری بەکارهێنانی زانست لە بەرهەمهێناندا لایان تەسکە و ئاسۆی پەرەپێدانی بەرهەمهێنانیان کەمە. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، ئەو جووتیارەی هێشتا لە قۆناغی بژێوی پەیداکردنە، پێویستی بە پارەیەکی زۆرە بۆ ئەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات. بۆیە ناتوانێت پاشەکەوتێکی ئەوتۆ بکات کە شار و گەشەکردنی ئابووری سوودیان لێ وەربگرێت.

بێگومان ئەو شیکردنەوەی سەرەوە لەهەموو بارێکدا ئەوە ناگەیەنێت کە بەرهەمی کەرتی کشتوکاڵ کەم بکرێتەوەو پشتیوانی لێ نەکرێت. بە پێچەوانەوە، بەکارهێنانی زانست و ئامێری نوێ لە بەرهەمهێناندا هەمیشە رێژەی بەرهەمهێنان بەرزدەکاتەوە. لەهەمان کاتدا، بەرزبوونەوەی دانیشتووانی جیهان پێویستی بە بەرزکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵ هەیە. بەڵام، دەرئەنجامی ئەو ئامارانە بە شێوەیەکی گشتی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە پەیوەندی بەرەواژی گەشەکردنی ئابووری و کەمبوونەوەی رێژەی پشکی داهاتی کەرتی کشتوکاڵ زۆر روون و ئاشکرایە. بە واتایەکی دیکە، گەشەکردنی ئابووری زیاتر بوار دەڕەخسێنێت بۆ گەشەکردن و بەرفراوانکردنی کەرتەکانی دیکەی ئابووری.

**دابینکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەتایبەتی خۆراکەکان لە ناوخۆدا دەبێتە مایەی تەندروستییەکی باشی کۆمەڵگە و کەمکردنەوەی خەرجی نەتەوەیی لەسەر خواردنە هاوردەکان، ئەمەش یارمەتی هاوکێشەکردنی تەرازووی بازرگانی** (Trade Balance) **دەدات**

**ئەگەر وڵات دواکەوتوو بێت و داهاتی تاکە کەس هێشتا نزم بێت، ئەوا زۆربەی داهاتی تاکەکەس بۆ خەرجکردن لە سەر خواردن دەڕوات**

**لە قۆناغی گەشەکردنی ئێستای کوردستاندا، بێکارییەکی زۆر لە شارەکاندا هەیە. ئازادکردنی هێزی کاری تر لە کەرتی کشتوکاڵدا ئەم کێشەیە ئاڵۆزتر دەکات**

خشتەی -١: ڕێژەی سەدی بەهای کەرتی کشتوکاڵ لە کۆی گشتی بەرهەمی نەتەوەییدا (Gross National Product) بە پێی هەڵبژاردەی وڵاتانی جیهان.

| ئاسیا | | وڵاتانی ئەفریقا | |
|---|---|---|---|
| پاکستان | ٢٤ | مەلاوی | ٣٠ |
| فیلیپین | ١٢ | نایجیریا | ٣٣ |
| هیند | ١٧ | ئەفریقای باشوور | ٣ |
| چین | ١٠ | کینیا | ٣٠ |
| باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا | | ئەمریکای باشوور | |
| ڤیتنام | ٢٠ | مەکسیک | ٤ |
| کۆریای باشوور | ٣ | بەرازیل | ٥ |
| تایلەند | ١٢ | ئەرجەنتین | ٩ |
| مالیسیا | ١٠ | پیروو | ٧ |
| کەمبۆدیا | ٣٦ | کۆلۆمبیا | ٧ |
| ئیندۆنوسیا | ١٤ | ڤەنزویلا | ٦ |
| ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وباکووری ئەفریقا | | وڵاتانی گەشەکردوو | |
| Saudi Arabia | ٢ | بەریتانیا | ١ |
| Lebanon | ٦ | *فەرەنسا | ٣ |
| تورکیا | ٩ | هۆڵەندا | ٢ |
| میسر | ١٤ | ئیتالیا | ٢ |
| ئوردن | ٣ | ئەڵمانیا | ١ |
| مەغریب | ١٥ | ئەمریکا | ١ |

World Bank، World Developme nt Indicators، 2013

*ئاماری ساڵی ٢٠٠٠

خشتەی-٢: ڕێژەی سەدی بەهای کەرتی کشتوکاڵ لە کۆی گشتی بەرهەمی نەتەوییدا (Gross National Product) بەپێی گروپی ولاتانی جیهان.ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠١٢.

| گروپ | ٢٠٠٠ | ٢٠١٢ | ٪ ڕێژەی گۆڕان |
|---|---|---|---|
| ولاتانی کەم دەرامەت | ٣٤ | ٢٨ | -١٧,٧ |
| ناوەند دەرامەت | ١٣ | ١٠ | -٢٣,١ |
| بەرز دەرامەت | ٢ | ١ | -٥٠,٠ |
| ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و پاسیفیك | ١٣ | ١١ | -١٥,٤ |
| ئەوروپا و ناوەڕاستی ئاسیا | ١٢ | ٩ | -٢٥,٠ |
| ئەمریکای باشوور و کاریبیان | ٥ | ٥ | ٠,٠ |
| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا | ١٣ | ... | ... |
| باشووری ئاسیا | ٢٤ | ١٨ | -٢٥,٠ |
| نیمچە بیابانی ئەفریقا | ١٧ | ١٦ | -٥,٩ |

World Bank، World Development Indicators، 2013

**بەرزبوونەوەی کرێی ڕاستەقینە یەکێکە لە ڕێگرە بەهێزەکانی گەشەکردنی پیشەسازی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە بەرزبوونی نرخی خۆراک و کرێی ڕاستەقینە لە درێژماوەدا لە خزمەتی گەشەکردنی ئابووریدا نییە**

**جووتیاری بژێوپەیداکەر زۆربەی جار نەخوێندەوارو کەم شارەزایە و بە شێوەیەکی نەریتی دەروانێتە کشتوکاڵکردن. بۆیە بواری بەکارهێنانی زانست لە بەرهەمهێناندا لایان تەسکە و ئاسۆی پەرەپێدانی بەرهەمهێنانیان کەمە**

**بەکارهێنانی زانست و ئامێری نوێ لە بەرهەمهێناندا هەمیشە ڕێژەی بەرهەمهێنان بەرزدەکاتەوە. لەهەمان کاتدا، بەرزبوونەوەی دانیشتووانی جیهان پێویستی بە بەرزکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵ هەیە**

### نەرمیی داخوازی داهات (Income Elasticity of demand) بۆ بەرهەمەکانی کشتوکاڵ

نەرمیی داخوازی بۆ خەرجکردن لە سەر هەر کاڵایەك گۆڕانی ڕێژەی سەدیی خەرجکردنە ئەگەر داهاتی تاکەکەس یەك یەکە بەرز ببێتەوە. بە واتایەکی دی، ئایا خەرجکردنی تاکەکەس لە سەر ئەو کاڵایە چەند دەگۆڕێت ئەگەر داهاتەکەی بەرزببێتەوە. لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوە دەردەخەن کە نەرمیی داخوازی داهات بۆ خۆراك و خواردنەوە بە شێوەیەکی گشتی نزمە. واتە ئەگەر داهاتی تاکەکەس یەك یەکە بەرز ببێتەوە، خواستی بۆ بەرهەمە خۆراکییەکان کەمتر لە یەك یەکە بەرزدەبێتەوە، لە کاتێکدا داخوازییەکانی بۆ بەرهەمە پیشەسازییەکان لە یەك یەکە زیاتر بەرز دەبێتەوە. بە وتەیەکی سادەتر، ئەگەر داهاتی تاکەکەس نزم بێت، تێرکردنی خواستە سەرەتایی و راستەوخۆکان بۆی لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترە. بۆیە زۆربەی داهاتەکەی بۆ پێداویستییە خۆراکییەکان خەرج دەکات. بێگومان هەتا داهاتی کەس بەرز ببێتەوە، خەرجکردنیش لەسەر خۆراك بەرز دەبێتەوە، بەڵام بە هەمان ڕێژە نا. بۆیە، لە ئاستێکی داهاتدا، تاکەکەس خواستەکانی بۆ خۆراك تێر دەبن و خەرجکردنی لە سەر خۆراك لەو ئاستەدا چەق دەبەستێت. بۆ نموونە ئەگەر داهاتی یەکێك هەزار دۆلاری ئەمریکی بێت لە مانگێکدا چوار کیلۆ گۆشتی مەڕ بخوات. ئەگەر داهاتەکەی سەد لە سەدا بەرز ببێتەوە، واتە ببێتە دوو هەزار دۆلار لە مانگێکدا، خواردنی گۆشت بە هامان ڕێژە بەرز نابێتەوە و نابێتە هەشت کیلۆ. ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەت ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە لە گەڵ بەرزبوونەوەی داهاتدا، خواست بۆ بەرهەمە کشتوکاڵێکان بە تایبەت خۆراك کەمتر بەرز دەبێتەوە و زۆربەی داهات بۆ بەرهەمە پێشەسازی و خزمەتگوزارییەکان خەرج دەکرێت.

> ■ **ئەگەر داهاتی تاکەکەس نزم بێت، تێرکردنی خواستە سەرەتایی و راستەوخۆکان بۆی لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترە. بۆیە زۆربەی داهاتەکەی بۆ پێداویستییە خۆراکییەکان خەرج دەکات**

لە ئاستی وڵاتدا، ئەو شیکردنەوەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تا وڵات دواکەوتووتر بێت لە رووی ئابوورییەوە، هێندە خەرجکردنی لەسەر خۆراك کڕین بەرز دەبێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر وڵات پێشکەوتوو بێت، پشکێکی کەمی داهاتی خێزان بۆ بەرهەمە خۆراکییەکان خەرج دەکرێت. بۆ روونکردنەوەی زیاتر، ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (٣) بۆمان دەردەکەوێت کە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی هەژاردا خەرجکردنی خێزان لە سەر خۆراك زۆر بەرزە. بۆ نموونە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەفریقادا زیاتر لە سەدا چل (٪٤٠)ی داهات بۆ خۆراك کڕین خەرج دەکرێت و لە وڵاتانی هەژاری ئاسیاشدا ڕێژەکە بە هەمان شێوە زۆر بەرزە. لە کاتێکدا لە گەڵ گەشەکردنی ئابووریدا، ئەم ڕێژەیە کەم دەبێتەوە. بۆ نموونە لە وڵاتانی تازە گەشەکردووی وەك کۆریای باشوور و تایوان و مالیزیا و بەرازیل و ئیسرائیلدا ڕێژەکە زیاتر لە نیوەی ڕێژەی وڵاتە هەژارەکان دابەزیوە. ئەوەی جێگەی تێبینییە لێرەدا ئەوەیە کە ڕێژەی خەرجکردنی خێزان لەسەر خۆراکەکان لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا زۆر نزمە. بۆ نموونە، لە ئەمریکادا لە حەوت لە سەد (٪٦,٦) کەمترە و لە ئەڵمانیادا نزیکەی یانزە لە سەدە (٪١٠,٩) و لە وڵاتانی دیکەشدا لە دەوروبەری ٪١٣-١٢دایە. بە واتایەکی دی، پشکی شێری خەرجی خێزان دەڕوات بۆ بەرهەمەکانی ناکشتوکاڵی. ئەم شیکردنەوەیەش ئەوەمان پیشاندەدا کە گەشەکردنی ئابووری زیاتر لە خزمەتی پەرەپێدانی کەرتەکانی دیکەی ئابوورییە، نەك کەرتی کشتوکاڵ.

> ■ **گەشەکردنی ئابووریی وڵاتانی جیهان ئەوەمان پیشان دەدات کە بەکاربردنی هێزی کار لە کەرتی کشتوکاڵدا پێ بە پێی گەشەکردنی ئابووری کەم دەبێتەوە**

| ئاسیا | ٪ | وڵاتانی ئەفریقا | ٪ |
|---|---|---|---|
| پاکستان | ٤٧,٧ | کامیرۆن | ٤٥,٩ |
| فیلیپین | ٤٢,٨ | نایجیریا | ٣٩,٥ |
| هیند | ٢٥,٢ | ئەفریقای باشوور | ١٩,٤ |
| China | ٢٦,٩ | کێنیا | ٤٤,٨ |
| باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا | ٪ | ئەمریکای باشوور | ٪ |
| ڤیتنام | ٣٥,٩ | مەکسیك | ٢٤,٩ |
| کۆریای باشوور | ١٢,٢ | بەرازیل | ١٥,٩ |
| تایلەند | ٣٢,٠ | ئەرجەنتین | ٢٠,٩ |
| مالیزیا | ١٩,٥ | پیروو | ٢٠,١ |
| تایوان | ١٣,٥ | کۆلۆمبیا | ١٨,٤ |
| ئیندۆنیسیا | ٣٣,٤ | ڤەنزوێلا | ١٨,٦ |
| ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وباکووری ئەفریقا | ٪ | وڵاتانی گەشەکردوو | ٪ |
| ئێران | ٢٥,٥ | بەریتانیا | ٩,١ |
| ئیسرائیل | ١٥,٩ | فەڕەنسا | ١٣,٣ |
| تورکیا | ٢٢,٢ | هۆڵەندا | ١١,١ |
| میسر | ٤٢,٧ | ئیتالیا | ١٤,٢ |
| ئوردن | ٣٢,٢ | ئەڵمانیا | ١٠,٩ |
| مەغریب | ٤٠,٥ | ئەمریکا | ٦,٦ |

خشتەی- ٣ ڕێژەی سەدی خەرج لە سەر خۆراك بە پێی گروپی وڵاتانی جیهان: ساڵی ٢٠١٢

Calculated from Euro monitor International data July 2013، USDA.org

## بەکاربردنی هێزی کار لە کەرتی کشتوکاڵدا

ئاستەنگی دیکەی کەرتی کشتوکاڵ لە بەکاربردنی هێزی کاردا دەردەکەوێت. گەشەکردنی ئابووریی وڵاتانی جیهان ئەوەمان پیشان دەدات کە بەکاربردنی هێزی کار لە کەرتی کشتوکاڵدا پێ بە پێی گەشەکردنی ئابووری کەم دەبێتەوە. هۆکاری بنەڕەتی بۆ ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بەرهەمهێنان لە کشتوکاڵدا و پەیوەندیی ئەم کەرتە بە خاکەوە. بە پێچەوانەی کەرتەکانی دیکەی ئابوورییەوە، بەرهەمهێنانی کشوکاڵ راستەوخۆ پشت دەبەستێت بە خاك. بێگومان بەپیتی و توانای بەرهەمهێنانی خاکیش دیاریکراوە. بۆ نموونە، ئەگەر بمانەوێ ڕێژەی بەرهەمهێنان لەسەر پارچە خاکێکی سنووردار بەرز بکەینەوە، پێویست ناکات کرێکاری زیاتر بەکار بهێنین، بەڵکو بە بەکارهێنانی ئامراز و تەکنیك و زانستی پێشکەوتوو دەتوانین ئەو ئامانجە بپێکین. ئەم دیاردەیە لە پانتایی خاك بەکارهێنانی کشتوکاڵ و کەرتەکانی دیکەی ئابووریدا بە روونی دەردەکەوێت. بۆ نموونە، لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادا تەنیا یەك کرێکار دەتوانێت بەرهەمی چەند هەزار هیکتار زەوی بەڕێوە ببات. لە کاتێکدا، لە کەرتی پیشەسازیدا دەتوانرێت جێگەی هەزارەها کرێکار لە پانتاییەکی زۆر تەسکدا لە رووی بەها و قەوارەوە جێگەی بکرێتەوە.

لە ئابووریی جیهاندا، ئەم بەرتەسکییە بەئاشکرا بەدی دەکرێت. خشتەی ژمارە چوار ئەوە دەردەخات کە هەتا ئابووریی وڵات گەشەکردووتر بێت هێندەش بەکاربردنی هێزی کار لە کەرتی کشتوکاڵدا کەم دەبێتەوە. بۆ نموونە لە وڵاتانی گەشەکردوودا لە ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١١ دا تەنیا سێ ونیو لە سەد (٣,٥٪)ی کۆی هێزی کاری ئەو وڵاتانە لە کشتوکاڵدا بەکار براون، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە وڵاتانی کەم و مام ناوەند دەرامەتدا دە هێندەی ئەو ڕێژەیە زیاترە. لە هەمان کاتدا، کەمبوونەوەی بەکاربردنی هێزی کار لە کەرتی کشتوکاڵدا لە ماوەی کەمتر لە دەساڵدا کە خشتەکە پیشانی دەدات زۆر بەرچاوە. بۆ نموونە، لە سەرانسەری جیهاندا، ئەم ڕێژەیە بۆ نۆزدە و نیو لە سەد (١٩,٥٪) کەم بووەتەوە. ڕێژەکەش لە وڵاتانی بەرز دەرامەتدا بە شێوەیەکی گشتی و ئەورووپا و ناوەڕاستی ئاسیا بە شێوەیەکی تایبەت زۆر لەو ڕێژەیە زیاتر کەمی کردووە.

**ئەگەر بمانەوێ ڕێژەی بەرهەمهێنان لە سەر پارچە خاکێکی سنووردار بەرز بکەینەوە، پێویست ناکات کرێکاری زیاتر بەکار بهێنین، بەڵکو بە بەکارهێنانی ئامراز و تەکنیک و زانستی پێشکەوتوو دەتوانین ئەو ئامانجە بپێکین**

دەرئەنجامی ئەم ئامارانە ئەوەمان پیشان دەدەن کە بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی لە کوردستاندا باون، کەرتی کشتوکاڵ توانای بەکاربردنی هێزی کاری زۆر کەمە و بە پێشکەوتنی کەرتەکەش ئەو توانایە رۆژ بە رۆژ کەمتر دەبێتەوە. تەنانەت ئەگەر بە پیشەسازیکردنی کشتوکاڵ بگاتە ئاستێکی زۆر بەرزیش هێشتا ئەو توانایە لە گەڵ گەشەکردنی ئابووریدا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت.

خشتەی- ٤: ڕێژەی سەدیی بەکاربردنی هێزی کار بەپێی گرووپی وڵاتان؛ ٢٠٠٠-٠٢-٢٠٠٩-١
World Bank، World Development Indicators، 2013

| گرووپ | ٢٠٠٠-٠٢ | ٢٠٠٩-١١ | ڕێژەی ٪ گۆڕان |
|---|---|---|---|
| جیهان | ٣٧,٩ | ٣٠,٥ | ١٩,٥- |
| وڵاتانی کەم و ناوەند دەرامەت | ٤٨,٥ | ٣٧,٧ | ٢٢,٣- |
| ناوەند دەرامەت | ٤٧,٩ | ٣٧,٦ | ٢١,٥- |
| بەرز دەرامەت | ٥,٤ | ٣,٥ | ٣٥,٢- |
| ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و پاسیفیك | ٤٩ | ٣٥,٦ | ٢٧,٤- |
| ئەورووپا و ناوەڕاستی ئاسیا | ٣٠,٦ | ٢٢,٢ | ٢٧,٥- |
| ئەمریکای باشوور و کاریبێکان | ١٨ | ١٦,٢ | ١٠,٠- |
| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری | | | |
| ئەفریقا | ... | ... | .. |
| باشووری ئاسیا | ٥٩,٢ | ٥٠,٨ | ١٤,٢- |
| نیمچە بیابانی ئەفریقا | ... | ... | ... |

**ڕەوتی گەشەکردنی ئابووریی جیهان ئەو راستییە دەردەخەن کە توانای کەرتی کشتوکاڵ لە رووی بەها دروستکردن و بەکاربردنی هێزی کارەوە زۆر سنووردارە**

لەکۆتاییدا پێویستە ئەوە وەبیر بخەینەوە کە ڕەوتی گەشەکردنی ئابووریی جیهان ئەو راستییە دەردەخەن کە توانای کەرتی کشتوکاڵ لە رووی بەها دروستکردن و بەکاربردنی هێزی کارەوە زۆر سنووردارە. بە پێچەوانەی ئەو بۆچونانەی لە کوردستاندا شێوەی ئەفسانەیان لەخۆ گرتووە، کەرتی کشتوکاڵ ناتوانێت بێکاری لەناو ببات و هێچ وڵاتێکیش بە تەنیا بە کەرتی کشتوکاڵ دەوڵەمەند نابێت. لە رووی خۆراکەوە، کەرتی کشتوکاڵ دەتوانێت سەربەخۆیی لە وڵاتانی دراوسێ بەدەست بهێنێت، بەڵام گۆشەگیری و خۆدوورەپەرێزگرتن لە بازاڕی جیهان سیاسەتێکی ناسەرکەوتووە و مێژوویەکی پڕ لە مەترسی هەیە. شیکردنەوەکانی ئەم وتارەش ئەوە ناگەیەنن کە پشت بکرێتە کەرتی کشتوکاڵ و حکومەتی کوردستان هیچ کۆمەکێکی نەکات. بەپێچەوانەوە، پێویستە کەرتی کشتوکاڵ پەرەی پێ بدرێت، بەڵام لەبەر رۆشنایی ئەو ئاستەنگانەی ئەم وتارە بە شێوەیەکی کورت خستوویەتەڕوو،هەروەها دەبێت دابینکردنی خۆراك وەك بەرهەمێکی ستراتیجی چاوی لێبکرێت و لە ئاوەدانکردنەوەی لادێ و گوندەکان جیابکرێنەوە.



**نەجات عەلی**

**فەرماندەی هێزەکانی٨٠ی پێشمەرگەی کوردستان بۆ گوڵان:**

# ئێستاش فاکتەرەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش لە عێراقدا ماون

**لە ئێستادا باس لە زیادبوونی جموجووڵەکانی داعش و گۆڕینی شێواز و تاکتیکی شەڕی ئەم گرووپە تیرۆریستییە دەکرێت، هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش، بەتایبەتی لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پرسی هەماهەنگیی نێوان هێزی پێشمەرگە و هاوپەیمانان و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەست بەم پرسانە لە میانەی دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ نەجات عەلی فەرماندەی هێزەکانی ٨٠ی پێشمەرگەی کوردستان تاوتوێ کران.**

*** وەك دەزانن ساڵی پار حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق کۆتاییهاتنی داعشی لە عێراق ڕاگەیاند، بەڵام وەك ئێستا باس دەکرێت، جارێکی دیکە گرووپە تیرۆریستەکانی داعش زیندوو بوونەتەوە، ئایا هۆکاری ئەم سەرهەڵدانەوەیە بۆچی دەگێڕێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی داعش لە عێراقدا پەیوەندی بەو بارودۆخە سیاسییەوە هەبوو کە لە عێراقدا لەئارادا بوو، یان با بڵێین کۆمەڵێك فاکتەر هەبوون کە بوونە هۆی دروستبوونی داعش و ئێستاش ئەو فاکتەرانە لەئارادا ماون. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین هێشتا داعش لە عێراقدا کۆتایی نەهاتووە، ڕاستە ئێستا بەرەی شەڕیان نەماوە لەبەرامبەر سوپای عێراق و پێشمەرگەدا، بەڵام ئێستا ئەوان شێواز و تاکتیکی شەڕیان گۆڕیوە، واتە هێشتا ئەوان بوونیان هەیە، کە هەم لە سەر ئاستی فیکری و ئایدیۆلۆژی ئەوان بوونیان ماوە، هەم لەسەر ئاستی سەربازیش، کە بە شێوەی گرووپی بچووك بچووك هەن و ڕۆژانە پەلاماری هێزەکانی عێراق دەدەن. کەواتە ئەوان ماون و هۆکارەکەش ئەوەیە عێراق لە بارودۆخێکی ئەمنی و سیاسی و ئابووریی زۆر خراپدیە. هەروەها ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق گرتیەبەر، کە سیاسەتێکی تایفەگەری بوو، هۆکار بوو بۆ دروستبوونی داعش کە تا ئێستاش ئەو سیاسەتە بەردەوامە. بەڵام ئومێد دەکرێت حکومەتی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی، گۆڕانکاری لەو سیاسەتەدا بکات کە جیاکاری لەخۆ دەگرێت لە بەرامبەر پێکهاتەکانی عێراق، لە نێویاندا سوننەکان کە هەست بە ستەمێکی زۆر دەکەن.

*** سەرهەڵدانەوەی داعش بە زۆری لەو ناوچانەیە کە پێشتر هێزی پێشمەرگە دەیپاراست، بەڵام لەو کاتەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی هاتوونەتە ئەو ناوچانە داعش پەیدا بۆتەوە، ئایا هۆکارەکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی بە هاوشێوەی پێشمەرگە ئەزموونی شەڕی دژی داعشیان نییە؟**

- بەدڵنیاییەوە هەر هێزێك لە هەرناوچەیەك بێت سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر لەسەر خاکی خۆی نەبێت و خەڵکی ناوچەکەش هاوکاری نەکەن. بەڵام کاتێك هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەو ناوچانە بوو، ئەوا خەڵکی سنوورەکە هاوکاریی پێشمەرگەیان دەکردو زانیارییان پێدەدان، تەنانەت لەکاتی شەڕەکانیشدا خەڵکێکی زۆر شانبەشانی پێشمەرگە خۆبەخشانە بەشداریی ڕاستەوخۆی شەڕەکانیان دەکرد. بەڵام ئێستا هەمان ئەو خەڵکە وەکو داگیرکەر تەماشای حەشدی شەعبی دەکەن و هاوکاری ناکەن و زانیارییان پێ نادەن، چونکە حەشدی شەعبی مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ عەرەبی سوننە و کورد دەکات .

*** باس لەوە دەکرێت کە لەوانەیە جارێکی دیکە ئەو ناوچانە بە هاوبەشی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی بپارێزرێن، ئایا تاچەند پرسی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کاری لەسەر کراوە؟ یان ئەمەش بەستراوەتەوە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداوە؟**

- لە ڕاستیدا لە کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ هاوپەیمانان زۆر باس لەم پرسە دەکرێت، واتە چۆن دەکرێت ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بپارێزرێن، بەتایبەتی کە ئێستا لەو ناوچانەدا داعش بوونی هەیە و ئێمەش دەزانین کە داعش لەو ناوچانەدا دەستی بە هێرش و پەلامار کردووە و ئێستاش هاوپەیمانان هەست دەکەن بۆشاییەکی گەورە لەو ناوچانەدا هەیە و هەوڵ دەدەن هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە و سوپای

**کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا هیچ کاریگەرییەکی خراپ و نێگەتیڤی لەسەر هەرێمی کوردستان نییە، چونکە ئێمە پشتمان بەخۆمان و بە گەل و حکومەتی خۆمان بەستووە**

**ئێمە تیمی هاوبەشی هەماهەنگیمان لەگەڵ هاوپەیمانان هەیە و ئەگەر دۆخەکەش پێویستی کرد، ئەوا ئێمە هەماهەنگی دەکەین و ئەوانیش ئامادەن بۆ هاوکاری**



عێراقی- نەك حەشدی شەعبی- دروست بکەن. بەڵام ئەم پرسە هەر لە چوارچێوەی قسە لەسەرکردندا ماوەتەوە و نەبۆتە پرسێکی جددی و پرۆژە.

*** ئەی ئومێد و چاوەڕوانیتان لە گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا لە بارەی بایەخدانی زیاتر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان چییە؟**

- ئێمە چاوەڕوانین حکومەتی نوێ لە هەرێمی کوردستان پێکبهێنرێت -کە تا ئێستا تەشکیلەی حکومەتەکەی کوردستان دیار نییە چۆن دەبێت و لەچەند لایەن و حزب پێك دێت-، بەڵام هەر کاتێك ئەم حکومەتە پێکهێنرا، ئەوا ئومێد دەکەین کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە شێوازی دیالۆگ و ئاشتییانە چارەسەر بکرێن. دواتر ئێمە هەمیشە داوامان لە هاوپەیمانان کردووە کە ئەو گرنگییەی لە رووی مەشق و راهێنان و پڕچەککردنەوە بە سوپای عێراقی دەدەن، بە هەمان شێوە بە هێزەکانی پێشمەرگەشی بدەن. هیواداریشین گفتوگۆکانمان لەگەڵ عێراقدا بە ئاقارێکی باشدا بڕوات و کێشەکان چارەسەر بکرێن و هاوپەیمانانیش، بەتایبەتی ئەمریکا، پشتیوانییەکی زیاتر لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن.

**هەمیشە داوامان لە هاوپەیمانان کردووە کە ئەو گرنگییەی لە رووی مەشق و راهێنان و پڕچەککردنەوە بە سوپای عێراقی دەدەن، بە هەمان شێوە بە هێزەکانی پێشمەرگەشی بدەن**

*** سەرۆك بارزانی بەم دواییە رایگەیاند ئەم سەرهەڵدانەوەی داعش لە شەڕی دژی داعش ترسناکترە، لەبەر ئەوەی پێشتر شوێنی داعش زانرابوو، بەڵام ئێستا نەزانراوە، ئایا تاچەند شەڕی دژی داعش لەم قۆناخە سەختتر بووە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە راستە، چونکە شەڕی ئەوەی پێی دەوترێت پارتیزانی زۆر قورسترە لە شەڕی بەرەکان، بەڵام رەنگە ئەمە بۆ ئێمە زۆر قورس نەبێت، بە بەراورد بە حەشدی شەعبی، یان سوپای عێراق، چونکە هەموو توانای سوپای عێراق پەیوەستە بەو چەکانەی هەیانە، بەڵام پێشمەرگە پشتئەستورە بە بیرباوەڕ و ئیرادەی خۆی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی پێشمەرگە دەتوانێت سوود لە ئەزمونی خۆی وەربگرێت، بەتایبەتی هەندێ لە فەرماندەکان کە ئەزمونی پێشمەرگایەتی و شەڕی شاخیان هەیە، واتە شارەزان لە شەڕی پارتیزانی. کەواتە راستە ئەمە شەڕێکی قورسە، بەڵام ئەوەندەی بۆ سوپای عێراق قورسە، ئەوەندە بۆ پێشمەرگە قورس نییە.

*** بەڕێزت ماوەیەکی زۆر سەرپەرشتیاری میحوەری مەخمور بوویت، ئێستا زۆر باس لەوە دەکرێت کە لەو ناوچانە جارێکی دیکە گروپەکانی داعش لەو ناوچەیە سەریهەڵداتەوە،**

**ئایا ئێوە وەك هێزی پێشمەرگەی كوردستان تاچەند ئەم سەرهەڵدانەوەیەتان بە جددی وەرگرتووە و ئامادەباشیتان بۆ كردووە؟ ئایا هێزەكانی هاوپەیمانان لە ئاسمانەوە هاوكاریتان دەكەن؟**

- ئەو سنوورەی كە ئێمە لێی بەرپرسین توانیومانە بە باشی بیانپارێزین و كۆنترۆڵمان كردوون و هەموو حیساباتی سەربازیی خۆمان كردووە، بەڵام ئەو شوێنانەی دەكەونە نێوان ئێمە و سوپای عێراق- كە سوپای عێراق لێی بەرپرسە- مەفرەزەكانی داعشی لێیە. لەوە ماوەیەشدا ئۆپەراسیۆنێك لەسەر داوای هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمریكا ئەنجامدرا و ئامانج لێی پاككردنەوەی چیای قەرەچوغ بوو لە داعش. ئێستا ئێمە تیمی هاوبەشی هەماهەنگیمان لەگەڵ هاوپەیمانان هەیە و ئەگەر دۆخەكەش پێویستی كرد، ئەوا ئێمە هەماهەنگی دەكەین و ئەوانیش ئامادەن بۆ هاوكاری.

*** ئایا لەم قۆناخەدا ئەركە قورسەكەی شەڕی دژی داعش زیاتر دەكەوێتە سەرشانی هێزی پێشمەرگە، یان دەزگاكانی هەواڵگری؟ یان لەسەر شانی هەردوولاتانە و دەبێت هەماهەنگی جددیتان هەبێت؟ ئایا تاچەند لەم رووەوە ئەم هەماهەنگیە بوونی هەیە؟**

- دەزگاكانی هەواڵگریی پێشمەرگە بەردەوام و رۆژانە زانیارییەكان بە ئێمە دەدەن و ئاگادارمان دەكەنەوە لە هەر جموجووڵ و زیانیارییەك كە پێویست بێت پێمان بگات، زانیاری و ئاگادارییەكانی ئەوان بۆ ئێمە گرنگە و خۆشبەختانە سەرچاوەو زانیاریی باشیان هەیە.

*** لەسەر ئاستی بەرەی ناوخۆی كوردستانیش، دیارە وەك لەماوەكانی پێشوو بینیمان چەند كەسێك بەیعەتیان بە داعش دابوو، دەستگیر كران، ئایا تاچەند لەسەر ئاستی ناوخۆ هێزەكانی ئاسایش دەبنە بەشێك لەشەڕی دژی داعش لە ئێستادا؟**

- هێزەكانی ئاسایشی كوردستان لەكاتی شەڕی داعشیشدا شانبەشانی پێشمەرگە لە سەنگەرەكانی پێشەوە بوون، هەر بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەگەر پێویست بكات ئەوا ئەوان هاوكاری و پاڵپشتی هێزەكانی پێشمەرگە دەكەن. ئەگەرچی ئێستا داعش هەڕەشەكانی ئەوەندە گەورە نییە لەسەر سەنگەرەكانی پێشمەرگە، تاوەكو داوا لە ئاسایش بكەین یارمەتیمان بدەن. بەڵام كارو چالاكییەكانی ئەوان بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامیی شارەكانی كوردستان بەرچاوە و توانیویانە رۆڵی خۆیان بە باشی ئەدا بكەن.

*** ئایا پرۆژە چاكسازییەكەی یەكگرتنەوەی هێزەكانی پێشمەرگە كە لە چوارچێوەی پرۆژەیەكی هاوپەیمانەكانیشدایە بە كوێ گەیشتووە؟**

- راستە هێزەكانی هاوپەیمانان پرۆژەیەكیان هەیە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان یەكبخەن. بەڵام هەموومان دەزانین كە هەندێك ئاستەنگی گەورە لەبەردەم یەكگرتنەوەی هێزەكانی پێشمەرگەدایە، ئەو ئاستەنگانەش لە بنەڕەتدا ئاستەنگی سەربازی نین، بەڵكو ئاستەنگی سیاسین، بۆیە دەبێت بەشێوازێكی سیاسی چارەسەر بكرێن و دواتر هەنگاوی دیكە بنرێت بۆ ئەوەی هەرچی یەكەو هێزەكانە لەناو چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا یەكبخرێن.

*** ئێستاكە دەنگۆیەكی زۆر هەیە لەسەر بڕیارەكەی كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە رۆژئاوا؛ ئەگەر ئەمە بارودۆخەكە لەوێ بەرەو خراپی ببات، ئایا كاریگەریی لەسەر ناوچە سنوورییەكانی ئێمە ناكات بەتایبەتی لە ئەگەری دزەكردنی داعش و گروپەكانیان؟**

- كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە سووریا هێشتا دیار نییە و ماوەی ٦٠-١٠٠ رۆژیان داناوە بۆ ئەو كشانەوەیە، كاتی خۆیشی سەرۆكی روسیا (پوتین) كشانەوەی هێزەكانی راگەیاند، كەچی نەكشایەوە. كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكاش بەهەمان شێوە تا ئێستا روون نییە، بەتایبەتی كە زۆر لە كۆنگرێسمانەكان رەخنەیان لەو بڕیارەی ترەمپ هەیە. لەهەموو حاڵەتێكدا كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە سووریا هیچ كاریگەرییەكی خراپ و نێگەتیڤی لەسەر هەرێمی كوردستان نییە، چونكە ئێمە پشتمان بەخۆمان و بە گەل و حكومەتی خۆمان بەستووە.

*** دوا پەیامت چییە؟**

- دەمەوێت ئەوە بڵێم كە هەر وەك چۆن لە رابردوودا پێشمەرگە بەرگریكاری خاك و خەڵكی كوردستان بووە، لە ئایندەشدا هەر پارێزەری ئەم خاك و گەلە دەبێت.

**خەڵك وەكو داگیركەر تەماشای حەشدی شەعبی دەكەن و هاوكاری و زانیارییان پێ نادەن، چونكە حەشدی شەعبی مامەڵەیەكی خراپ لەگەڵ عەرەبی سوننە و كورد دەكات**

**هەر هێزێك لە هەرناوچەیەك بێت سەركەوتوو نابێت، ئەگەر لەسەر خاكی خۆی نەبێت و خەڵكی ناوچەكەش هاوكاری نەكەن**

**وەك چۆن لە رابردوودا پێشمەرگە بەرگریكاری خاك و خەڵكی كوردستان بووە، لە ئایندەشدا هەر پارێزەری ئەم خاك و گەلە دەبێت**

# کوردی سووریا لەنێوان کشانەوەی ئەمریکاو هەڕەشەی تورکیادا

بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا بە کشاندنەوەی هەموو کارمەندانی دەرەوەی وڵاتەکەی بە شێوەیەکی کتوپڕی و سەربازەکانیشی کە ژمارەیان دوو هەزارن لە بنکەکانیان لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا لە ماوەی سێ مانگدا، بۆ هەموو چاودێران شتێکی سەرسوڕهێنەرو چاوەڕواننەکراو بوو، هاوکات بێزارییەکیش بوو لای وەزارەتی بەرگری-پنتاگۆن-و هەندێ لە ئەندامانی کۆ نگر یسە و ە، پەرچەکرداری ئەم بڕیارە لەنێوان وریایی و پەلەنەکردن لەلایەن رووسیاوەو لەنێوان راگەیاندنی ئیسرائیلدا هات، بەوەی کە پشت بەخۆی دەبەستێت، دوای رۆیشتنی ئەمریکا لە سووریا، هەروەها تۆمەتبارکردنی ئیدارەی ئەمریکا بە خیانەت لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە، دیسان سەرلێشێواوی و سەرسامیی ناوەندەکانی هەموو گروپەکانی سەر بە پەکەکە. لەبەرامبەر بڕیاری کشانەوەی ئەمریکاو هەڕەشەکانی تورکیا بە هێرشکردن، سەرۆك مسعود بارزانی





**سەڵاح بەدرەدین**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

نیگەرانیی خۆی پیشاندا لەهەمبەر چارەنووسی کوردانی سووریا، هەروەها لێکدانەوەکانی ئەوەی کە ئەم کشانەوەیە هاوئاوازە لەگەڵ حەزو ئارەزووی تورکیا دوای ڕێککەوتن لەسەر گرێبەستی پاتریۆت بە (٥٠,٣) ملیار دۆلار و هەڕەشەکردن بە داگیرکردنی منبج، هەروەها پێداگریی هەسەدە بە بوونی هێزگەلێکی دیکەو تەدارەکی سەرسنووری تورکیاو سووریا.

لەبەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیا بە هێرشبردنی سەربازی بۆ ڕۆژهەڵاتی فورات، واتا ئەو ناوچە کوردییانەی کە ماون دوای ئەفرین و ئەو لێکەوتانەی لەم دوژمنکارییەدا دێنەئاراوە لە راگواستن و کوشتن و کاولکاری، دەبێ بڵێین ئەو حزبانە و بە دیاریکراویش سەرکردەکان خۆیان ئەو کارەساتەیان بەسەر ناوچەکەدا هێنا، ئەوانن کە کوردی سووریایان بەم دەردە برد، گەلی ئێمە یەکریز دژی رژێمێکی ستەمکار وەستابوونەوە بۆ ئەوەی بگەنە مافەکانیان لەسەردەمی راپەرینە نیشتمانییەکەی سووریا، چونکە هەر ئەوە



**داوا لە برای بەڕێزم سەرۆک مسعود بارزانی دەکەم کە نیگەرانییەکەی لەهەمبەر گەلەکەمان بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی یەکێتی و تەبایی لەنێوان کوردانی سووریادا دێتەئاراوە**

**ئەگەر پەیەدە پابەند بوایە بە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردانی سووریا، هەروەها ململانێی پارتی دایک (پەکەکە)یان لەگەڵ تورکیا نەگواستبایەوە بۆ ناو خاکی سووریا ئەو کێشانەی ئێستا رووی نەدەدا**

**تاکە بژاردە کە هەست و کەفوکوڵی تورکیا دامرکێنێتەوە، ئەوەیە کە پەیەدەو حزبەکانی دیکەی ئەنەکەسە مل بدەنە بانگەوازی رزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانی و گەڕانەوە بۆ کۆدەنگیی میللی**

کە دوژمن و چەوسێنەری سەرەکییانە، چەکدارانی پەیەدە هاتن بۆ پاڵپشتیکردنی رژێم و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕش، حزبەکانی ئەنەکەسەش بێ لایەن بوون، ئەوەی لەئێستادا چاوەڕوانمان دەکرد، رووینەدەدا ئەگەر پەیەدە پابەند بوایە بە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردانی سووریا، هەروەها ململانێی پارتی دایک (پەکەکە)یان لەگەڵ تورکیا نەگواستبایەوە بۆ ناو خاکی سووریا بە دیاریکراویش ناوچەکانی ئێمە، ئەوەش پاساو بوو بۆ حاکمی تورکیا دوای ئەوەی ئەو هەلەی قۆستەوە تاکو شەڕەکە لە تورکیا دووربخاتەوەو بتوانێت زیاتر تێکەڵ بە دۆسێی سووریا ببێت، سەرەتا ئەفرین بوو کە داگیرکرا، ئێستاش جەزیرەو کۆبانێ، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوانەی تێوەگلاون لەوەی ئەم دۆخەیان هێنایە ئاراوە، دەبێ چارەسەریشی بۆ بدۆزنەوە، پێموانییە ئەوەی گەلەکەی بۆ چەند جارێک سەرشۆڕ کرابێت، چاوەڕوان بکات داکۆکی لە ئەجێندا گومانکراوەکەی بکرێت، هەروەها پێموانییە کە بژاردەی ئەنەکەسە لە قۆستنەوەی دۆخەکە بەشێوەی هەلپەرستی بە گەڕانەوە بۆ رێککەوتنەکانی هەولێر و دهۆک کاربکاتە سەر هەڵوێستی تورکیا، وێڕای ئەوەی کە نیگەرانیی ئەمریکای هاوپەیمانی تازەی گروپەکانی پەکەکە سوودی هەبێت، کەواتە تاکە بژاردە کە من دەیبینم کە هەست و کەفوکوڵی تورکیا دامرکێنێتەوە، ئەوەیە کە پەیەدەو حزبەکانی دیکەی ئەنەکەسە مل بدەنە بانگەوازی رزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانی و گەڕانەوە بۆ کۆدەنگیی میللی، هەروەها رادەستکردنی چارەنووسیان بە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردی سووریا، هاوکات یەکسەر دەستکردن بە وتوویژ لە قامشلی، یان کۆبانێ، یان هەولێر، بۆ پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکاری، بەمەش هەموو پاساوەکان دەڕەوێنەوەو کوردانی سووریاش دەبنە خاوەنی خۆیان و نابنە ژێردەستەی هیچ کەسێک.

گروپەکانی پەکەکە لە سووریا چەکداران بە چەندین ناوی دیکە دەقۆزنەوە، لەوانە رێکخستنی سەربازیی ئافرەتان، کە قوربانییەکانیان سەدان کەسە، کە لە بیابانەکانی رەقەو دێرزور لەبەر ئامانجی سیاسی مایەی رێزن، لەوانەش لابردنی تۆمەتی تیرۆرە لەسەر سەرکردەکانیان لە قەندیل و پارەدارکردنی پرۆژەو پیلانەکانیان، وەک بەشداریکردن لە ئیدارەدانی ململانێی ناپرەنسیپیی شێوەیی لەگەڵ تورکیا لەسەر حیسابی کێشەکانی سووریاو کوردان، بەڵام حزبەکانی ئەنەکەسە بەخۆڕایی ناوبەناو دەیانەوێت لاسایی ئەو گروپانە بکەنەوە بۆ خۆبەهێزکردن بە پێشمەرگەی رۆژ کە مایەی رێزن، لە کاتێکێشدا ئەوان بەشێکن لە رێکخستەکانی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق و لەژێر فەرمانی ئەواندان، ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕییە ئەوەیە کە هەردوولا نەخشەڕێگا و بەرنامەی کاری سەربازی و ئامانجی روونیان نییە پەیوەست بە کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانی، لەو سێ رۆژەی رابردوودا ئەوە ئاشکرابوو کە ئایا پێشمەرگەی رۆژ چوونە ناو خاکەکەوە، یان نا! ئەمە ئەو پەڕی داوەشان و سەرشۆڕییە بۆ حزبە کوردییەکانی سووریا. ئەوە وێڕای کاریگەرییان بە فاکتەری دەرەکی، لێدوانی تەمومژاوی مستەر جیفری وای لە حزبەکان کرد کە سەریان لێ بشێوێت، ئەو گوتی: پێشمەرگەی رۆژ چوونەتە نێو سووریاوە بە ئاگاداریی ئێمە و هەسەدە، بەڵام روونی نەکردەوە چۆن و لەکوێوە چوونەتە ژوورەوە و چەند سەعاتی لێ مانەوەو کەی گەڕانەوە.

ئەی ئەوانەی بەخۆتان دەڵێن سەرکردەی حزبەکان و بەدرۆ خۆتان کردۆتە نوێنەری گەلی کوردی سووریا، بڕوام پێ بکەن، بگرە هەر لە گەورەتانەوە تا بچووکتان و لە پەکەکەشەوە بەو هەموو پۆستە سەربازی و سیاسی و ئەمنییەوە تادەگەنە هەموو رێکخستنە شکستخواردووەکانتان کە لەسەر خێرو پاشماوەی لیوای ئەمنی محەمەد مەنسوورە دەژین، هەمووتان تۆزقاڵێکتان لە شەرعییەتی نەتەوەیی و نیشتمانیتان نییە، ئێوە تەنیا نوێنەرایەتیی خۆتان دەکەن، ئێوە بوونەتە فاکتەری نائارامی و سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر سوورییەکان و لەسەرووشیانەوە کورد، بەرپرسیارێتیی تەنگژەکەی ئێستاتان لە ئەستۆدایە بە هەموو دەرهاویشتەکانی حازری و دوارۆژیشەوە، ئەوانەی لەپشتیشتانەوە دەوەستن، لەوانە رژێمی

ئەسەدو تاران و ئەمریکاو رووسیا، یان تورکیا هەموویان لە بەرژەوەندیی کێشەکەماندا نین، بەڵکو بۆ تێکدان کاردەکەن، دوژمن و دۆستیش ئەمە چاك دەزانێت، یەك شت رەنگە توورەیی گەلتان لەسەر لاببات ئەویش ئەوەیە بە هێمنییەوە وازبێنن و چارەنووستان بدەنە دەست نیشتمانپەروەرانی خەباتگێڕ کە زۆرینەن لە رێی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردیی سووریاوە...

ئەی نیشتمانپەروەرانی بەشەرەف تاوانەکان پەردەپۆش مەکەن، لەسەر ناحەقی بێدەنگ مەبن و بجوولێنەوەو کۆببنەوەو بە ئازایەتییەوە باسی چارەنووسی خۆتان بکەن.

ئەمڕۆ ئەو رۆژەیە کە پێویستە تێیدا هەموومان لەپشت هێزەکانمانەوە بوەستین و راپەڕینی گشتی کە ئیدارەی خۆیەتی لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا رایگەیاند فەرمانەو پابەندبوون پێیەوە ئەرکێکی نیشتمانییە، بەڵێ ئەمە لۆژیکی حزبە تۆتالیتارییە سەرکێشیکارە ناشەرعی و هەڵنەبژێردراوەکانە لەلایەن گەلەوە، کە رێگە بەخۆی دەدات بێ گەڕانەوە بۆ گەل راپەڕینی سەرتاسەری رابگەیەنێت، راپەڕینی گشتی لە کاتی چارەنووسسازی وەك ئێستا روودەدات، کە پێویستە بەخۆداچوونەوەیەکی جددی هەبێت لەگەڵ بەدیهێنانی ئاشتبوونەوەو بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆ لە هەردوو ماڵی کوردی و سووریدا، هاوکات جێبەجێکردنی ئەو بڕیارو پڕۆژانەی لێیانەوە دەردەچن، لەسەر ئاستی کورددا ئەوا کۆنگرەی نەتەوەیی کە لەلایەن بزاڤەوە خراوەتەڕوو تاکە رێگەیە بۆ گەیشتن بە کۆدەنگیی شەرعیی نەتەوەیی، هەروەها دیاریکردنی شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوە بە ئاشتی و بە شەڕ، یان بە دیپلۆماسی، وێڕای دەستنیشانکردنی هێزو ئامرازەکان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی تەحەدییەکانی هاوشێوە.

تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئەرکەکانی بیناتنانەوەی بزووتنەوەی کورد و بەدیهێنانی کۆنگرەی رزگاریی نیشتمانیی کوردیی سووریا دەردەکەوێت کە سڕینەوەی رەشبینی لای زۆربەی دەستەبژێری رۆشنبیر و سیاسیمان جۆرێك لە بێسەروبەریی پێوە دیارە، پێموایە ئەمە بۆ مەیلی پشتبەستن بە خەڵکی دیکە دەگەڕێتەوە، هەروەها لەدوورەوە چاودێریکردن، یان بڕوابوون بەو شتەی کە رەنگە زۆر بە خێرایی رووبدات، ئەم شتەش تەنیا پێویستی بە بەیاننامەی ژمارە یەك و راگەیاندنی ژمارەیەکی تازەی حزبی هەیە، بەڵام راستییەکە بەم شێوەیە نییە، بزووتنەوەیەك بە قەبارەی بزووتنەوەکەی ئێمە کە دوچاری ستەم و دزەکردن بۆتەوە لەلایەن رژێمی شۆڤینییەوە بە درێژایی زیاتر لە شەش دەیە، هاوکات رووبەڕووی لاساری و ساختەکاری بۆتەوە لەگەڵ ئەوەی کە ناوەڕۆك و ناوەڕۆکە خەباتگێڕییەکەی لێ شێوێندرا لەلایەن سەرکردەی هۆزە حزبییەکانەوە کە تێکچڕژابوون لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان، ئەمە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەو کاری بە کۆمەڵ هەیە، هاوکات پێویستی هەیە بە کات و کۆششی فیکری و پیادەکردنی پراکتیکی و قوربانیدان، بەڵێ ئێمە لەبەرامبەر فاکتەرێکی خۆمانەی لاوازداین، جگە لە فاکتەرگەلێکی بابەتییانەی ناوخۆیی و دەرەکیی ناسەقامگیر، قەدەریشمان وایە کە پشت ببەستین بە ئیرادەی گەلەکەمان بۆ گۆڕینی هاوکێشەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکان، کە بزووتنەوەکانی گەلانی دیکەش بە درێژایی مێژوو لەمەدا پێش ئێمە کەوتوون.

لە رێی ئەو سەکۆیەی (گوڵان)ەوە داوا لە برایانم دەکەم لە کوردستانی عێراق و لە حکومەت و پەرلەمان و بەتایبەتی لە برای بەڕێزم سەرۆك مسعود بارزانی کە نیگەرانییەکەی لەهەمبەر گەلەکەمان بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی یەکێتی و تەبایی لەنێوان کوردانی سووریادا دێتەئاراوە، ئەویش بە پشتیوانی و پشتگیری لە پرۆژەی گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی- نیشتمانیی کوردانی سووریا بە زۆرینەیەکی نیشتمانیی بێ لایەن، لەلایەن بزاڤی لاوان و رێکخراوەکانی کرمەڵگەی مەدەنی، هەروەها بەشداریکردنی لایەنگرانی حزب بە یەك لەسەر سێ، چونکە سەرکردەی حزبەکان بێ جیاوازی بەتایبەتیش ئەوانەی سەر بە پەکەکەن هۆکاری ئەو مەینەتییەی ئێستان، پێویستە بوار بدەنەوە زۆرینە تاکو خەبات بەڕێوەبەرن دوای گەڕاندنەوەی هەردوو شەرعییەتی نەتەوەیی و نیشتمانی لە رێی ئەو کۆنگرەیەی کە ئاواتی ئێمەیە.

**پێویستە بەخۆداچوونەوەیەکی جددی هەبێت لەگەڵ بەدیهێنانی ئاشتبوونەوەو بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆ لە هەردوو ماڵی کوردی و سووریدا**

**سەرکردەی حزبەکان بێ جیاوازی و بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە پەکەکەن هۆکاری ئەو مەینەتییەی ئێستان و پێویستە بوار بدەنەوە زۆرینە تاکو خەبات بەڕێوەبەرن**

**قەدەرمان وایە کە بۆ گۆڕینی هاوکێشەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکان تەنیا پشت بە ئیرادەی گەلەکەمان ببەستین، بزووتنەوەکانی گەلانی دیکەش بە درێژایی مێژوو لەمەدا پێش ئێمە کەوتوون**



بۆئاتز ئەتزیلی
تایبەتمەندی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# ئیدارەی ترەمپ سیاسەتێکی تاکلایەنانەی گرتۆتەبەر

بۆئاتز ئەتزیلی زانایەکی سیاسییە و توێژەر و وانەبێژی پەیوەندیی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدات و جەخت لەسەر چەند پرسێکی گرنگ دەکاتەوە، وەك لایەنە نێودەوڵەتییەکانی لاوازیی دەوڵەت و بە شێوەیەکی تایبەت تەرکیز لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتەوە. ئەتزیلی وانەبێژی تیۆریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و داینامیکیەتی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەوڵەتی لاواز و شەڕ و چەند بوارێکی گرنگی دیکەیە. لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و گرتنەبەری رێکارە ئابوورییەکان لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە، هەروەها سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** هەروەك ئاشكرایە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا مشتومڕی زۆری لەبارەوە دەكرێت، پرسیارەكە ئەوەیە بە شێوەیەكی گشتی چۆن لە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ئەمریكا دەڕوانیت؟**

- ئەمە پرسیارێكی بەرفراوانە، بە شێوەیەكی گشتی من پێموایە ترەمپ و بەرپرسانی دیكەی كۆشكی سپی بە دوو شێوازی جیاواز قسە دەكەن، بۆ نموونە، وەزیری بەرگری- كە ئێستا دەستی لە كاركێشاوەتەوە- پتر پارێزگاری لە رەوتە تەقلیدییەكەی پەیوەست بە ئەنجامدانی كاروبارەكانەوە دەكرد، لە كاتێكدا خودی ترەمپ سیاسەت و رەوتێكی زۆر جیاواز پیادە دەكات، ئەمەش تەمومژی و ناڕوونی دروست دەكات، لەبارەی ئەوەی ئایا سیاسەتی راستەقینەی كۆشكی سپی لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چییە؟ بۆ نموونە ئایا سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست وڵاتێكی وەك سعودیە چییە؟ ئاشكرایە ترەمپ لەگەڵ ئەوەدایە پارێزگاری لە پەیوەندییەكانی ئەمریكا لەگەڵ سعودیە بكرێت، بە چاوپۆشین لەوەی سعودیە چ سیاسەتێك دەگرێتەبەر و چی دەكات، چونكە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پێیوایە ئەمە لە بەرژەوەندیی ئەمریكادایە-لە بەرژەوەندیی بزنسدایە-، هەروەها ترەمپ هەڵوێستێكی جیاوازی هەیە لە پەیوەندی بەو شەڕەی سعودیە لە یەمەندا ئەنجامی دەدات.

*** لە روانگەی هەموو ئەو هەڵوێست و سیاسەتانەی ئیدارەی ترەمپ پیادەیان دەكات، ئایا بە شێوەیەكی گشتی دەتوانین سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریكا بە سیاسەتێكی تاكلایەنە، یان گۆشەگیرانە بچوێنین؟**

- بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین كە سیاسەتەكانی ئیدارەی ترەمپ، سیاسەتی تاكلایەنانەن، هەروەها من دەمەوێت ئەوە دووپات بكەمەوە كە مەسەلەكان زیاتر پەیوەستن بە خودی ترەمپ خۆیەوە، نەك بە باقی ئیدارەكەوە. بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندی بە ناتۆوە هەبێت، ئەوا باقی ئیدارەكەی ترەمپ باوەڕیان بە گرنگیی درێژەپێدانی هاوكاری هەیە لەگەڵ ناتۆدا و دەیانەوێت ئەمریكا كاردانەوەیەكی توندتری هەبێت لە ئاست دەستێوەردانی رووسیا لە ئۆكرانیا، لە كاتێكدا ترەمپ وا دەردەكەوێت كە دژ بە ناتۆ بێت، یان مرونەتی هەبێت لە ئاست رووسیادا. كەواتە دووپاتی دەكەمەوە كە بە دڵنیاییەوە ئەم ئیدارەیە سیاسەتێكی تاكلایەنەی گرتۆتەبەر، هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە كە ترەمپ ئەنجامدانی رێككەوتنی دووقۆڵی لە رێككەوتنی چەند قۆڵی بە باشتر دەزانێت.

*** باست لەوە كرد كە ترەمپ پێی باشە ئەمریكا رێككەوتنی دووقۆڵی بكات لەگەڵ وڵاتانی دیكەدا، كە ئێمە دەزانین لەم پێناوەدا ترەمپ سزا و فشاری ئابووری بەكاردەهێنێت، تەنانەت لە دژی هاوپەیمانەكانی بۆ ئەوەی ناچاریان بكات رێككەوتنێك لە بەرژەوەندیی ئەمریكا بكەن، لێكدانەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەمە رێچكەیەكی گرفتئامێزە، چونكە نەك هەر تەنیا جیاكاری ناكات لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمان و ناوهاپەیمان، بەڵكو پێیوایە گەمەكە دەبێت لایەنی براوە و دۆڕاوی تێدابێت، واتە پێیوایە ئەگەر لایەنی براوە نەبیت، ئەوا دۆڕاوی. كە پێموایە لە هەندێ حاڵەتەدا توانیویەتی سازش بە بەرامبەرەكانی بكات، ئەگەرچی سازشی گەورەش نەبوون، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەوە بكەین كە توانیوتی لە دوای كشانەوەی لە رێككەوتنی نافتا رێككەوتنێكی جیاواز ئەنجام بدات، هۆكارەكەشی ئەوەیە كە ئەمریكا لە رووی ئابوورییەوە وڵاتێكی زۆر دەستڕۆیشتووە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانێت لەگەڵ وڵاتانی دیكەدا رێككەوتنی دوو قۆڵی ئەنجام بدات، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمریكا پێگەی سەركردایەتیكردنی جیهان لە دەست بدات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەمەش لە مەودای دووردا كاریگەری و دەرئەنجامی سلبی لێدەكەوێتەوە.

*** كەواتە دەتوانین بڵێین كە گرتنەبەری رێكاری سزا و فشاری ئابووری رێچكەیەكی ناكارایە و بگرە لە مەودای دووردا دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەكەوێتەوە؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە.

*** باشە پێتوایە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریكا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و كێشە و تەحەددییە ئاڵۆزەكانی ئەم ناوچەیە چۆن بووە و ئایا چ هەڵسەنگاندنێكت هەیە بۆ دەرئەنجامەكانی**

**ترەمپ لەگەڵ ئەوەدایە پارێزگاری لە پەیوەندییەكانی ئەمریكا لەگەڵ سعودیە بكرێت، بە چاوپۆشین لەوەی سعودیە چ سیاسەتێک دەگرێتەبەر و چی دەكات**

**ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە كە ترەمپ ئەنجامدانی رێككەوتنی دووقۆڵی لە رێككەوتنی چەند قۆڵی بە باشتر دەزانێت**

**ئەمریكا لە رووی ئابوورییەوە وڵاتێكی زۆر دەستڕۆیشتووە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانێت لەگەڵ وڵاتانی دیكەدا رێككەوتنی دوو قۆڵی ئەنجام بدات**



**ئەگەر وڵاتی ئێران بتوانێت چەکی ناوکی بەدەست بهێنێت، ئەو کاتە سعودیەش هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم چەکە دەدات، هەروەها کاراکتەرەکانی دیکەی ناوچەکەش هەمان هەنگاو هەڵدەگرن**

**بڕیار و کردارەکانی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە ئاست سووریادا بوونەتەهۆی لاوازکردنی پێگەی ئەمریکا لەو وڵاتەدا**

**سیاسەتەکەی لە ئاست وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا؟**

- من پێموایە ئیدارەی ئەمریکا و خودی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ شێوازێکی گرتۆتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەگەڵ تەحەددییە دژوارەکانی ئەم ناوچەیە، کە سادەکردنەوەی پرس و تەحەددییەکان لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە سەرۆك ترەمپ ڕایگەیاند کە ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران دەکشێتەوە، چونکە ئێران کاراکتەرێکی خراپە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەوڵی پەرەپێدانی دەستڕۆیشتوویی خۆی دەدات لەم ناوچەیەدا و لە تێڕوانینی ترەمپدا ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڕێگای بۆ ئێران خۆشکرد بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویەکەی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا. ئەگەرچی ڕەنگە ئەم لێکدانەوە و پاساوهێنانەوەی سەرۆك ترەمپ هەندێ ڕاستی تێدا بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە ئەم ڕێککەوتنە پەیوەست بوو بە پرسی پڕۆگرامی ئەتۆمیی ئێرانەوە و ئەمەش پرسێکی سەرەکییە و ئەولەوییەتێکی باڵای هەیە، چونکە ئەو هەڕەشە و مەترسییەی لە پڕۆگرامی ئەتۆمییەوە سەرچاوە دەگرێت، گەورەترە لە هەر هەڕەشە و مەترسییەکی دیکە، لەبەر ئەوەی ئەگەر وڵاتی ئێران بتوانێت چەکی ناوکی بەدەست بهێنێت، ئەو کاتە سعودیەش هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم چەکە دەدات، هەروەها کاراکتەرەکانی دیکەی ناوچەکەش هەمان هەنگاو هەڵدەگرن و هەمان ڕێچکە دەگرنەبەر، ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی دۆخێك کە مایەی هەڵکشان و تەقینەوە بێت کە تێیدا کاراکتەرەکان خاوەنی چەکی ناوکی بن. کەواتە لێکدانەوە و سادەکردنەوەی پرسەکان بەم شێوەیە، دەبێتەهۆی دروستبوونی دۆخێکی مەترسیدار.

*** ئەی چ هەڵسەنگاندنێکت هەیە بۆ سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست وڵاتی سووریادا، بە تایبەتی دوای پەرەسەندنەکانی پەیوەست بە بڕیاری ئیدارەکەوە بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدا؟**

- ئەوەی من دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە چارەسەرێکی باش بۆ دۆخی سووریا لەئارادا نییە، هەروەها ئەوەی بەدی دەکەین، بەتایبەتی دوای بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا ئەوەیە کە ترەمپ نایەوێت زۆر لە دۆخی سووریاوە تێوەبگلێت و خوازیاری پیشاندانی مرونەتە لە ئاست رووسیادا لە وڵاتی سووریا، ئەوەش دەزانین کە ژەنەڕاڵ جەیم ماتیس بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازی هەبوو لە ئاست سووریادا- کە ئێستا ئەویش دەستی لەکار کێشاوەتەوە-. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم بڕیار و کردارەکانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست سووریادا بوونەتەهۆی لاوازکردنی پێگەی ئەمریکا لەو وڵاتەدا.



## ئیتان گیلبوا

**تایبەتمەندی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا ناپاکیکردنە لە کورد

**ئیتان گیلبوا، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی بار ئیلان، تایبەتمەندی بواری دیپلۆماسییەتی گشتی و سیاسەتی ئەمریکایە لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە هەمان زانکۆ. هەروەها لە چەندین زانکۆی دیاری ئەمریکی و ئەوروپی پرۆفیسۆر بووە و لە چەندین وڵاتدا کاری راوێژکاری کردووە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە بڕیاری سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و هۆکارو پاڵنەرو دەرئەنجامەکانی ئەم بڕیارە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

**ئەمریكا لە سووریا كاری لەگەڵ كورددا كرد، لەبەر ئەوەی كورد لە شەڕی دژ بە داعشدا باشترین هاوپەیمان بوون**

**لە سەردەمی ئیدارەی ئۆباماشدا ئەمریكا ڕایگەیاند كورد باشترین لایەن و هاوپەیمانن لە شەڕی دژ بە داعشدا**

**لەم كشانەوەیەی ئەمریكا ئێران بواری ئەوەی بۆ دروست دەبێت كە پەرە بە هەژمونی خۆی لە سووریا بدات**

**ترەمپ لەلایەك ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكەی لەگەڵ ئێراندا هەڵوەشاندەوە و سزای سەختی بەسەر ئێراندا سەپاندووە، لەلایەكی دیكەوە كاریگەری و دەستێوەردانەكانی ئێران لە سووریا فەرامۆش دەكات**

*** وەك كەسێكی شارەزای بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چۆن لەو سیاسەتەی ئەمریكا و بەتایبەتی بڕیاری سەرۆك ترەمپ بۆ كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە سووریا دەڕوانیت؟**

- بە بۆچوونی من سەرۆك ترەمپ هەڵەیەكی گەورەی كرد، دواتر من پێموایە ئەم مەسەلەیە پتر پرسێكی سایكۆلۆژییە، نەك پەیوەندی هەبێت بە چۆنیەتی ئیدارەدانی ئۆپەراسیۆنەكانەوە. هەروەها ئەمە پەیامێكی هەڵە دەنێرێت بۆ جیهان و بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، كە چیتر ئەمریكا بایەخ و گرنگی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نادات. ڕەنگە ئیدی چیتر هاوپەیمانەكانی ئەمریكا لەم ناوچەیە پشت بە پابەندبوونەكانی ئەمریكا نەبەستن.

*** باشە لە تێڕوانینی ئێوەدا هۆكارە بنەڕەتییەكانی پشت دەركردنی ئەم بڕیارە چی بوون؟**

- لە ڕاستیدا چەند هۆكارێك هەن، یەكێكیان بریتییە لەوەی كە سەرۆك ترەمپ لە سەروەختی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا بەڵێنی دا ئەم بڕیارە بدات و جێبەجێی بكات، هۆكاری دووەم ئەوەیە كە ئەمریكا تێڕوانینێكی زۆر سادەی هەیە لەبەرامبەر پەیوەندیی نێوان ڕەهەندەی سەربازی و ڕەهەندی سیاسیدا. بۆ نموونە، سەرۆك ترەمپ ڕایگەیاند كە ئامانجی بوونی هێزەكانی ئەمریكا لە سووریا بریتی بوو لە تێكشكاندنی داعش و ئێستاش ئەمریكا ئەم ئامانجەی بەدەستهێناوە. بەو پێیە ئەمریكا دەتوانێت هێزەكانی لەو ناوچەیە بكشێنێتەوە- كە ژمارەی ٢٠٠٠ سەرباز دەبێت-. بەڵام لە واقیعدا دۆخەكە بەم شێوەیە نییە، چونكە هێشتا هەلومەرجی سووریا یەكلانەبۆتەوە و تەنانەت چەند مانگێك پێش ئێستا، چەند سیاسەتداڕێژەرێكی ئەمریكا، بۆ نموونە، ڕاوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا، جۆن بۆڵتۆن ڕایگەیاند، ئەمریكا ناكشێتەوە تاوەكو ڕووسیا و ئێران نەكشێنەوە، بەڵام پێدەچێت، ئێستا ئەم سیاسەتە گۆڕابێت و ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ترەمپ كەسێكە و دەیەوێت سیاسەتێكی گۆشەگیرانە پیادە بكات. ئەو ڕایگەیاند كە ئەمریكا شەكەت بووە بە دەست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریكا لە سووریا كاری لەگەڵ كوردا كرد، لەبەر ئەوەی كورد باشترین هاوپەیمان بوون لە شەڕی دژ بە داعشدا، تەنانەت لە سەردەمی ئیدارەی ئۆباماشدا ئەمریكا ڕایگەیاند كورد باشترین لایەنن لە شەڕی دژ بە داعشدا، بەڵام ئێستا كە بە نیازی كشانەوەیە لەو ناوچانەی كە زۆرینەی دانیشتووانەكەی كوردە، بە مانای ناپاكیكردنە لە كورد، ئەمەش دووبارە گومان لەسەر ئەمریكا دروست دەكاتەوە وەك هاوپەیمانێكی متمانەپێكراو.

*** باس لەوە دەكرێت ئەم بڕیارەی ترەمپ بۆ كشانەوە لە سووریا، دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەك كە هێزەكانی دیكە هەوڵی پڕكردنەوەی دەدەن، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئاكامەكانی ئەم بڕیارە چی دەبن و چ لایەك سوودی لێ وەردەگرێت؟**

- چەند لایەنێك هەن سوود لەم كشانەوەیەی ئەمریكا وەردەگرن، یەكێك لەو هێزانە ئێرانە، چونكە ئێران بواری ئەوەی بۆ دروست دەبێت كە پەرە بە هەژمونی خۆی بدات لە سووریا. هەروەها ڕووسیاش سوودمەند دەبێت، چونكە ڕووسیاش خوازیاری ئەوە بوو كە ئەمریكا لەم وڵاتە بكشێتەوە و خۆی ببێتە تاكە هێزی باڵادەست بۆ دیاریكردنی ڕەوتی ڕووداوەكان لە سووریا، هەروەها بەشار ئەسەدیش سوودمەند دەبێت لەم بڕیارە. كەواتە ئەم فاكتەرانە هۆكاری ناسەقامگیری و توندوتیژی و تیرۆریزمن لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. كەواتە ئەم بڕیارەی ئەمریكا دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو هێزانە بەردەوام بن لە سەر سیاسەت و كردارە نەرێنییەكانیان كە كاریگەری خراپی لەسەر تەواوی ناوچەكە دەبێت. دواتر من دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم، كە ئەم بڕیارەی ترەمپ دژیەكی لەخۆدەگرێت لە ئاست ئێراندا، چونكە ترەمپ لەلایەك ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكەی لەگەڵ ئێراندا هەڵوەشاندەوە و سزای سەختی بەسەر ئێراندا سەپاندووە، بەڵام لەلایەكی دیكەوە كاریگەری و دەستێوەردانەكانی ئێران لە سووریا فەرامۆش دەكات. لەلایەكی دیكەوە ترەمپ هەوڵیداوە هاوپەیمانێتیەكی ناوچەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران دروست بكات، ئەو هاوپەیمانێتیەش چەند وڵاتێك لەخۆ دەگرێت،



وەك سعودیە و ئەردەن و میسر و ئیسرائیل و ئێستاش ئەم هاوپەیمانانە پرسیاری ئەوە دەکەن، ئایا چی روودەدات و ئەوە بۆچوونەیان لا دروست بووە کە ئەم هاوپەیمانێتیە وەك پێویست بەهێز نابێت.

*** ئایا ئەمە چ کاردانەوەیەکی لە ناو بەرپرسانی ئەمریکا دروست کردووە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە من لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە، پێموایە ئەم بڕیارە هەڵەیەکی گەورە بوو. بۆیە چەندین بەرپرسی نێو کۆشکی سپی بەرهەڵستییان کرد، وەك جەیم ماتیس-وەزیری بەرگری، کە ئێستا دەستی لەکارکێشاوەتەوە-، جۆن بۆڵتۆن- راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی-، هەروەها دامەزراوەی هەواڵگرییش بەرهەڵستییان کردووە. کەواتە ئەم بڕیارەش بە چەشنی بڕیارەکانی دیکەی ترەمپ، هیچ یەکێك لەو دەرئەنجامانەی لەبەرچاو نەگرتووە کە بۆی هەیە بێنەئاراوە کە من پێشتر ئاماژەم پێکردن.

*** هەروەك پێشبینی دەکرێت کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا، دەبێتەهۆی ئەوەی ئێران بتوانێت پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لەو وڵاتەدا، ئایا تا چ رادەیەك ئیسرائیل بە ترسەوە چاودێری ئەم پەرەسەندنانە دەکات؟**

- من پێموایە ئەم پەرەسەندنانە دەبنەهۆی زیانگەیاندن بە ئاسایشی ئیسرائیل، ئێمە دەزانین ئیسرائیل هاوپەیمانی ئەمریکایە لەم ناوچەیەدا، کاتێك ئەمریکا بوونێکی بەهێزی دەبێت لەم ناوچەیە، ئەوا ئیسرائیلیش لە پێگەیەکی بەهێزدا دەبێت. بەڵام پێموایە لە دوای ئەم کشانەوەیە دەبێت ئیسرائیل ستراتیژیەتێکی نوێ بگرێتەبەر و دەبێت لەوە دڵنیابێت ئەگەر ئێران ئەم دۆخە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت لە سووریا، ئەوا دەبێت ئیسرائیل بەو زمانە لەگەڵ ئێران بدوێت کە تێی دەگات، ئەویش بەکارهێنانی هێزە. کەواتە ئەم دۆخە دەبێتەهۆی ئەوەی دوژمنەکانی ئیسرائیل بیانەوێت سوودی لێوەربگرن و ئەگەر هاتوو ئەمە روویدا، ئەوا دەبێت ئیسرائیل هێز بەکار بهێنێت.

*** پێتوایە دۆخەکە بە چەشنێك هەڵکشێت کە ئەگەری شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل بێتەئاراوە؟**

لە راستیدا هەمیشە ئەم مەترسییە لە ئارادایە، ئەگەرچی من لە ئێستادا روودانی ئەمە بەدی ناکەم، چونکە پێدەچێت هیچ لایەك خوازیاری ئەمە نەبێت. بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئێمە راهاتووین لەسەر ئەو راستییەی کە ئەگەرچی هیچ لایەك خوازیاری توندوتیژی نین، بەڵام ئەمە روودەدات، ئەویش لەبەر چەندین هۆکار، وەك پەرەسەندنە پێشبینی نەکراوەکان و تێڕوانینە هەڵەکان. ئەوەتا ئێستا ئیسرائیل ئەو تۆنێلانە ئاشکرا دەکات کە لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ لوبنان دروستکراون، کە حزبوڵا ئەم تۆنێلانەی دروست کردووە، ئەمەش دۆخێکی پڕ لە مەترسی و تەقینەوەی دروست کردووە، کە ئێمە دەزانین حزبوڵا باڵی ئێرانە لە لوبنان و قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە، ئەمە بۆ حەماسیش راستە، بۆی هەیە کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا، وەك ئاماژەی لاوازیی لێکبدرێتەوە، بەڵام هەروەك پێشتر باسمکرد، ئەگەر ئەم لایەنانە بیانەوێت سوود لەم دۆخە وەربگرن، ئەوا دەبێت ئیسرائیل هەوڵبدات بیانوەستێنێت.

**دەبێت ئیسرائیل ستراتیژیەتێکی نوێ بگرێتەبەر و دەبێت لەوە دڵنیابێت ئەگەر ئێران ئەم دۆخە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت لە سووریا، ئەوا دەبێت بەو زمانە لەگەڵ ئێران بدوێت کە تێی دەگات، ئەویش بەکارهێنانی هێزە**



ترەمپ لە نیوەی دووەمی چوار ساڵی ئیدارەکەیدا

# ئایا لە سەرەتای ساڵی داهاتوو هێزەکانی لە سووریا دەکشێنێتەوە؟



**پسپۆڕان و بەرپرسانی باڵای پێشووی ئیدارەکانی پێشتری ئەمریکا، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هۆکاری سەرەکیی دەست لەکارکێشانەوەکەی جیمس ماتیس، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە تویتەکەی ترەمپەوە لەبارەی کشانەوەی هێزەکان لە سووریا نییە**

نەیارانی ترەمپ، سەرۆکایەتیی ترەمپ وەك کەسێکی (Dilettante) پێناسە دەکەن، ئەمەش بەو مانایەی هیچ لێهاتوویی و مەعریفەیەکی سەبارەت بە دەوڵەتداری و دەوڵەتمەداری تێدا نییە، بەڵام ئێستا سەرۆکی بەهێزترین دەوڵەتی جیهانە کە ئەمریکایە، ئەمەش ڕاشکاوانە خۆی لە دووتوێی ئەو پەندە کوردییە جێدەکاتەوە کە دەڵێت: «سەری بێ دەلاك دەتاشێت.»

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەماوەی ئەو دوو ساڵەی ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بووە، کارێکی وایکردووە کە ئەمریکا و جیهانیش دوچاری شەڕێك، یان کارەساتێکی گەورە بکات؟ یان ئایا ئەو هەموو هەڕەشانەی کە بە زمانی زبری غەیرە تەقلیدی و نادیپلۆماتییانە ئاراستەی هاوپەیمانیی ناتۆ و دووبارە داڕشتنەوەی سیستمی بازرگانیی جیهانی و ...هتد، کردوون، هیچیانی جێبەجێ کردووە؟ یان چەند جارێك باسی لە کشانەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان و سووریا کردووە، ئایا جێبەجێی کردوون؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەتا تویتەکەی هەفتەی ڕابردووی کە نووسیبووی: «تەنیا ئامانجی من لە ماوەی سەرۆکایەتیدا ئەوە بوو داعش لە سووریا تێکبشکێنم، ئێستا ئەو ئامانجە هاتۆتەدی و چیتر مانەوەمان پێویست نییە.»

ئەم تویتەی ترەمپ جارێکی دیکە هەموو لایەکی تووشی دڵەڕاوکێ و شڵەژان کرد و، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی فەڕەنسا هاتە سەرخەت و بەڵێنی دا لەو کاتەی ئەمریکا هێزەکانی دەکێشێتەوە، فەرەنسا جێگەیان پڕدەکاتەوە و لەسەر ئاستی ڕای گشتیی کوردستانیش هەرایەکی گەورەی دروست کرد و لە چوارچێوەیەدا خوێندرایەوە، ئەمجارەش ئەمریکا خیانەتی لە کورد کردەوە. دیارە لەسەر ئاستی حکومەت و کونگرێسی ئەمریکاش شڵەژانێکی گەورەی دروست کرد، لەلایەك جیمس ماتیس وەزیری بەرگریی ئەمریکا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی ترەمپ کرد، لەلایەکی دیکەش لەسەر ئاستی کۆنگرێس و ئەنجومەنی سەنات، چەندین کۆنگرێسمان و سیناتۆر داوایان کردووە هەتا لەناو کۆنگرێس و سەنات دانیشتنی گوێگرتن بۆ ئەو کەسە سەربازییە پسپۆڕانە نەکرێت کە شارەزایی تەواویان لەسەر شەڕی دژی داعش هەیە، نابێت ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت.

**هۆکاری ڕاستەقینەی دەست لەکارکێشانەوەکەی ماتیس ئەوەیە کە توانای فڕینی لەگەڵ دوو دایناسۆرە باڵدارەکە (Pterosaurs)ی دیکەی نییە، کە ئەو دوو تیراسۆرەش بریتین لە مایک پۆمپیۆی وەزیری دەرەوە و جۆن بۆلتۆنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشمانیی ئەمریکا**

بێگومان ئەمە جاری یەکەم نییە کە ترەمپ داوای کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا دەکات، هەر لە مارتی ئەمساڵدا، جارێکی دیکە لە تویتێکدا ڕایگەیاند: «هەرچی زووە هێزەکانمان لە سووریا دەکشێنینەوە..»، بەڵام ئەوە ساڵ کۆتایی هات و هێزەکانیشی هەر لە سووریا ماونەتەوە، هەروەها داوای کرد، هەرچی زووە هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان بکشێنەوە، بەڵام پاشان هەر خۆی گوتی: «دانیشتن لە پشت مێزی سەرۆکایەتی لە کۆشکی سپی و بڕیاردان وەك سەرۆکی ئەمریکا، جیاوازە لەوەی لە شوێنێکی دیکەوە قسە بکەیت، لەبەر ئەوەی زۆر جار بڕیارەکان ئاکامی چاوەڕواننەکراوی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بۆ ئێستا باشترە هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان بمێننەوە.»

سەرهەڵدانی دیاردەی (ترەمپ) وەك سەرۆکی ئەمریکا، دیاردەیەکی مەزندەبۆنەکراو بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە قۆناخی سەرۆکایەتیی ترەمپ، قۆناخێکی نوێی سیاسەتی حوکمڕانییە لە ئەمریکا و قۆناخێکی نوێی سیستمی جیهانییە لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئەگەرنا، وەك ئیلۆت ئەبراهام گەورە توێژەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا لە تازەترین توێژینەوەیدا بە ناونیشانی (ترەمپ لەبەرامبەر حکومەت)دا نووسیویەتی، ئەمە جاری یەکەم نییە لە مێژووی حوکمڕانیی ئەمریکادا سەرۆك دیدوبۆچوونێکی هەبێت و حکومەت دیدوبۆچوونێکی دیکە، لەسەر ئەم پرسە ئەبراهام نووسیویەتی: لەوانەیە ترەمپ چیرۆکی سەرۆکەکانی پێش خۆی دووبارە بکاتەوە، هەر بۆ نموونە:

**کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، جارێکی دیکە شەڕی عێراق ڕووبەڕووی دۆڕانێکی دیکە دەکاتەوە، ئەو شەڕەی ئەمریکا ناوی لێناوە «شەڕی ٣ ترلیۆن دۆلار»**

١. لە سەردەمی سەرۆکایەتیی جۆن کەندی، یەکێك لەو میوانانەی سەردانی کۆشکی سپی کردبوو، پێشیارێکی دابووە کەندی، لە وەڵامدا کەندی گوتبووی: ئەمە باشترین پێشنیار و باشترین فیکرە، بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین وابکەین حکومەت ئەم پێشنیارە قبووڵ بکات؟

٢. لە سەردەمی سەرۆکایەتیی جیمی کارتەردا، ئاشکرایە کارتەر یەکێك لە بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەوە بوو کە هێزەکانی ئەمریکا لە کۆریای باشوور بکشێنێتەوە، بەڵام

کە بوو بە سەرۆك و ویستی بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ بکات، لەلایەن CIA و پێنتاگۆنەوە بەرهەڵستییەکی زۆر کرا، بۆیە سەرەنجام کارتەر رایگەیاند: «دەستمان کردووە بە پاراستنی هێڵی پشتەوە، بۆیە بڕیاری کشانەوەی هێزەکان دواخرا.»

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە کە لەسەر پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریاش کە تا ئەو ئاستە لەلایەن پێنتاگۆنەوە ڕەتدەکرێتەوە کە وەزیرەکەی ناچار بێت دەست لەکاربکێشێتەوە، ئایا بۆشایی نێوان سەرۆك و حکومەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە نەتوانن پێکەوە کار بکەن، یان سەرۆك هیچ ئیعتوبارێك بۆ حکومەکەتەکەی دانانێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە ڕادەیەك ئاڵۆزە کە ئێستا بیرمەندان و توێژەرانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێن کە (دەبێت مەزهەبی ترەمپ چی بێت؟ Trump doctrine) ئەمەش بەو مانایەی ترەمپ مەزهەبێکی نوێی لە مەزهەبەکانی سەرۆکی پێش خۆی بەرهەم هێناوە، یان ترەمپ سەرۆکێکی ئاساییە وەك سەرۆکەکانی دیکەی ئەمریکا و بۆشاییەکی گەورە لە نێوان سەرۆك و حکومەتدا هەیە.

لێرەوە ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی جیمس ماتیس وەزیری بەرگریی ئەمریکا بکەین و بپرسین: ئایا جیمس ماتیس کتوپڕ و وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر تویتەکەی ترەمپ، دەستی لەکار کێشاوەتەوە، یان کێشەیەکی دیکە لە نێوان سەرۆك و وەزیری بەرگریدا هەبووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەڵوێستی ماتیس دەیداتەوە بەرامبەر تویتەکەی ترەمپ بۆ هەمان مەبەست لە ئاداری ساڵی ٢٠١٨ دا، پرسیار ئەوەیە بۆچی ماتیس لە مارتی ٢٠١٨ دەستی لەکار نەکێشایەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر لە مارتی ٢٠١٨ دەستی لەکار بکێشابایەوە ماناو بایەخێکی زیاتر دەبوو، لەبەر ئەوەی ترەمپ لەو کاتەدا ریکس تیلرسۆنی وەزیری دەرەوەی و ماکماستەری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ناردبوونەوە بۆ ماڵەوە، هەر بۆیە ئەگەر ماتیس لەو کاتە دەستی لەکار بکێشایەتەوە، ئەوا ئەو مانایەی دەبەخشی کە سێ ستوونە سەرەکییەکەی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانی کە بریتین لە (وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی) لەگەڵ سەرۆك ترەمپ هەڵناکەن و ئەوەی ترەمپ وەك سەرۆك دەیڵێت و بڕیاری لەسەر دەدات، تەعبیر لە هەڵوێستی فەرمیی حکومەتی ئەمریکا ناکات.

سەبارەت بەم هەڵوێستەی جیمس ماتیس، پسپۆڕان و بەرپرسانی باڵای پێشووی ئیدارەکانی پێشتری ئەمریکا، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هۆکاری سەرەکیی دەست لەکارکێشانەوەکەی جیمس ماتیس، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە تویتەکەی ترەمپەوە لەبارەی کشانەوەی هێزەکان لە سووریا نییە، بەڵکو هۆکاری ڕاستەقینەی دەست لەکارکێشانەوەکەی ماتیس ئەوەیە کە توانای فرینی لەگەڵ دوو دایناسۆرە باڵدارەکە (Pterosaurs)ی دیکەی نییە، کە ئەو دوو تیراسۆرەش بریتین لە مایك پۆمپیۆی وەزیری دەرەوە و جۆن بۆلتۆنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا. وەك ئیلیوت ئەبراهام-یش لە نووسینەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، جیمس ماتیس لەماوەی یەك دوو مانگی ڕابردوودا چەند جارێك لە چەندین بۆنەی جیاوازدا ئاماژەی بەوە کردووە کە بیرکردنەوەی ئەو لەگەڵ بیرکردنەوەی ترەمپ ناگونجێت، هەر بۆ نموونە لە گوتارەکەیدا کە لە ئاهەنگی دەرچوونی کۆلیژی دەریایی ئەمریکا پێشکەشی کرد، زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمریکا ناتوانێت بە تەنیا شکۆی خۆی بپارێزێت و هێزی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانیەتی. لە سێیەمبەری ڕابردووشدا دیسان جارێکی دیکە لە کۆنفراسێکدا لەبەحرێن ڕایگەیاند: «ماوەی چل ساڵە بەرگی سەربازیی ئەمریکام لەبەردایە، بەڵام هەرگیز بەشداریی هیچ ئۆپەراسیۆنێکم نەکردووە، کە بە تەنیا ئەمریکا بەشدار بووبێت.» ئەمەی وەك ئاماژەیەك دژی ترەمپ بەکار هێنا کە خەریکە لە هاوپەیمانیی ناتۆ پاشەکشە دەکات، یان پشت دەکاتە دۆستەکانی لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەواتە ئەمە بە ڕاشکاوی پێمان دەڵێت، ئەگەر ماتیس لەگەڵ دوو تیراسۆرەکەی دیکە (پۆمپیۆ و بۆلتن) هاوڕا بوایە، ئەوا دەستی لەکارنەدەکێشایەوە، بەڵکو سەرەنجام ترەمپ ناچار دەبوو بێتە سەر هەمان بۆچوونی ئەو سێ لایەنە (وەزارەتی دەرەوە و بەرگری و ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی)،

**بەرپرسانی هێزەکانی سووریای ئازاد ڕاشکاوانە ئاماژەیان بەوە کردووە، ئەگەر نەتوانن ئەو بەندیخانەیە بپارێزن کە زیاتر لە ١١٠٠ چەکداری بیانیی داعشی تێدایە، ئەو بەندییانە بەندیخانەکە دەشکێنن و بەمەش جارێکی دیکە مەترسیی داعش لە هەموو شوێنێک دەست پێ دەکاتەوە**

**سووریا و دەوڵەتانی دیکەش قاعیدەیان بەکار هێنا بۆ ئەوەی ئەمریکا لە عێراق پاشەکشە پێ بکەن، بەڵام دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پاشەکشەیان کرد، ڕێکخراوی قاعیدەی لقی عێراق و لەگەڵ بەشێک لە قاعیدە سووریا یەکیان گرت و لەماوەی چەند مانگێکدا بوون بە بەلا و کارەسات بەسەر هەردوو حکومەتی دیمەشق و بەغدا و پاشانیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی**

**بەرپرسانی هێزەکانی سووریای ئازاد ڕاشکاوانە ئاماژەیان بەوە کردووە، ئەگەر نەتوانن ئەو بەندیخانەیە بپارێزن کە زیاتر لە ١١٠٠ چەکداری بیانیی داعشی تێدایە، ئەو بەندییانە بەندیخانەکە دەشکێنن و بەمەش جارێکی دیکە مەترسیی داعش لە هەموو شوێنێک دەست پێ دەکاتەوە**

بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ماتیـس لەگـەڵ پۆمپیـۆ و بۆڵتـۆن رای جیاواز بـووە، ئـەوا دڵنیـا بـووە لەگـەڵ دەسـتپێکی سـاڵی سـێهەمی سـەرۆکایەتیی ترەمـپ، ئەویـش وەك تلیرسـۆن و ماکماسـتەر رەوانـەی ماڵـەوە دەکاتـەوە و وەك لـە دوای دەسـت لـەکار کێشانەوەکەشـی، ترەمـپ رایگەیانـد، ماتیـس لـە شـوباتی سـاڵی داهاتـوو خانەنشـین دەکرێـت.

ئـەم باکگراوەنـدە گرنـگ بـوو بـۆ ئـەوەی دەروازەیـەك بکەینـەوە و بپرسـین: ئایـا لـە سـەرەتای سـاڵی داهاتـوو ترەمـپ، قسـەکەی خـۆی جێبەجـێ دەکات و تـەواوی هێزەکانی لـە سووریا دەکشـێنێتەوە؟ لەوانەیـە باشـترین وەڵام بـۆ ئـەم پرسـیارە ئـەوە بێـت، کاتێـك دۆناڵـد ترەمـپ لـە لوتکـەی وڵاتانـی G7 داوای ئـەوەی لـە سـەرۆکەکانی ئـەو وڵاتانـە دەکرد کـە دەبێـت رووسـیا لـەم لوتکەیـە بوونـی هەبێـت، هـەر هەمـان کات هێزەکانـی ئەمریـکا لـە باکـووری پۆڵەنـدا لـە گەورەتریـن مانـۆڕی هێـزە تایبەتەکانـی ناتـۆ بەشداربوون، ئەمـەش ئەوەمـان پێدەڵێت، ئـەوەی ترەمـپ لـە تویتەکانـی دەیڵێـت، شـتێکە و ئەوەشـی دەبێتـە بڕیـاری فەرمـی بـە نـاوی حکومەتـی ئەمریـکاوە شـتێکی دیکەیـە.

## ● ترەمپ هێزەکانی لە سووریا دەکشێنێتەوە یان پەیامێکی لە پشت ئەم تویتەوە هەیە؟

ئەگـەر جارێکـی دیکـە بگەڕێینـەوە بـۆ پرانسـیپی (قازانـج و زیـان) کـە مەزهەبـی ترەمپـی لەسـەر بونیـاد نـراوە، دەبێـت بپرسـین: ئایـا مانـەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا، یـان کشـانەوەیان لـە بەرژەوەندیـی ئەمریکادایـە؟ بێگومـان وەڵامـی زۆر بەدیهـی ئەوەیـە کـە کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا لـە سـووریا، جارێکـی دیکـە شـەڕی عێـراق رووبـەڕووی دۆڕانێکـی دیکـە دەکاتـەوە، ئـەو شـەڕەی ئەمریـکا نـاوی لێنـاوە «شـەڕی ٣ ترلیـۆن دۆلار»، بەپێـی ئـەو توێژینەوانـەی لەسـەر سـەرهەڵدانی رێکخـراوی قاعیـدە لقـی عێـراق و هەروەهـا سـەرهەڵدانی داعـش لـە سـووریا و عێـراق، سـەرەتای دروسـتکردنی رێکخـراوی قاعیـدە لقـی عێراق لـە سـووریاوە دەسـتی پێکـردووە، وەك بەشـێك لـە هێـزی مقاوەمەتـی عەرەبـی سـوننە دژی بوونـی هێزەکانـی ئەمریـکا لـە عێراق و هەروەهـا هاوتابوونـی ئـەم بەرژەوەندییـە لەگـەڵ هێـزی مقاوەمەتـی شـیعە دژی ئەمریـکا لـە عێراقـدا، بـەڵام پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە چـۆن داعـش دژی باڵادەسـتیی شـیعە لـە سـووریا و عێـراق سـەریهەڵدا و دەوڵەتـی خەلافەتـی ئیسلامی لـە سـەرخاکی عێراق و سووریا راگەیاند؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەقـاودەق هاوشـێوەی ئەزموونـی ئەمریـکا لـە دروسـتکردنی موجاهیدەکانـی ئەفغـان دژی باڵادەسـتیی سـۆڤیەتی پێشـووە و پاشـان کشـانەوەی هێزەکانـی سـۆڤیەت لـە ئەفغانسـتان ئـەو موجاهیدانـە رێکخـراوی ئەلقاعیدەیـان دروسـتکرد و بـوون بـە بـەڵا و کارەسـات بـۆ ئەمریـکا.

هەوڵەکانـی سـووریا و دەوڵەتانـی دیکـەش بـۆ دروسـتکردنەوەی رێکخـراوی قاعیـدە لقـی عێـراق دژی ئەمریـکا هەمـان سـیناریۆ بـوو، ئـەوان قاعیدەیـان بـەکار هێنـا بـۆ ئـەوەی ئەمریـکا لـە عێـراق پاشەکشـە پـێ بکـەن، بـەڵام دوای ئـەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا لـە عێـراق پاشەکشـەیان کـرد، رێکخراوی قاعیدەی لقی عێراق و لەگەڵ بەشـێك لـە قاعیـدە سـووریا یەکیـان گـرت و خۆیـان لەژێـر ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) راگەیاندو لەمـاوەی چەند مانگێکدا بوون بە بەڵا و کارەسـات بەسـەر هـەردوو حکومەتـی دیمەشـق و بەغـدا و پاشـانیش کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی.

ترەمـپ لـە تویتەکەیـدا دەڵێـت: «گەورەتریـن ئامانجـی مـن لـە مـاوەی سـەرۆکایەتی منـدا ئـەوە بـوو کـە داعـش کۆتایـی بێـت.» بـەڵام ئـەم قسـەیە لـە کاتێکدایـە ئێسـتا جارێکـی دیکـە بـاس لەسـەر هەڵدانـەوەی داعـش لـە عێـراق و سـووریا دەکرێـت و، وەك بەڕێـز مسـعود بارزانـی بـەم دواییـە لـە بەغـدا ئامـاژەی پێکـرد، سـەرهەڵدانەوەی ئەمجـارەی داعـش، لـە شـەڕی پێشـووی دژی داعـش ترسـناکترە، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە پێشـتر دەزانـرا پێگـە و مۆڵگەکانـی داعـش لـە کوێـن، بـەڵام ئێسـتا نازانرێـت، بۆیـە شـەڕەکەی قورسـتر کـردووە، هەروەهـا لەلایەکـی دیکـە هـەر لـە رۆژانـی رابـردوو و دوای تویتەکـەی ترەمـپ، جارێکـی دی لـە نـاو خاکـی سـووریا، داعـش دژە هێرشـی دەسـت پێکردۆتـەوە و بەرپرسـانی هێزەکانـی سـووریای ئـازاد راشـکاوانە ئاماژەیـان بـەوە کـردووە، ئەگـەر نەتوانـن ئـەو بەندیخانەیـە بپارێـزن کـە زیاتـر لـە ١١٠٠ چەکـداری بیانیـی داعشـی تێدایـە، ئـەو بەندییانـە بەندیخانەکـە دەشـکێنن و بەمـەش جارێکـی دیکـە مەترسـیی داعـش لـە هەمـوو شـوێنێك دەسـت پـێ دەکاتـەوە، سـەبارەت بـەم بارودۆخـە کـە ئەمریـکا نوێنـەری تایبەتـی خـۆی بـۆ شـەڕی دژی داعـش

**ئەمریکا لە هەر لایەکی دیکە باشتر ئاگادارە کە بارودۆخی سووریا و هەروەها عێراقیش هی ئەوە نین کە هێزەکان بکشێنرێنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستان بەوە هەیە کە زیاتر پشتگیری بکرێن و بەهێزتر بکرێن**

**فەرەنسا و سعودیە و ئیمارات و ئیسرائیل تا رادەیەکی باش لە پەیامەکەی ترەمپ تێگەیشتوون و دەستبەجێ وەڵامیان داوەتەوە، بەوەی ئامادەن لەو کاتەی ئەمریکا هێزەکانی دەکێشێتەوە، ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە**

**ئەگەر بارودۆخی سووریا لەشەڕی دژی داعش بەو شێوەیە بێت کە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا ناچار بن خۆیان بۆشایی ئەمریکا پڕبکەنەوە، ئایا ئەمە دەرگایەکی دیالۆگی باش ناکاتەوە بۆ ئەوەی ببنە هاوکارێکی زیاتری ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش و ئەمریکاش هێزەکانی لە سووریا بمێنێتەوە؟**

لە سووریا هەیە بە ناوی جیمس جیفری، ئایا ئاگاداری ئەو راستییانە نییە کە لەسەر زەوی گوزەر دەکەن؟ بێگومان ئەمریکا لە هەر لایەکی دیکە باشتر ئاگادارە کە بارودۆخی سووریا و هەروەها عێراقیش هی ئەوە نین کە هێزەکان بکشێنرێنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستان بەوە هەیە کە زیاتر پشتگیری بکرێن و بەهێزتر بکرێن، بەڵام بۆ لەم کاتەدا ترەمپ، ئەم پەیامە توندە رووبەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکاتەوە؟ بێگومان ئەمەش هەمان سیناریۆی لێدوانە توندەکانیەتی بەرامبەر دەرچوونی ئەمریکا لە ناتۆ و، ترەمپ ئامانجی ئەوەیە کە دەوڵەتانی هاوشێوەی فەرەنسا و رووسیا و ئیسرائیل و تورکیا و دەوڵەتانی سعودیە و ئیمارات و کەنداو زیاتر شان بدەنە بەر بەرپرسیاریەتی لە شەڕی دژی داعش لە سووریا و ئەرکە قورسەکە بە تەنیا لەسەر شانی ئەمریکا نەبێت.

ئاشکرایە فەرەنسا و سعودیە و ئیمارات و ئیسرائیل تا رادەیەکی باش لە پەیامەکەی ترەمپ تێگەیشتوون و دەستبەجێ وەڵامیان داوەتەوە، بەوەی ئامادەن لەو کاتەی ئەمریکا هێزەکانی دەکێشێتەوە، ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە، بەڵام ترەمپ راینەگەیاندووە کەی ئەو هێزانە دەکێشێتەوە و لانیکەم سێ مانگ یان ١٠٠ رۆژی دیکەی دەوێت. ئەگەر بارودۆخی سووریا لەشەڕی دژی داعش بەو شێوەیە بێت کە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا ناچار بن خۆیان بۆشایی ئەمریکا پڕبکەنەوە، ئایا ئەمە دەرگایەکی دیالۆگی باش ناکاتەوە بۆ ئەوەی ببنە هاوکارێکی زیاتری ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش و ئەمریکاش هێزەکانی لە سووریا بمێنێتەوە؟

کەواتە سوودێکی دیکەی ئەم زمانە توندەی ترەمپ لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەوەیە کە دەبێت هاوپەیمانەکانی ئەمریکا پابەند بن بەو پابەندبوونانەی دەکەوێتە سەرشانیان، هەر بۆ نموونە دەوڵەتانی ئەندامانی ناتۆ لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٦ تەنیا یەك دۆلاریشیان بۆ ئەرکەکانی ناتۆ زیاد نەکردووە و پشکی سەرەکی لەسەر شانی ئەمریکا بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٧ راستەوخۆ دوای دەست بەکاربوونی ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا دەوڵەتانی ناتۆ رێژەی بەشداریی ماددییان بۆ خەرجییەکانی ناتۆ زیاد کردووە و ئەمساڵیش (٢٠١٨) جارێکی دیکە زیادیان کردەوە، ئەمریکاش هەر لە ناتۆدا ماوەتەوە، هەر بۆیە لە ئێستاشدا کە هەڕەشەی ئەوە دەکات کە هێزەکانی لە سووریا دەکشێنێتەوە و تەواو شەڕی دژی داعش لە سووریاش کۆتایی هات، ئەوا وەك بینمان لە یەکەم کاردانەوەدا هەموو ئەو دەوڵەتانەی داعش وەك مەترسییەکی جددی سەیر دەکەن، هاتنە سەرخەت و ئامادەباشییان دەربڕی کە باشتر بێنە پێشەوە. لەلایەکی دیکەوە، لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی سووریاش، دیسان ئەم قسانەی ترەمپ پەیامێکی راستەوخۆیە بۆ رژێمی ئەسەد و ئەو دەوڵەتانەشی کە پشتیوانی لە مانەوەی ئەسەد دەکەن، ئەم پەیامەش ئەوەیە ئەگەر مانەوەی رژێمی ئەسەد جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ خەلافەتەکەی داعش نەبێت، ئەوا باشترە بکشێتەوە بۆ ئەوەی ئەو رژێمە باجی داعش بدات، نەك هێزەکانی ئەمریکا، بۆیە لەم حاڵەتەشدا تورکیا و ئێران و رووسیاش ناچار دەبن گوشاری زیاتر بخەنە سەر رژێمی ئەسەد بۆ ئەوەی بە پرۆسەی ئاشتییەوە پابەند بێت و بە رێگەی دیالۆگ و دانوستاندن کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکەن.

کەواتە قسە و تویتەکانی ترەمپ لە ماوەی دووساڵی رابردوودا ئەوەیان بۆ جیهان سەلماندووە، کاتێك ترەمپ تویتێکی زبر و نادیپلۆماتی دەنووسێت و گۆمەکە دەشڵەقێنێت، ئیدی بەجێدەهێڵێت بۆ ئەوەی ستافەکەی بە ئاکامێکی مامناوەندی بگەیەنن، ئەوەشی لە ماوەی ١٠ مانگی رابردوو تێبینمان کردووە، هەردوو تیراسۆرکەی وەزارەتی دەرەوە و ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا (مایك پۆمپیۆ و جۆن بۆلتۆن)، توانیویانە ئەو رۆڵە بە باشی بگێڕن و لەلایەك توانیویانە هاوپەیمانەکان بهێنە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئەمریکا مەبەستێتی، لەلایەکی دیکەش توانیویانە دوژمنەکانیش بگەیەننە قەناعەت کە بێجگە لەم رێگەیە رێگەیەکی دیکە لە بەردەمیاندا نییە، باشترین نموونەش لەمبارەوە لوتکەی نێوان کیم جۆن ئونی سەرۆکی کۆریاری باشوور و دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا بوو لە سنگافورە، هەروەها پێشێلکردنی ڤیتۆی رووسیا بوو لە سەر وەشاندنی گورزێکی سەربازی لە سووریا.

ئەم قسانەی ترەمپ پەیامێکی راستەوخۆیە بۆ رژێمی ئەسەد و ئەو دەوڵەتانەشی کە پشتیوانی لە مانەوەی ئەسەد دەکەن، ئەم پەیامەش ئەوەیە ئەگەر مانەوەی رژێمی ئەسەد جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ خەلافەتەکەی داعش نەبێت، ئەوا باشترە بکشێتەوە بۆ ئەوەی ئەو رژێمە باجی داعش بدات، نەک هێزەکانی ئەمریکا

تورکیا و ئێران و رووسیاش ناچار دەبن گوشاری زیاتر بخەنە سەر رژێمی ئەسەد بۆ ئەوەی بە پرۆسەی ئاشتییەوە پابەند بێت و بە رێگەی دیالۆگ و دانوستاندن کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکەن

قسە و تویتەکانی ترەمپ لە ماوەی دووساڵی رابردوودا ئەوەیان بۆ جیهان سەلماندووە، کاتێک ترەمپ تویتێکی زبر و نادیپلۆماتی دەنووسێت و گۆمەکە دەشڵەقێنێت، ئیدی بەجێدەهێڵێت بۆ ئەوەی ستافەکەی بە ئاکامێکی مامناوەندی بگەیەنن، ئەوەشی لە ماوەی ١٠ مانگی رابردوو تێبینمان کردووە، هەردوو تیراسۆرکەی وەزارەتی دەرەوە و ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا (مایک پۆمپیۆ و جۆن بۆلتۆن)، توانیویانە ئەو رۆڵە بە باشی بگێڕن


# کاریگەریی میدیا

## بەشی چوارەم

## کاریگەریی سایکۆلۆژی

یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی میدیا حەوانەوە و ڕەواندنەوەی خەم و ماندوویەتییەکانی وەرگرە، ئەویش بە بوونی بەرهەم و بەرنامە و بابەتی بەزمەسات، بۆیە زۆرجار بەرنامە زانیارییبەخش و پەروەردەییەکانیش بە شێوەی کۆمێدی و بەزمەسات نمایش دەکرێن. بە شێوەیەکی گشتی لە سەرتاسەری میدیای جیهانیدا مۆرکێك زاڵ بووە بە سەر بەرنامەکان و بابەتەکانی میدیا، بەتایبەتی بابەتە سیاسی و هەواڵی و ڕۆژانەییەکان کە زۆرتر بابەت و هەواڵی ناخۆش و دڵتەزین دەبێتە سەردێڕی هەواڵەکان، ئەمەش کاریگەریی سایکۆلۆژی هەیە لە قەلەقکردنی وەرگر و ماندووکردنی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، هەروەك پسپۆڕیکی بەریتانی لە بواری سایکۆلۆژی دەڵێت: «ئەگەر بمانەوێت خەندە بۆ سەر لێوی هاووڵاتیان بگەڕێنینەوە، دەبێت دەستکاریی سەردێڕی هەواڵەکان بکەین.»، هەروەها دەڵێت: «بەداخەوە ڕۆژانە سەدان هەواڵی خۆش لەجیهاندا هەیە، وەك داهێنان و دەستکەوتی زانستی کە بەشێکی زۆریان پەیوەستن بە ژیانی زۆربەی مرۆڤەکانی جیهانەوە، بەڵام هیچیان نابنە سەردێڕی هەواڵەکان، کە تەنیا شەڕو کوشتار و کارەساتی جەرگبڕ و کارەساتە خەمهێنەرەکان دەبیستین. واتە سەردێڕی هەواڵەکانن کە بوونەتە هۆی بیتاقەتبوونمان.» زۆربەی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی جیهان پسپۆڕ و ڕاوێژکاری سایکۆلۆژیان هەیە، تاکو وێنەکان و تێکستەکان کە بە میدیادا تێدەپەڕێت، بە شێوەیەك بێت کە کاریگەریی خراپی سایکۆلۆژی بۆ وەرگر لێ نەکەوێتەوە. هەموو ئەو هەواڵە ناخۆش و وێنەی جەنگ و بریندار و کوژراو و سووتاوانە کە ڕۆژانە بەرکەوتە دەکات لەگەڵ وەرگر، بە تیپەڕبوونی کات مرۆڤێکی ماندووی توندوتیژ بەرهەم دێنێت، هەر بۆیە کاریگەرییە فەرهەنگی و سایکۆلۆژییەکانی میدیا بۆسەر وەرگر بە «کاریگەریی نەرم» ناوبراون، واتە بە نەرمی و بە تیپەڕبوونی کات نیشانەیان لە کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت. میدیا لە وڵاتانی پێشکەوتوو چونکە ئامرازی گەشەپێدەرە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و بەهاکانە، لە بەرهەمهێناندا ڕەچاوی خواست و پێداویستیی وەرگر و نیشتمان دەکات. میدیا لە کوێوە وەرگر بێزار و ماندوو دەکات لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە؟ بێگومان کاتێك بەرکەوتە دەکات لەگەڵ چیرۆك و ناوەڕۆکی ئەو دراما و گۆرانی و فیلم و دۆکیۆمێنتارانەی کە هیچ نزیکییەك نابینێت لەگەڵ ژیانی خۆیدا لە ڕووی ئابووری،



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی، ئەوکات بەراوردی ژیانی خۆی دەکات لە گەڵیان، ئەگەر خۆی لە ئاستی چیرۆکەکان و کارەکتەرەکان نزمتر بینی لە رووی ماددی، روخساری، زانستی و کۆمەڵایەتی، ئەوا هەستی خۆ بە کەم زانین و نارازیەتی لە ژیانی خۆی بۆ دروست دەبێت. بۆیە ئەو وڵاتانەی میدیای خەڵك و نیشتمانیان هەیە و بەرهەمی میدیایان بەرهەمی خۆماڵییە، بۆ ئاستی بەرهەمە میدیاییەکان کە بەرهەمی دێنن، هەوڵ دەدەن لە هەموو رووەکانەوە نزیك بێت لە ژیان و گوزەرانی وەرگرەکان، چونکە مرۆڤ لە بەردەم ئەو میدیایەی کە بەرهەمەکانی لە ژیانی ئەوەوە دوورە، نەك تەنیا هەستی خۆ بە کەم زانینی بۆ دروست دەبێت، بەڵکو ئەو رەفتارانە، یان کولتوورەی کە فێری دەبێت لە چیرۆکەکانی دراما و فیلم و گۆرانییەکانی تەلەفزیۆن، جیاوازە لەو کولتوور و فەرهەنگەی کۆمەڵگەکەی و ئەوەی لە سەری پەروەردە کراوە و ناتوانێت لاسایی بکاتەوە، بۆیە لە ناخەوە ئازاری دەدات و تووشی قەلەقی لە ناسنامە کولتوورییەکەی دەبێت.

هەرێمی کوردستان سەرباری سیستمە میدیا حزبی و سیاسییەکەی کە سەرچاوەی نائارامین بۆ کۆمەڵگە و تووشی ململانێیەکی بەردەوامی کردووە، رێژەی بەرهەمە هاوردەکان و بیانییەکانی هێندە زۆرن کە لە رووی سایکۆلۆژی، ئابووری، کولتووری و پەروەردەییەوە هێندە لێی دوورن، دەتوانرێت بوترێت پشێوی و نائارامییە دەروونییەکەی بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بەرکەوتەی لەگەڵ ئەو جۆرە بەرهەمە میدیاییانە.

● **ئاسەوارەکانی:**

١. دروستبوونی قەیرانی ناسنامەی کولتووری و پەروەردەیی و دروستکردنی تاکێکی نائارام.

٢. زۆربوونی توندوتیژییە کەسی و خێزانییەکان بەهۆی ئەو نائارامییەی لە بەرکەوتەی میدیاکانەوە بۆی دروست دەبێت.

● **چارەسەرەکان:**

١. تەرخانکردنی بودجەیەك بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی خۆماڵیی میدیا و بە دانانی مەرج کە بگونجێت لەگەڵ ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی کۆمەڵگەدا.

٢. کارکردن بۆ بوونی میدیایەکی نیشتمانی.

٣. دانانی رێوشوێن وفلتەر بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان سەبارەت بە نمایشی ئەو بەرهەمە بیانییانەی کە رۆژانە پیشانی بینەر دەدرێت.




**یونس جەمال**
**پاڵەوانی کیک بۆکسێنگی جیهانی:**

# دەمەوێ وەک کەسێکی سەربەخۆ هەمیشە بۆ کوردستان یاری بکەم

**یاری کیك بۆکسێنگ یەکێك لەو یارییە تاکانەی کە یاریزانە کوردەکان چەندین ئەنجامی بەرچاویان لەسەر ئاستی جیهان بە ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستانەوە بەدەستهێناوە، یەکێك لەو یاریزانانەی کە لە ئێستادا تیپێکی بەناوی کوردستان لە وڵاتی ئەڵمانیا بەشداری کردووە، خۆیشی وەکو ڕاهێنەر و یاریزان بەشداریی یارییەکان دەکات، بڕیاریشە لە ئایندە بە ناوی کوردستانەوە لە چەند پاڵەوانیەتیەك بەشداری بکەن، ئەویش «یونس جەمال»ـە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری هەولێرە و یاریزانی پێشووی یانەی شەقڵاوە بووە و خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە و لە ماوەی ڕابردووش توانی لە کێشی ٧٥کگم ببێتە پاڵەوانی جیهانی لە وڵاتی ئەڵمانیا، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوەی وڵاتی بۆچی کوردستانت جێهیشت؟**

- لە ئەوروپا باشتر بۆم دەنگونجێ، ئەوەی لە ئەوروپا دەتوانم بیکەم، هەرگیز لە کوردستان بۆم نەدەکرا، بەتایبەتی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزشیم.

*** بەرنامەت چییە بۆ بەرەوپێشچوونی وەرزشەکەت کە تا ئێستاش دەستبەرداری نەبوویت؟**

-بەرنامەی زۆرم هەیە بۆ ئەوەی بتوانم پەرە بە وەرزشەکەم بدەم، پەنا بەخوا کاری باش دەکەم لە کاتێکی نزیکدا و هۆڵێکی کیك بۆکسێنگ دەکەمەوە و تیپەکەشم ناوی (NBD)یە.

***بەدەستهێنانی ئەو هەموو ئەنجامە باشەت لە دەرەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من لە ئەوروپا زیاتر بەرەوپێش چووم و چاوم کراوەتر بوو، کۆمەڵە خۆشەویست و هاوکاری و هاندەرێکم بۆ دروست بووە و بەردەوام هانم دەدەن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورەتر.

***ئاستی یارییەکە لە نێوان کوردستان و ئەڵمانیا چۆن دەبینی؟**

- لە کوردستان تەنیا خۆڵ دەخەنە چاوی یاریزان و فێڵ لە یاریزان دەکەن بە ناوی بەرەوپێشچوون، بەڵام لە وڵاتی ئەڵمانیا پێشوەچوونێکی زۆر هەیە و یاریزانی بەتوانا خزمەت دەکرێت و ئاستی ئێرە زۆر بەرەوپێش چووە.

***پێتوایە دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی وەرزش لە کوردستان بەرز بێتەوە؟**

-دەبێ چەند کەسێکی ئەکادیمی دابنرێت لە کوردستان، لای خۆمان هەر کەس بۆ خۆی حاکمێکە، کەسی وایان داناوە نازانێت وەرزش چییە، خۆی بە کیك بۆکسێنگ شۆڕکردووەتەوە.

***بڕیاری گەڕانەوەت نەداوە بۆ کوردستان بۆ کردنەوەی ئەکادیمیایەك؟**

- بەڵێ لە بەرنامەمدایە و ئاواتم ئەوەیە لە کوردستان ئەکادیمیایەکی پڕۆفیشناڵ بکەمەوە بۆ بەرەوپێشچوونی یاریزانە کوردەکان کە تا ئێستا لە کوردستان شتێکی وا نەکراوە.

***چەند یانەیەکی ئەوروپا داوای یاریکردنیان لێ کردبووی چۆن بوو لەگەڵیان ڕێك نەکەوتی؟**

-ڕاستە چەندین یانە داوای گرێبەستیان لێم کردووە، بەڵام من دەمەوێ کەسێکی سەربەخۆ بم بۆ ئەوەی هەمیشە بتوانم بۆ کوردستان یاری بکەم.

***هەڵبژاردە جیهانیەکانیش بۆ یاریکردن داوایان لێ نەکردووی؟**

-بەڵێ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا داوای لێکردم، بەڵام چەند مەرجێکی قورسی تێدا بوو وەك ئەوەی من دەبوایە جگە لە ئاڵای ئەڵمانیا هیچ ئاڵایەکی دی بەرز نەکەمەوە، منیش ئەوەم قبووڵ نەکرد.

***زۆر جار لە پاڵەوانیەتیەکان بە ئاڵای کوردستان دەردەکەوێت، هۆکاری ئەوە چییە؟**

-من هەمیشە شانازی بە کوردبوونی خۆم دەکەم و دەمەوێت هەموو جیهان بزانێت کورد خاوەنی یاریزانی بەتوانایە، ئێمەش هیچمان لە وڵاتانی دیکە کەمتر نییە و بگرە باشتریشین.

***بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە ؟**

- لە داهاتوودا پشتیوان بە خوا زۆر لەوە زیاتر دەکەم کە لە ماوەی ڕابردوو کردوومە، خۆم و کۆمەڵە یاریزانێکم بۆ کوردستان یاری دەکەین لە داهاتوو بە ناوی کوردستانیش بەشداریی چەندین پاڵەوانیەتی دەکەین لە ئەوروپا.

***خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

-خەونم ئەوەیە وەکو باشترین ڕاهێنەری جیهان دەرکەوم یاریزانەکانم ببن بە باشترینی جیهان.

***دەتەوێت لە کۆتاییدا باسی چی بکەیت؟**

-زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە هەمیشە پاڵپشتم بوون و بەتایبەت ئەو ڕاهێنەرەی فێری یاریی کیك بۆکسێنگی کردم کە وای لێ کردم باوەڕ بە خۆم بکەم و هەمیشە بەردەوام بم و نەهێڵم ماندووبوونم بەفیڕۆ بچێت، ئەویش مامۆستا ڕزگار حمە ئەمینە، سوپاسی باوکی خۆشەویستم و کاك جەمال زەنگەنە دەکەم کە زۆر هاوکارمن، سوپاس بۆ گۆاری گوڵان کە بەردەوام لە خەمی وەرزشکارانی کوردستانن لە هەموولایەك بەسەریان دەکەنەوە، کارێکی پیرۆز دەکەن بۆ خزمەتکردن بە وەرزش لە کوردستان.



# تیروپشکی قۆناغی ١٦ای خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا راکێشرا



یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا بە فەرمی تیروپشکی قۆناخی ١٦ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای راکێشا و یانەکانی بەرشلۆنە و ریال مەدرید ئەرکیان ئاسانە.
یوێفا لە مەراسیمێکدا، لە بارەگای تایبەتی خۆی لە شاری نیۆنی سویسرا تیروپشکی قۆناخی ١٦ی چامپیۆنزلیگی راکێشا و لیڤەرپوول و بایرن میونیخ رووبەڕووی یەکتر بوونەوە.
ئەنجامی تیروپشکەکە بەمشێوەیە بوو:

شالکە ـ مانچێستەر سیتی
ئەتلەتیکۆ مەدرید ـ یوڤێنتۆس
مانچێستەر یونایتد ـ پاریس سانت جێرمان
تۆتێنهام ـ بروسیا دۆرتمۆند
لیۆن ـ بەرشلۆنە
رۆما ـ پۆرتۆ
ئەیاکس ئەمستردام ـ ریال مەرید
لیڤەرپوول ـ بایرن میونیخ

یارییەکانی چوونی قۆناخی ١٦ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە رۆژانی ١٢ و ١٣ی مانگی شوباتی ٢٠١٩ بەڕێوە بچێت، یارییەکانی گەڕانەوەش لە رۆژانی ٥ و ٦ی مانگی ئاداری ٢٠١٩ ئەنجام دەدرێت.

# تیروپشکی قۆناغی ٣٢ی یۆروپا لیگا راکێشرا


تیروپشکی قۆناخی ٣٢ی یۆرۆپالیگ راکێشرا و یانەی ئینتەر میلان رووبەڕووی راپید ڤیەننا بووەوە، چێلسی لە ئەرکێکی تارادەیەک ئاسان کەوتە بەرامبەر ماڵمۆی سویدی.
یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا لە بارەگای تایبەتی خۆی لە شاری نیۆنی وڵاتی سویسرا، تیروپشکی قۆناخی ٣٢ی یۆرۆپا لیگی راکێشا.
ئەنجامی تیروپشکەکەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:
راپید ڤییەننا (نەمسا) ـ ئینتەر میلان (ئیتاڵیا)
کلوب برووج (بەلژیکا) ـ سالزبۆرگ (نەمسا)
ڤیکتۆریا پلزن (چیك) ـ دینامۆ زەگرەب (کرواتیا)
زیورخ (سویسرا) ـ ناپۆلی (ئیتاڵیا)
کراسنۆدار (رووسیا) ـ بایرن لیڤەرکووزن (ئەڵمانیا)
سلاڤیا براگ (چیك) ـ جینت (بەلژیکا)
ماڵمۆ (سوید) ـ چێلسی (ئینگلتەرە)
شاختار دۆنێتسك (ئۆکرانیا) ـ ئینتراخت فرانکفۆرت (ئەڵمانیا)
سێلتیك (ئوسکتلندا) ـ ڤالێنسیا( ئیسپانیا)
لازیۆ (ئیتاڵیا)ـ ئیشبیلیە (ئیسپانیا)
ئۆلمپیاکۆس (یۆنان) ـ دینامۆ کێیڤ (ئۆکراینا)
رێنس( فەرنسا) ـ ریال بێتیس (ئیسپانیا)
گالاتەسەرای (تورکیا) ـ بێنفیکا (پورتوگال)
باتی بۆریسۆڤ (بیلارووسیا) ـ ئەرسناڵ (ئینگلتەرە)
سپۆرتینگ لیشبۆنا (پورتوگال) ـ ڤیاریال (ئیسپانیا)
فەنەرباخچە (تورکیا) ـ زینت (رووسیا)

## مێسی بۆ پێنجەم جار خەڵاتی پێڵاوی زێڕینی بردەوە

لیۆنێل مێسی بۆ پێنجەم جار خەڵاتی پێڵاوی زێڕینی بردەوە، دوای ئەوەی وەرزی رابردوو بە ٣٤ گۆڵ بووە گۆڵکاری خولی ئیسپانیا و لەسەر ئاستی خولە گەورەکانی ئەوروپا پێشەنگی گۆڵکارانی گرت.
هەفتەی رابردوو لە مەراسیمێکدا، کە رۆژنامەی مارکا سەرپەرشتی کرد، لیۆنێل مێسی خەڵاتی پێڵاوی زێڕینی پێبەخشرا.
لیۆنێل مێسی وەرزی رابردوو دوو گۆڵ زیاتری لە محەمەد سەلاح تۆمار کرد و ٤ گۆڵ لە پێش هاری کین بوو، کریستیانۆ رۆناڵدۆش ٢٥ گۆڵی بە درێسی ریال مەدرید تۆمار کرد و بە ٩ گۆڵ کەوتە دوای مێسی.
لیۆنێل مێسی بە بردنەوەی ئەم خەڵاتە بووە یەکەمین یاریزان، کە ٥ جار ئەم خەڵاتە وەربگرێت و پێش کریستیانۆ رۆناڵدۆ کەوتەوە، کە پێشتر ٤ جار ئەو خەڵاتەی بەدەستهێنا بوو.



# دانا عوسمان گەڕایەوە یانەی هەولێر



دوای ئەوەی لەم وەرزە هێرشبەرە لاوەکەی یانەی هەولێر بەهۆی کێشەی گرێبەستی لەگەڵ یانەی وەرزشیی هەولێر دابڕابوو لە بەرامبەریشدا چەند یانەیەکی شارەکانی کوردستان لە هەوڵی ئەوە بوون ئەم یاریزانە لاوە بگوازنەوە ریزی یانەکانیان بۆ یاریکردن لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام دواجار گرفتی نێوان یانەی هەولێرو دانا عوسمان چارەسەر کراو ئەو یاریزانە گەڕایەوە یانە کۆنەکەی، لە بارەی گەڕانەوەشی بۆ ریزی یانەی هەولێر دانا عوسمان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەرچەندە بۆ ماوەیەکی زۆر من دابڕام لە یانەکەی خۆم کە هەولێر بوو، بەڵام دوای ئەوەی لە یارییەکانی خولی پاڵاوتن بۆ خولی عێراقی توانیمان جارێکی دی لەگەڵ یانەی هەولێر بگەینەوە خولە گەورەکەی عێراقی و دواتریش من لەسەر گرفتم لەسەر گرێبەستم لەگەڵ یانەی هەولێر نەگەیشتمە رێککەوتن، دوای ماوەیەك چاوەڕوانی دواجار بە سوپاسەوە کێشەکانم چارەسەر کران و جارێکی دی گەڕامەوە ریزی یانەی هەولێر لە هەردوو خولی نایابی عێراقی و کوردستانیش یاری بۆ ئەو یانەیە دەکەم و گرێبەستی فەرمیشم لەگەڵ یانەکەم مۆرکردووە، بە هیوای ئەوەشم بتوانم لەگەڵ یانەی هەولێر



# ماهان رەمەزان و کارین کەمال نازناوی پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی شەترەنجی کلاسیکی خانزادیان بردەوە

ماهان رەمەزانی لە پێشکەوتووان و کارین کەمال لە کچان نازناوی دوانزەهەمین پاڵەوانێتی نێودەوڵەتیی شەترەنجی کلاسیکی خانزاد بەدەست دێنن.

ماهان رەمەزان خەڵکی وڵاتی ئێران لە ئاستی پێشکەوتووان و کارین کەمال لە ئاستی کچان توانییان نازناوی دوانزەهەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی کلاسیکی خانزاد بەدەست بهێنن، کە یانەی شەترەنجی خانزاد بە بەشداریی ١٠٧ شەترەنجزان لە شاری هەولێر رێکیخستبوو. دوانزەهەمین پاڵەوانێتی نێودەوڵەتیی شەترەنجی کلاسیکی خانزاد بە گرنگترین و گەورەترین پاڵەوانێتییە کلاسیکییەکانی یانەی خانزاد دەژمێردرێت لە رووی زۆرترین بەشداریی یاریزانان، لەهەمان کاتیش زۆرترین یاریزانەکان هەڵگری بڕوانامەی نیودەوڵەتی و ریتینگی بەرزی فیدا بوون، لەپاڵ ئەمانەش یارییەکان راستەوخۆ لە دوو سایتی بەناوبانگی یەکیتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە دەگوازرانەوە کە یارییەکانی بۆ ماوەی چوار رۆژ بەردەوام بوو، رێوڕەسمی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە کە بە سیستمی سویسری (٩راوند) بوو، بەڕێوەچوو، لە دەستپێکدا سەرۆکی یانەی خانزاد سوپاسی هەموو ئەوانەی کرد کە بە هەرشێوەیەك هاوکار بوون لە سەرکەوتنی پاڵەوانێتییەکە و هەروەها ئەوانەی ماندووبوون لە رۆژانی بەڕێوەچوونی راوندەکان، بەتایبەتیش کاوە خەلیلی کە ناوبژیوان و رێکخەرێکی نێودەوڵەتییە و لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئەو ماوەیە هاوکارێکی گەورەیان بوو، کە بە درێژایی رۆژانی بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتییەکە حزووری هەبووە. گوتیشی: «لێرەوە بە پێویستی دەزانم مژدەی ئەوە رابگەیەنین کە بە فەرمی و بۆ یەکەمین جار وانەی شەترەنج لە پەیمانگای وەرزشی لە هەولێر خوێندرا و ئەمەش سەرەتایەکی گرنگە بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانین لەسەرجەم قوتابخانەکانیشدا ئەم وانەیە بخوێندرێت. دابەشکردنی خەڵاتیش بەسەر براوەکانی دوانزەهەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی کلاسیکی خانزاد بەمشێوەیە بوو:

* **پێشکەوتنی کوڕان:** ماهان رەمەزانی پلەی یەکەم، عیسا محیەدین، پلەی دووەم، زۆزك سەلاح پلەی سێیەم، چیا مودیر پلەی چوارەم، ئەحمەد جەزا پلەی پێنجەم، نوح عەلی پلەی شەشەم.

***کچان:** کارین کەمال پلەی یەکەم، سارا مەسعوود پلەی دووەم، ڤین کەمال پلەی سییەم، لەنیا سەلاح پلەی چوارەم.

***کوڕان خوار ١٦ساڵ:** پۆلا ئازاد پلەی یەکەم، مستەفا کەمال پلەی دووەم.»

ئاست و ئەنجامێکی باشتر پێشکەش بکەم.» گوتیشی: «لە ئێستادا زۆر ئاسوودەم کە جارێکی دی گەڕامەوە ریزی یانەکەم و ئەوەی لە توانام بێت خزمەتی یانەی وەرزشی هەولێر دەکەم لە هەردوو خول و هیوادارم بتوانین ئاستی تیپەکەش زیاتر بەرز بکەینەوە و یانەی هەولێر ببەینە قۆناخێکی تازە و منیش ئەوەی لە توانام بێ بۆ بەرزکردنەوەی ناوی هەولێر ئەنجامی دەدەم.»




# پێشمەرگەی هەولێر ئامانجی گۆڕاوە

تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەم وەرزە لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە، سەرەڕای رۆیشتنی ژمارەیەك یاریزانی سوپەری یانەکە لە وەرزی رابردوو، بەڵام دەستەی راهێنەرانی پێشمەرگەی هەولێر متمانەی تەواویان بە یاریزانە لاوەکانیان هەیە، بۆیە دەیانەوێ درێژە بە ئاست وئەنجامەکانیان بدەن لە خولی نایابی کوردستان، لەم بارەشەوە سەمیر بابۆ راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو دەستەی راهێنەران تا ئێستا لە ئاستی یاریزانەکانمان رازین کە توانیویانە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن لە یارییەکانی رابردوو، ئێستا ئومێدی دیکەشم بەم یاریزانانە هەیە کە زۆربەیان لاون و دەتوانین شتی باشتریش پێشکەش بکەین، چونکە خولی کوردستان جارێك زۆری ماوە ئەو یاریزانانەی ئێمەش لە ئاستێکی زۆر باشن و جێگای ستایشکردنن، وەکو راهێنەر ئومێدی گەورەم بەوانە کە بتوانن یاری بۆ یاری ئاستی باشتر و شتی تازەتر پێشکەش بکەن.» لە بارەی هەبوونی گرفتیش گوتی: «هیچ گرفتێکمان نییە و تەنیا دەمانەوێ بەم ئاستە بەردەوام بین، هەرچەندە گرفتمان لە یاریزانێکی پیشەگەر هەیە کە تووشی پێکانی قورس بووە، بەڵام هەوڵ دەدەین، ئەوەش چارەسەر بکەین، ئێستاش دەمانەوێ لە خانەکانی پێشەوەی ریزبەندیی یانەکان زیاتر پێش بکەین و پارێزگاری لە ئاست و ئەنجاممان بکەین لە هەفتەکانی داهاتوو، هەرچەندە ئاستی یانەکانی تریش باشە و هەموویان لە ژمارەی خاڵیشەوە لێك نزیکن، بەڵام ئومێدی ئێمە ئێستا گۆڕاوە بۆ ئەوەی بتوانین بەم ئاستە باشە بەردەوام بین و ژمارەی خاڵەکانیشمان زیاتر بکەین.

